# لادان لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرموو-چەمچەماڵ کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن


**سەنگەر عەسکەر محەمەد**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، ساڵی (٢٠١٧) لە زانکۆی سلێمانی


بەسەرپەرشتی

**پ. د. فازیل مەجید مەحمود**

تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ زایینی    گەلاڕێزان ٢٧٢٢ کوردی

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (لادان لە دەقە شیعرییەکانی عەبدولقادر سەعید)دا هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوە. جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی کاری توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاو نەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە. بەڵێن دەدەم، کە لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی خوێندکار: سەنگەر عەسکەر محەمەد

بەروار: / /٢٠٢٢

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی **(لادان لە دەقە شیعرییەکانی عەبدولقادر سەعید)**دا، کە لەلایەن **(سەنگەر عەسکەر محەمەد)**ەوە پێشکەش کراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

واژوو

هەڵسەنگێنەری زانستی:

نازناوی زانستی

بەروار:

## پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ئەدەبدا. پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

واژوو:

ناو: پ. د. فازیل مەجید مەحمود

بەروار:   / ١٠ / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ئاماژە بە پشتگیریی سەرپەرشتیاری، ئەم نامەیە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (سەنگەر عەسکەر محەمەد)مان بە ناونیشانی (لادان لە دەقە شیعرییەکانی عەبدولقادر سەعید)دا خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکاردا گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی ئەدەبدا پێ بدرێت.

واژوو:

ناو:سامان عیزەدین سەعدون

ئەندام

بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٢

واژوو:

ناو: میران جەلال محەمەد

ئەندام

بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٢

واژوو:

ناو: پ. د. فازیل مەجید مەحمود

ئەندام و سەرپەرشت

بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٢

واژوو:

ناو: عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد

سەرۆکی لیژنە

بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٢

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو پەسەند کرا.

د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی

ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ

بەروار:    /    /٢٠٢٢

**پێشکەشە بە**

- ڕوحی بەرزە فڕی دایک و باوکم

- باخچەی ماڵەکەم، هاوسەری ژیانم (فرمێسک)

- بە جگەرگۆشەکانم (لۆنا و دارۆ و سەدا)

- شاعیر و ڕۆماننوس کاک (عەبدولقادر سەعید)

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ پ.د. فازیل مەجید ، کە بە سەرچاوە و ڕێنماییەکانی هاوکاری کردم.
- بەڕێز مامۆستای یاریدەدەر ئاشتی حسێن.
- بەڕیز مامۆستا کاروان محەمەد فەتاح.
- بەڕێز مامۆستا زرار سەردارمحەمەد.

**پوختەی نامەکە**

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (لادان لە دەقە شیعرییەکانی عەبدولقادر سەعید)دا هەوڵ دەدات، کە هەموو ئەو لادانانەی شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا ئەنجامی داوە بخاتە ڕوو، بەوپێیەی بوونی لادان جوانی و چێژ بە دەقی شیعری دەبەخشێت، بۆیە شاعیری داهێنەر و لێهاتوو ئەو شاعیرەیە، کە هونەرییانە لادان بنیات بنێت و زیرەکانە خۆی لە بەکارهێنانی سواو و دووبارە بپارێزێت، بۆیە لادانەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بەخشینی ئیستاتیکا بە شیعر، لادان دەبێتە هۆی ئەوەی واتای ڕستەی شیعری بە ئاسانی ئاشکرا نەبیت، ئەو لادانانەش کە لە توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان پێکردوون لە دوو جۆری سەرەکیدا خۆیان دەبیننەوە ئەوانیش لادانی پێکهاتەیی، کە هەریەک لە ئاستەکانی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) دەگرێتەوە، هەروەها لادانی واتایی، کە ئەمیش هەریەک لە (لێکچواندن و خواستن و دژیەک و ڕەمز) دەگرێتەوە.

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆری و دوو بەشەکەی تر پراکتیکین، ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی، کە لە بەشی یەکەمدا: باسی (چەمک و پێناسە و زاراوەی لادان، چەمکی لادان لای نوسەر و ڕەخنەگرانی کورد، پێوەرەکانی لادان، جۆرەکانی لادان) کراوە.

بەشی دووەم: کە پراکتیکییە تەرخانکراوە بۆ لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید)، کە هەریەک لە (لادان لە ئاستی دەنگسازی و ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی) دەگرێتەوە.

بەشی سێیەم: کە پراکتیکییە تەرخانکراوە بۆ لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا و دابەشی سەر دووپار کراوە، پاری یەکەم (لادان لە ئاستی واتاسازیدا، کە هەریەک لە هونەرەکانی لێکچواندن و خواستن و دژیەک) دەگرێتەوە، پاری دووەم (لادانی دەلالی "هێمایی، ڕەمز") دەگرێتەوە.

لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ناونیشان | i |
| بەڵێننامە | ii |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | iii |
| پشتگیری سەرپەرشتیار | iv |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | v |
| پێشکەشە | vi |
| سوپاس و پێزانین | vii |
| پوختەی نامەکە | viii |
| ناوەڕۆک | ix |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ لادان | ٤ – ٣٤ |
| پاری یەکەم: چەمک و زاراوەی لادان لە شیعردا | ٤ |
| چەمک و پێناسەی لادان | ٤ |
| زاراوەی لادان | ١٠ |
| أ. لادان لە ڕووی زمانەوانییەوە | ١٠ |
| ب. لادان وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی | ١١ |
| پاری دووەم: چەمک و زاراوەی لادان لە دیدی نوسەر و ڕەخنەگری کورددا | ١٣ |
| پاری سێیەم: پێوەرەکانی لادان | ١٨ |
| ١. پێوەری زمانی باو (زمانی ئاسایی) | ٢٠ |
| ٢. پێوەری پەخشانی | ٢٢ |
| ٣. پێوەری کۆن و نوێ | ٢٣ |
| ٤. پێوەری خوێنەری شارەزا | ٢٥ |
| ٥. پێوەری ئاسۆیی و ستونی | ٢٦ |
| ٦. پێوەری ئامار (سەرژمێری) | ٢٨ |
| پاری چوارەم: جۆرەکانی لادان | ٣٠ |
| بەشی دووەم:لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدلقادر سەعید)دا | ٣٦ – ٧٤ |
| کورتەیەک لەسەر ژیانی شاعیر | ٣٦ |
| پاری یەکەم: لادان لە ئاستی دەنگسازیدا | ٣٧ |
| یەکەم: ڕیتمی دەرەوە (کێش و سەروا) | ٣٨ |
| ١. کێش | ٣٩ |

| | |
|---|---|
| ٢. سەروا | ٤١ |
| دووەم: ڕیتمی ناوەوە | ٤٤ |
| ١. دووبارەکردنەوە | ٤٥ |
| ٢. سەروای ناوەوە | ٥٢ |
| ٣. کرتاندنی فۆنیم | ٥٣ |
| پاری دووەم: لادان لە ئاستی وشەسازیدا | ٥٦ |
| ١. وشەی فەرامۆشکراو (پەراوێزخراو) | ٥٨ |
| ٢. بەکارهێنانی وشەی بێگانە | ٥٩ |
| پاری سێیەم: لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا | ٦١ |
| یەکەم: کرتاندن | ٦٣ |
| دووەم: پاش و پێش خستن | ٦٨ |
| سێیەم: بەلوتکەکردن | ٧٠ |
| بەشی سێیەم: لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا | ٧٦ – ١١١ |
| پاری یەکەم: لادان لە ئاستی واتاسازیدا (لادانی جێگۆڕکێ) | ٧٦ |
| هونەرەکانی دروستکردنی لادانە واتاییەکان | ٨١ |
| ١. لێکچواندن | ٨١ |
| ٢. خواستن | ٩١ |
| ٣. دژیەکی | ١٠١ |
| پاری دووەم: لادانی دەلالی (هێمایی، ڕەمز) | ١٠٤ |
| ١. ڕەمزی خودی | ١٠٦ |
| ٢. ڕەمزی گشتی | ١٠٧ |
| ٣. ڕەمزی ئایینی | ١٠٨ |
| ٤. ڕەمزی ئەفسانەیی | ١٠٩ |
| ٥. ڕەمزی کەلەپوری | ١١٠ |
| ٦. ڕەمزی مێژوویی | ١١٠ |
| ئەنجامەکان | ١١٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١١٤ |
| ABSTRACT | A |

## پێشەکی

لادان بریتییە لە دەرچوون لە یاساکانی زمان، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعر و وەک یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و شێوازگەری لە زمانی شیعری دەکۆڵێتەوە، بێشک هەر شاعیرە و ڕێچکە و شێوازێکی تایبەت بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی زمانە شیعرییەکەی، بەجۆرێک هەر لادانێک لە یاسا و ڕێساکانی زمان، دەکرێت گریمانەی بەرهەمهاتنی دەقی ئەدەبی لێبکرێت، بۆیە لادان لە هەموو ئاستەکانی زماندا دروستدەبێت، بەو مانایەی شاعیر بەمەبەستی گەیاندنی واتای نوێ و گونجاندنی کێش و سەروا و دوورکەوتنەوە لە یاسا باو و بەکارهاتووەکانی زمان، لادان لە شیعرەکانیدا بەرجەستەدەکات، بۆیە لەم نێوەندەدا لادان بونیادێکی گرنگ لە شیعری شاعیراندا پێکدەهێنێت، لەم سۆنگەیەشەوە دیوانە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید) کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە و نمونەی لێوەرگیراوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

لادان ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە و ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە بونیادنانی شیعرێکی بەرز و هونەری، (عەبدولقادر سەعید)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی زیاتر لە (١٥) دیوانە شیعر و چیرۆکە شیعر و قەسیدەی درێژی هەیە.

### گرنگی بابەتەکە

گرنگی بابەتەکەش لەوەدایە، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر لادان لە شیعرەکانی شاعیردا نەکراوە، کە بابەتێکی سەرەکی و گرنگە و لە زۆربەی شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، کە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بارەی شیعرەکانییەوە نەکراوە.

### کێشەی توێژینەوە

ئایا (عەبدولقادر سەعید) لە شیعرییەکانیدا توانیویەتی بەشێوەیەکی هونەری، لادانەکان و جۆرەکانی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات؟ لە کاتێکدا لادان ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە.

### ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (پەسنی شیکاری) بەکارهێنراوە.

**سنوری توێژینەوەکە**

سنوری توێژینەوەکەمان بریتییە لە ڕاڤەکردنی هەندێک لە شیعرەکانی شاعیر لە ڕوانگەی چەمکی لادانی زمانییەوە، لە هەریەک لە دیوانەکانی (ژنێ لەوپەڕی جوانیدا) (گویگرتن لە بێدەنگی) (نیشتمان پێناکەنێت) (شاعیرێ وێنە دەکێشێ) (بەخۆکوشتنەوە سەرقاڵم).

**ئامانجی توێژینەوەکە**

دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی هەموو ئەو لادانانەی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەرجەستەبوون و دەرخستنی ئەو جوانییانە و سەلماندنی گرنگی و بەهای لادانەکان و ئاشنا کردنی بە خوێنەرانی کورد.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆری و دوو بەشەکەی تر پراکتیکین، ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی، کە لە بەشی یەکەمدا: باسی (چەمک و پێناسە و زاراوەی لادان، چەمکی لادان لای نوسەر و ڕەخنەگرانی کورد، پێوەرەکانی لادان، جۆرەکانی لادان) کراوە.

بەشی دووەم: کە پراکتیکییە تەرخانکراوە بۆ لادانی پێکهاتەیی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید)، کە هەریەک لە (لادان لە ئاستی دەنگسازی و ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی) دەگرێتەوە.

بەشی سێیەم: کە پراکتیکییە تەرخانکراوە بۆ لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا و دابەشی سەر دووپار کراوە، پاری یەکەم (لادان لە ئاستی واتاسازیدا، کە هەریەک لە هونەرەکانی لێکچواندن و خواستن و دژیەک) دەگرێتەوە، پاری دووەم (لادانی دەلالی "هێمایی، ڕەمز") دەگرێتەوە.

لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# دەروازەیەک بۆ لادان

## پاری یەکەم

چەمک و پێناسەی لادان

زاراوەی لادان

## پاری دووەم

لادان لە دید و بۆچوونی نووسەرانی کورددا

## پاری سێیەم

پێوەرەکانی لادان

## پاری چوارەم

جۆرەکانی لادان

# بەشی یەکەم

# دەروازەیەک بۆ لادان

## پاری یەکەم: چەمک و زاراوەی لادان لە شیعردا

### چەمک و پێناسەی لادان

لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤایەتییەوە مەسەلەی لادانیش کەم تا زۆر لەلایەن مرۆڤەوە بۆ گەلێک مەبەست و ئامانجی جۆراو جۆر بەکارهاتوە و لە ڕاستە شەقامی ئاڕاستەی ژیان لایداوە، واتە مرۆڤ هەوڵیداوە وەک داهێنانێک هەندێک جار لە شتە گشتی و باوەکان دوور بکەوێتەوە و شتی نوێ و سەردەمییانە بەپێی بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆی دابهێنێت, بابەتی لادان دیاردەیەکی گشتییە و بە درێژایی مێژوو لەنێو مرۆڤەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، بێشک ئەم لادان و گۆڕانکارییەش تا ژیان مابێت بەردەوام دەبێت.

لادان چەمکێکی فرە ڕەهەندە، بەو واتایەی لە پانتایی و بوارەکانی تری ژیانی وەک (سیاسەت، دەروونناسی، ئایین، کۆمەڵناسی، فیزیا ..... تاد) ئامادەیی هەبووە و لە هەر یەکێک لەو بوارانەدا بە واتاو مەبەستی تایبەت و دیاریکراو بەکارهێنراوە، کاتێک کەسێک لە ئایینی باوباپیری لادەدات، یان لە داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی لادەدات، ئەوا بە لادەر یان دەرچوو لە دین یان سەرپێچیکەر لە کۆمەڵگە پەسن دەکرێت، چونکە کۆمەڵگە ئەمانە پەسەند ناکات، بەڵام لادان لە بواری ئەدەب و شیعردا تەواو پێچەوانەیەو پەسەندە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم جۆرەی لادان بە داهێنان دادەنرێت لە ناو زماندا، بێشک ئەوەی ئێمەش مەبەستمانە لێرەدا باسی لیوە بکەین، ئەو لادانە زمانیانەیە، کە لە نێو شیعردا دەردەکەون.

چەمکی لادان لە بواری ئەدەبدا، ((کە هەڵگری هەندێک سیماو تایبەتمەندییە لەم بوارەدا، کە جیایە لە بوارەکانی تر، چونکە لادان لێرەدا پەیوەندی بە زمان و پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبییەوە هەیە، ئەمەش بە جیاوازی لەگەڵ بوارەکانی تر، کە زیاتر لایەنی هەڵسوکەوت و ڕەفتارو خوو ڕەوشتەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە بە چاو دەبینرێن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام لە بواری ئەدەبدا نوسەر چەمکی لادان لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات و خوێنەریش هەر لەسەر ئەو دەقە بڕیار لەسەر ئەو جۆر و چۆنییەتی لادانەکانی ئەو نوسەرە دەدات، بۆیە دیاریکردنی چەمکەکەی بە گشتی و لە بواری ئەدەبیشدا بەتایبەتی کارێکی تا ڕادەیەک قورس و دژوارە)). (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩). چونکە زمانی ئەدەب بەتایبەتیش شیعر

زمانێکی چڕ و ئاڵۆز و نائاساییە بە بەراورد بە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە، هەر بۆیە لە زمانی شیعردا لادان ئەدگارێکی سەرەکییە لە دەقی شیعریدا.

((شیعر ئەو شتانە دەردەخات کە لە نێو زمانی ئاساییدا شاراونەتەوە، لێرەوە شیعر قودرەتی ناولێنان دەردەخات، شیعر ناولێنانێکی بنەڕەتی بونەوەر و جەوهەری گشت شتەکانە)). (ئەسوەد، ٢٠٠١: ٥٦). واتە زمانی شیعر چەند خاسییەت و تایبەتمەندییەک لە خۆ دەگرێت، کە لە شێوازی دەربڕینی گشتی و ئاسایی ڕۆژانەی مەردم دووردەکەوێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی زمانی ئاسایی خەلکی ئەو زمانە باوەی ڕۆژانەیە، کە هەموو خەڵک قسەی پێدەکەن، ئەم زمانەش ناتوانێ تەواوی دەربڕینەکانی ناخی مرۆڤ و بیرو بۆچوونەکانی لە فۆرمێکی ئیستاتیکی شیعری هونەریانەدا بخاتە ڕوو، بۆیە ئەوە شیعرە، کە کاریگەری لەسەر گوێگر و خوێنەر دروست دەکات.

شاعیر بۆئەوەی شیعرێکی جوان و ناسک و هونەری پێشکەش بکات، ڕەنگە زۆربەی شێوازەکانی زمان بەکاربهێنێ، هەر لە وشەو دەربڕینی سادەوە تا ڕەوانبێژی و وشەکاری و لادانە واتاییە چروپڕەکان، ((بۆیە هەموو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبی و زمانەوانییەکان، زمان دەکەنە بنەما بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقی شیعری و هیچ پێوەرێکی ڕێبازی ڕەخنەییش ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی زمان بکات لە ئەدەب بەگشتی و لە شیعریشدا بەتایبەتی)). (سەعید، ٢٠١٣: ٢٤). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەن، زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاسایی جیا دەکەنەوە، هەر لەم بارەیەوە (پەخشان عەلی) دەڵێ: ((دەربڕینیش لەم زمانەدا چالاکی زیاترە لەو دەربڕینەی کە لە زمانی ئاساییدا هەیە، چونکە جگە لە دەربڕینی واتا بنچینەییەکەی خۆی ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات، هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵکردنیش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات، کە ڕاستەوخۆ لەبەرچاومانە)). (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٧). کەواتە زمانی شیعری تەواو جیاوازە لە زمانی ئاسایی، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئەو لادان و ڕەوانبێژی و دەربڕینی هەست و سۆزەی، کە شاعیر دەریدەبڕێت.

چەمکی لادان چەمکێکی فراوان و گشتگیرە، هەر لە کۆنەوە بە ناراستەخۆ لە ژێر چەند ناوێکی ترەوە قسەی لەبارەوە کراوە بە تایبەتیش لە سەردەمی نوێدا پرەنسیپەکانی چەسپێنراوە، تێگەیشتنە کۆنەکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە (ئەرستۆ)وە، بە تایبەت بیروڕاکانی لە مەیدانی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژیدا، کە جیاوازی دەکات لە نێوان زمانی ئاسایی بەکارهێنراو و زمانی داهێنراودا، پێی وایە ((ئەو زمانەی، کە بە ئاراستەی نامۆ بوون و قوربانی دانی

دەستەواژە ئاشکراکانیدا دەڕوات زمانێکی ئەدەبییە)) (قادر، ٢٠١٤: ١١). ئەم زمانەش ئەو زمانە نییە، کە ڕۆژانە ئاخاوتنی پێدەکرێت، بەڵکوو ئەو زمانە دەگمەنەیە، کە بەرهەمی ئەدەبی و بەتایبەت شیعری پێدەنوسرێت.

ئەرستۆ بڕوای وایە، کە ((باشترین دەستەواژە ئەوەیە ڕوون و ئاشکرا بێت و کۆن نەبێت، دەستەواژە بەکارهاتووەکان لە ناوە بنەڕەتییەکانیاندا ڕاستە ڕوونن، بەڵام کۆنن و کەرەستەی کۆی خەڵکی ئاساین و بەکاربردنیان سەرسوڕمان ناهێنێتە بوون، بەڵام دەستەواژە داهێنراوەکان بە ناوبانگن و بەتاڵن لە قسەی بازاڕای و تێڕامان و وردبونەوە لای گوێگر بەدی دێنن)) (ئەرستۆتڵس، ٢٠٠٥: ١٠٣). ئەم بۆچونەی ئەرستۆ ئەوە نیشاندەدات، کە بە لادان و دوورکەوتنەوە لە زمانی باو و ئەو دەستەواژانەی، کە خەڵکی ئاسایی ڕۆژانە بەکاریدەهێنن زمانێکی ئەدەبی بەرز و هونەری بەرهەم دێت، کە زمانی شیعرییە و ڕادەی داهێنان تیایدا بەرزە.

چەمکی لادان پێش ئەوەی لەگەڵ زانستی نوێی شێوازدا ئاوێتە ببێ، پەیوەندی بە ڕەوانبێژی کۆنەوە هەبووە لەم بوارەدا ((ڕەوانبێژە عەرەبەکان لەژێر ناونیشانی جیاوازدا مامەڵەیان لەگەڵ ئەم چەمکەدا کردووە، وەک پێش و پاشخستن، لابردن، کورتبڕی ....، کە هەموویان لە زمانی نوێدا واتای لادان دەگەیەنن)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٥). بەڵام ((گەشەکردنی زاراوە و چەمکەکەی بە واتا فراوانەکەی بۆ بنچینەیەکی ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوە وەک هەر چەمک و زاراوەیەکی دیکە لە چەشنی سیمبولی و سوریالی و بونیادگەرایی)) (قادر، ٢٠١٤: ١٢). لەم نێوەندەدا و لە لێکۆڵینەوە شێوازگەری و زمانەوانییەکانی ڕۆژئاوادا گرنگییەکی زۆر بەم چەمکە دراوە، وەک ئەدگارێکی گرنگ لە پێکهێنانی ئیستاتیکای گوتاری ئەدەبی سەرنجی لێدراوە.

بەشێک لە لێکۆڵەرانیش شێواز بە چەمکی لادانەوە دەبەستنەوە بۆ نمونە (پۆل ڤالێری ١٨٧١- ١٩٤٥ز) دەڵێت: ((شێواز لە ناوەڕۆکدا لادانە لە باو)) (فضل، ١٩٩٩: ١٧٩)، هەروەها بیر جیرۆ دەڵێت: ((دەتوانین بڵێین شێواز لادانی زمانەوانییە)) (بیر جیرۆ، ١٩٩٤: ٥٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر نوسەرەو شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، لەگەڵ ئەوەی چەمکی لادان لەژێر لێکۆڵینەوە شێوازناسییەکاندا گەشەی کردووە، بەڵام ((سەربەخۆ نەمایەوە بەو مانایەی چەمکەکە، قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی نەبوو، بەڵکوو زۆرێک لە قوتابخانە ڕەخنەییەکانی وەک فۆرمالیستەکانی ڕوس و پراگ و بنیادگەرایی و تەنانەت سوریالییەکانیش لە بنیاتنانی چەمکەکەدا بەشدارییان کرد)) (قادر، ٢٠١٤: ١٣). بەشێوەیەکی

گشتی ئەوانەی، کە چەمکی لادانیان خستۆتە پاڵ شێوازناسی ژمارەیان زۆرە لە نمونەی (ڤالێری، سپیتزەر، مۆکارۆڤسکی .... هتد).

بەڵام ئەو کەسەی، کە ئەم چەمکەی بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا برد و مۆرکێکی زانستی پێبەخشی (جان کۆهین) بوو، کە زۆر جەخت لەسەر خاسییەتی لادان لە شیعردا دەکاتەوە، هەر بۆیە بە دیدی ئەو شیعر بریتییە لە ((جۆرە لادانێکی زمانی)) (کۆهین، ٢٠٠٨: ١٦)، هەروەها لای جان کۆهین ((شیعر لادانە لە پێوەرێ کە یاساکانی زمانە، کە هەموو وێنەیەک، یاسایەک لە یاساکانی زمان یان بنەمایەک لە بنەماکانی پێشێل دەکات)) (کۆهین، ١٩٨٦: ٦). لە نێو دنیای ئەدەبیدا لادان بە بابەتێکی کاریگەر و زیندووی ناو بونیادی دەقی شیعری دادەنرێت و ڕۆڵی لە بە زیندوو هێشتنەوەی دەق و چڕکردنەوەی دەربڕین و بەخشینی ئیحایەکی کاریگەر هەیەو بەشێوەیەک بەرزبونەوەی ڕێژەکەی بەرزبوونەوەی شعرییەت و پێکهاتەکەی دەسەلمێنێ، هەر ئەم کاریگەرییەشە وای کردووە قسە و باسی زۆر لەبارەوە بکرێ و پێناسەی جۆراوجۆر و فرەچەشنی لە گۆشەنیگای جیاجیاوە بۆ بکرێ.

هەر بەهۆی ئەم فرە ڕەنگییەشەوە نەتوانراوە پێناسەیەکی گشتگیر و ئەبستراکت بۆ چەمکی لادان بکرێ، بەجۆریک، کە هەموو پێناسەکان لە پێناسەیەکی یەکگرتوودا کۆبکرێنەوەو بخرێنە ڕوو، بەڵام ئێمەش هەوڵ دەدەین ئاماژە بە دیارترین ئەو پێناسانە بکەین، کە بۆ ئەم چەمکە کراون، وەک وتمان (جان کۆهین) دیدو بۆچونی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر چەمکی لادان دامەزراندووە و پێیوایە ((لادان تاکە خاڵی جیاکەرەوەی نیوان شیعر و پەخشانە و دەڵێت: لادان لە نێو شیعردا تەنیا هەڵەیەکی مەبەستدارە، تا لە ڕێگایەوە بگەنە ڕاستکردنەوەکانی تایبەت بە شیعر، واتا لادانەکانی شیعر بەمەبەست ئەنجام دەدرێن و ڕێگەش بۆ هەڵەکانی تر خۆش دەکات)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧).

"ڕیڤاتێر" لادانی پێناسە کردووە بەوەی، کە ((لەناو بردنی یاسا ڕێزمانییەکانە لەناو دەقێکی شیعریدا لە هەمان باردا و گەڕانەوەیە بۆ هەمان داڕشتن لە هەندێ باری تردا)) (المسدي، ١٩٩٣: ١٠٣). واتە مەبەستەکانی زمانی ئاسایی لەگەڵ زمانی شیعری جیاوازن، چونکە زمانی ئاسایی کار لە خوێنەر ناکات، بۆیە شاعیر ناچار دەبێت ڕێگەیەکی تر بدۆزێتەوە تا بەهۆیەوە داڕشتنێکی جیا و سەرنج ڕاکێش پێشکەش بکات و بکەوێتە ناوەندی سەرنجی وەرگرەوە، بێشک ئەم تەکنیکەش لادان ڕۆڵێکی دیاری تێدا هەیە.

"شەفیعی کەدکەنی" پێی وایە دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان لادانی داهێنەرانەو لادانی سواو بەلای ئەوەوە (لادانی داهێنەرانە ئەو لادانەیە، کە بۆ یەکەم جارە ئەنجام دەدرێت و لە

ئۆتۆماتیکی بوونی زمانی ڕۆژانە دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لادانی سواو ئەو لادانەیە کە لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی لادانێکی داهێنەرانە وردە وردە چووەتە ناو گفتوگۆی خەڵک) هەروەها پێی وایە لادان هاوکاری خوێنەر دەکات لە جیاکردنەوەی زمانی ڕۆژانەو زمانی شیعری بەلای ئەوەوە (شیعر تێکشاندنی نۆرمی زمانی ئاساییە، شاعیر بە شیعرەکەی خۆی لە زماندا کارێک دەکات، خوێنەر لە نێوان زمانی شیعری ئەو و زمانی ڕۆژانەدا جیاوازی دابنێ) (کەدکەنی، ١٣٧٨: ٨٩)، واتە ئەگەر شیعرێک بە زمانێکی سادە و ئاسایی بنوسرێ جیاوازە لەو شیعرەی، کە بە زمانێک بنوسرێ بارگاوی بێت بە چەندین ڕەهەندی قوڵی واتایی، لێرەشدا لادانەکان هەندێ ڕەهەندی واتایی دروست دەکەن، کە وا لە خوێنەر دەکات زیاتر و قوڵتر بە نیو دەقەکدا ڕۆ بچێت بۆ دۆزینەوەی واتاکان.

"کۆرشی سەفەوی" لادان بەوە دەناسێنێ، کە ((بریتییە لە پرۆسەی زەقکردنەوە، کە تیایدا زمان لە ڕووکەشێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوە و قاڵبێکی ناباو)) (سەفەوی، ١٣٧٢: ٣٣)، بێگومان زمانی ئەدەبی هەمیشە خۆی جیادەکاتەوە لە زمانی ئاسایی، چونکە زمانی ئاسایی کەمتر هەست و سۆز و تەکنیکە ورد و ڕەهەندە چڕوپڕو جوانکارییەکانی لە نێوخۆدا هەڵگرتووە، لە بەرامبەردا زمانی ئەدەبی، کە بە لادان نەخشێنرابێ هەموو ئەمانەی لە خۆدا کۆکردووەتەوە و شیعرییەتێکی بەهێز و جوان دێنێتە ئاراوە.

"د.منذر عياشي" کردەی لادانی لە بەزاندنی یاسا ڕیزمانی و واتاییەکان چڕکردۆتەوە و دەڵێت: ((بە مانایەکی ورد سەرپێچیکردنی دەقە لە یاسایەک لە یاساکانی ڕێزمان چ یاسای تاک یان یاسای کۆ... تاد، بە واتایەکی فراوانتر لە دەرچونی ئاخیوەر لە ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک بە دیار دەکەوێت و جیاواز دەبێت لە ڕێکخستنی وشەکان لە رستەدا، یان لە لۆژیکی پێکهاتنی واتادا)) (عیاشی، ٢٠٠٩: ٩٥)، واتە لادان بە گشتی لە زمانی ئەدەبی و هونەردا هەیە بە تایبەتیش پەیوەستە بە یاسا ڕێزمانی و واتاییەکانی نێو دەق.

لەم پێناسانە ڕۆڵ و گرنگی لادانمان بۆ دەردەکەوێ، لادان ڕەهەندی ئیستاتیکی دەبەخشێتە شیعر، زۆرجار لادان جوانی و هێز دەدات بە شیعر، چونکە زمانی شاعیر جیاوازە لە زمانی ئاسایی خەڵک و شاعیر دەبێت بە زمانێک پەیاموەرگر بدوێنێ، کە سەرنجڕاکێش و جیاوازبێ، وەک جان کۆهین دەڵێت: ((هیچ شیعرێک نییە لادانی تیا نەبێت)) (جان کۆهین، ١٩٨٦: ١٩٢)، کەواتە شیعر بۆخۆی ((لادانێکی بەردەوامی یاسا و پێوەرەکانە و ترازانە لە یاساکانی زمان، کە پێی دەوترێت لادانی زمانی)) (کۆهین، ١٩٨٦: ٤٢)، بەم پێیەش لادانی زمانی لە شیعردا ڕەگەزی سەرەکی جیاکەرەوەی نێوان زمانی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک و زمانی شیعرییە، هەروەها لادان

((بەو تایبەتمەندییە جیادەکرێتەوە کە لە زمانی ئاسایی و یاسایی دەردەچێت و نەگۆڕی زمان و سیستەمی چەسپیو دەشکێنێت، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی دەسەڵاتی زمان و توانستی تەواوی زمان بە ئەنجام دەگات)) (مەحمود، ٢٠١٢: ١٢٢).

لە نامەی دکتۆراکەیدا "خانزاد عەلی" بەم جۆرە بۆچونی خۆی لەسەر لادان دەربڕیوە و دەڵێت: ((لادان ڕەنگێکە لە ڕەنگەکانی گوتەی شیعری و دیاردەیەکی سەرەکی زمانی شیعرە، جیایە لە گوتەی ئاسایی)) (قادر، ٢٠٠٤: ٩٤)، واتە لە ڕوانگەی ئەم تایبەتمەندیانەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە لادان بەزاندنی یاسا و پێوەرەکانی ڕێزمان و یاسای واتاسازییە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نوێ و واتای نوێی نێوان وشەکان و تێپەڕاندنی شێوازی زمانی ئاسایی و دروستکردنی زمانێکی شیعرییە، کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت.

وەک لە زۆربەی پێناسەکانەوە دیارە، کە مەبەست لە لادان شکاندن و بەزاندنی یاسا و ڕێساکانی زمانە و دوورکەوتنەوەیە لە زمانی ئاسایی و شتە باو و ئاشناکان، بەڵام ئەم تێکشاندنە ئەوە ناگەیەنێ، کە هیچ سنورێک بۆ ئەم لادانە نەبێت، (("لیچ" لەکاتی باسکردنی لادان و ڕێسازیادکرندا سنورێک بۆ ئەم دووانە دادەنێ، بە بڕوای ئەو لادان تەنها کاتێک دەتوانێ تا ئەو سنورە بچێتە پێشەوە، کە پەیوەندی دروستکردن تێک نەچێ و بەرجەستەکردن شیاوی دەربڕین بێت)) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٢٨)، هەروەکو جان کۆهین دەڵێت: ((لادان شیعرییەت ناگەیەنێ، هەتا یاسایەکی نەبێت وای لێبکات، کە جیاوازبێت لەشتی ناماقوڵ)) (کۆهین، ١٩٨٦: ٦)، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە هەموو سنوور بەزاندن و ڕێسا شکاندنێک لادانێکی لۆژیکی دروست ناکات، بەڵکوو دەبێت لادانەکە بە ئاگایی و هۆشیارییەوە بنیات بنرێ و دووربێت لە هەڵەی زمانی و دەربڕینی ناماقوڵ.

((هێڵێکی زۆر باریک "هەڵەی زمانی" لە داهێنان جیا دەکاتەوە، هەردووکیان بریتین لە "لادان"لە یاسا و بەزاندنیان، یەکێکیان بەدەست شاعیرەکە خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتیدایە بۆ مەبەستێک هێناونی(داهێنان)، ئەوی تریان لە ڕووی نەزانین و گوێ نەدان و هەڵەشەییەوە پەیدا دەبێت، داهێنان دیاردەیەکی "ئیجابی" پڕ مەبەستە، بەڵام هەڵە دیاردەیەکی "سلبییە" و لەسەر شاعیرەکە دەکەوێ و جیاکردنەوەیان پەیوەندی بە جۆری بەکارهێنان و کەڵک لێوەرگرتنەوە"أستثمار" هەیە)) (فەتاح، ٢٠٠٧: ٤).

ئەمانەو چەندین پێناسەی تر بۆ چەمکی لادان کراون، بەڵام لە کۆی هەموویاندا ئەگەینە ئەو بڕوایەی، کە لادان دەرچوون و دوورکەوتنەوەیە لە زمانی باوی ڕۆژانەی خەڵک و تێکشاندنی یاسا و دەستورەکانی زمان، وە دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم زمانە بە شێوەیەکی هونەری و

ئیستاتیکی، تا نوسەران و شاعیران لەم ڕێگەیەوە ئەو بیر و هەست و ئەندێشانەی، کە هەیانە بە شێوەیەکی ئەدەبیتر و سەرنجڕاکێشتر دەربببڕن.

**زاراوەی لادان**

**أ- لادان لە ڕووی زمانەوە**

لادان لە فەرهەنگی چەند زمانێکدا بە چەندین واتا لێکدراوەتەوە، هەڵبەت ئێمە ئەو واتایانە باس دەکەین، کە پەیوەندی بە لایەنی ئەدەبەوە هەیە، چونکە لێکدانەوەی تریشی بۆ کراوە بە پیی بوارە جیاجیاکان، سەرەتا بەپێی فەرهەنگە کوردییەکان لادان بەم واتایانە دین:

١- لادان: ((خستنە کەنارەوە، لەڕێ لایدا، انحراف)) (موکریانی، ١٣٨١: ٧٥٠).

٢- لادان: ((لابردن)) (شێخانی، ٢٠٠٩: ٤٨٠).

٣- لادان: ((ترازان)) (میراودەلی، ٢٠٠٧: ٥٠).

ئەم واتایانەی لە فەرهەنگە کوردییەکاندا سەبارەت بە لادان بەدییان دەکەین هەموویان لەدەوری یەک مانا دەسوڕێنەوە، کە لادان دەرچوونە لە یاسا بنەڕەتییەکە بە دوورکەوتنەوە، یان لابردن، یان پاش و پێشخستن ڕوودەدەن.

لە زمانی عەرەبیشدا وشەی لادان زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهێنراوە و بەم جۆرە واتاکەی لێکدراوەتەوە:

((١- نزخ: بە واتای دوورکەوتنەوە و دیارنەمان هاتووە لە جێگاو شوێنی سەرەکی خۆی.

٢- نزخ: کە بنچینەی وشەی (الأنزیاح)ە واتای دوورکەوتنەوەی کەسێک دەگەیەنێت، کە شوێن، وڵاتی ڕەسەنی خۆی بەجێبێڵیت، دیارنەمان.

٣- الشذوذ: بەواتای لادان لە ڕێ، ناوازە نائاسایی دێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١١).

هەروەها لادان لە زمانی ئینگلیزیشدا بەم واتایانە هاتووە:

١- (deviate): بەمانای ((ڕووداوێکی نوێ، پەرەسەندن، لادەدات، گۆڕینی هەڵسوکەوت)) هاتووە (ناوخۆش، ٢٠٠٩: ١٣٠).

٢- (deviation): بە واتای ((لادانی ڕوناکی، لادانی ڕەوشتی، لادان لە ئایدۆلۆژیایەکی جێگیر هاتووە)) (البعلبکی، ١٩٧٠: ٢٦٧).

٣- (aberrant): ((لادەر، ناوازە، شتێکی ناوازە لە شتێکی باو)) (البعلبکی، ١٩٧٠: ١٨).

کەواتە وەک لە سەرەوە باسمان کرد بناغەی وشەی لادان لە ڕووی زمانییەوە زۆربەی وشەکان هەڵگری یەک واتا و مەبەستن، کە ئەویش لادانە لە شتە ئاسایی و باوەکان و داهێنانی شتی جیاواز و نوێ، دەرچوون و دوورکەوتنەوە لە شتە باوەکان.

## ب- لادان وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی

زاراوەی لادان لە ئاستی ئەدەبی و ڕەخنەیی دا جۆراوجۆری زۆری پێوە دیارە، بەشێوەیەک هەر ڕەخنەگر و نوسەرە یان کۆمەڵە نوسەرێک ناوێکیان بۆ داناوە، تەنانەت ئەم فرە ناوییە لای نوسەرە ڕۆژئاوایی و عەرەب و کوردەکانیش دەبینرێت.

مێژووی زاراوەکە بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینەکانی (ئەرستۆ ٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز) بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ناوی لادان بهێنێت کاتێک باسی زمانی شیعر دەکات و پەسنی ئەو زمانە دەکات، کە خۆی جیا دەکاتەوە لە قسەی باوی ڕۆژانەو دەڵێت: ((زمان کاتێک بەرز و شکۆمەند دەبێت کە زاراوەی نائاسایی بەکارهێنا و دەستی لە وشەی ئاسایی و ڕاهاتوو هەڵگرت)) (ئەرستۆتڵس، ٢٠٠٥: ١٠٤). کەواتە لەئەنجامی ئەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەوەی، کە ئەرستۆ یەکەم کەس بووە لە ژێر چەمکی زمانی شیعریدا لێی دواوە.

دوای ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بەپێی قۆناغە مێژووییەکان بۆ ئەم چەمکە بەکارهێنران، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ((زاراوەی (الانحراف – نارێکی) و (العدول – لەرێ لادان) یەکێکن لە کۆنترین زاراوە بەکارهاتووەکان، لە ڕەخنە و ڕەوانبێژی کۆنی عەرەبیدا، (ابن جنی، ابن سیناء – ٤٢٨ هـ) و (ابن الاثیر – ٦٣٧ هـ) و (السبکی -٧٧٧ هـ) ئەم زاراوانەیان بەکارهێناون)) (قادر، ٢٠١٤: ١٤).

وەک لەمەوبەر باسمان کرد یەکەم کەس، کە باسی لادانی کردووە بەو مانایەی ئێستا هەیە (جان کۆهین)ە، لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (بنیاتی زمانی شیعری) بەرامبەر بەم چەمکە زاراوەی (الانزیاح) ی بەکارهێناوە و هەندێ جاری تریش بە (الانتهاک) باسی کردووە.

"د. عەبدولسەلام ئەلمەسدی" چەندین زاراوەی دیاریکردووە، کە بەرانبەر زاراوەی لادان دانراوە و ناوی خاوەنەکەشی لەگەڵیدا دیاریکردووە، هەندێکیان ئەمانەن: ((<u>ڤالێری</u>) بە (الانزیاح – التجاوز= لادان – سنوربەزاندن)، (<u>سپیتزەر</u>) بە (الانحراف= وێڵبوون)، (<u>باتیار</u>) بە (الاتاحە = ڕووخاندن)، (<u>تێری</u>) بە (المخالفە = سەرپێچی)، (بارت) بە (الشناعە = ناشیرینکردن)، (<u>جان</u>

کۆهین) به (الانزیاح = لادان)، (تۆدۆرۆف) به (خرق السنن = شکاندنی یاساو نەریت)، (ئاراگۆن) به (العصیان = لاساریکردن)، (کۆمەڵی مو) به (التحریف = هەڵگێڕانەوە) ناویان بردوون)) (المسدی، ١٩٩٣: ١٠٠-١٠١).

جگە لەمانەی باسمان کرد هەندێ لە ڕەخنەگرانی تر ((بۆ ئەم لایەنەی بەرجەستە کردن زاراوەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە بۆ نمونە: لیچ (لادانdeviation)، یاکۆبسن (نائومێدی چاوەڕوانکردن- خیبة لانتظار)، ڕینیە وێلک (تێکدان)، کۆرش سەفەوی (ڕێسا کەمکردنەوە) ناوی دەبەن)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٤٤).

هەر ئەم جوراوجۆری و جیاوازبینییەی ڕۆژئاواییەکانە بۆ زاراوەی لادان، کە جێپەنجەی بەسەر ڕەخنەگرە هاوچەرخەکانی عەرەبەوە جێهێشتووە و هەر ڕەخنەگرێکیش لەکاتی وەرگێڕانی زاراوەکەدا بە ڕوونی لەژێر کاریگەری یەکێک لەواندایە و زۆربەی وەرگێڕ و ڕەخنەگرەکان زیاتر لە زاراوەکیان بەکارهێناوە، ((زۆر جار نوسەرێک لە باسەکانیدا بۆ یەک گوزارشت چەند ناولێنراوێک یان زاراوەیەک بەکاردەهێنێ، ئەم فرە زاراوەییەی باسی دەکەین لای (کمال ابوديب) دەردەکەوێت، کە لە کتێبێکدا بەرانبەر (لادان) زاراوەی (الانحراف)ی داناوە، کەچی لە کتێبێکی دیکەیدا زاراوەی (الانزیاح) ی بەکارهێناوە)) (سەعید، ٢٠١٣: ٣٤)، هەروەها ((صلاح فضل لە کتێبی (علم الاسلوب) دا، زاراوەی (الانزیاح)ی بەکاربردووە، جگە لەوەی لە نوسینەکانی تریدا زاراوەی (الکسر، الانحراف)ی بەکارهێناوە، بەڵام (الانحراف)ی بەشێوەیەکی بەربڵاوتر بەکارهێناوە)) (قادر، ٢٠١٤: ١٦).

لە نێو نوسەر و ڕەخنەگرە عەرەبەکاندا زاراوەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە بەکارهێنراوە، بەڵام لە ناو هەموو ئەو زاراوانەدا (الانحراف، الخروج، الفوارق، العدول، الانزیاح) ئەم پێنجە لەباوترین زاراوەکانن، کە بۆ ئەم چەمکە بەکارهێنراون، لەناو ئەم پێنجەشدا (الانزیاح) لە هەموویان کاریگەر تر و بەربڵاوترینیانە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە عەرەبییە نوێیەکاندا، چونکە ((وەرگێڕانێکی تەواوی (ecart) لە فەرەنسیدا و زاراوەی (deviation) لە ئینگلیزیدایە)) (سەعید، ٢٠١٣: ٣٤).

ئەوەی ئەمێنێتەوە چەمک و پێناسە و زاراوەی لادان لای نوسەر و ڕەخنەگرانی کورد، هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی ورد و زانستی لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا بیخەینە ڕوو.

## پاری دووەم: چەمک و زاراوەی لادان لە دیدی نوسەران و ڕەخنەگرانی کورددا

ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبی گەلانی دنیا هەر لەکۆنەوە خاوەنی خەرمانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، لە هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا و بەتایبەتی شیعر، ئەم بەرهەمە ئەدەبییانەش بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەر زمان و شێوازی نوسین و ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا هاتووە، لەبارەی لادانیشەوە لە دەقە ئەدەبییە کوردییەکاندا زیاتر تیشک دەخەینە سەر شیعر، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە لە ژانرەکانی تردا لادان نییە، بەڵکوو لەبەرئەوەیە لە شیعردا ڕۆڵی کاراو بەهێز و دیارترە و سنوری کارەکەی ئێمەش تەنها دەقە شیعرییەکانە.

لادان لە زمان و ئەدەبی کوردیدا چەندین زاراوەی بەرانبەر بەکارهێنراوە، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ وەرگێڕانە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە و هەندێکی تریشیان دروستکراوە، ئەم فرە جۆرییە بۆ چەمکی لادان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر نوسەرەو بە تێگەیشتنی خۆی لە مانای زاراوەکە یان کاریگەربونی بە نوسەرێکی ئەوروپی یان عەرەبی بووە، کە هەموویان کۆک نین لەسەر یەک زاراوە، دیارترین ئەو زاراوانەی بۆ ئەم چەمکە بەکارهێنراوە ئەمانەن: فەرهاد پیربال زاراوەی((گۆڕان))( پیربال، ٢٠٠٥: ٩٤). نەوزاد ئەحمەد زاراوەی ((سەرکێشیکردن))ی بەکاربردووە (ئەسوەد، ٢٠٠١: ٦٩). محەمەد بەکر ((ترازان، تێکدان، گۆڕان))ی بەکارهێناوە (بەکر، ٢٠٠٤: ٤٤). ((ئەکرەم قەرەداغی (خزان) و نەجات حەمید زاراوەی (تێپەڕاندن)ی بەکاربردووە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤٠). هەروەها د.ئازاد عەبدلواحێد بەرانبەر ئەم چەمکە زاراوەی ((وەرگەڕان))ی بەکارهێناوە((کەریم، ٢٠٠٧: ٨٣). وە ((زەقکردنەوە)) (یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٢١).

زاراوەی (لادان)یش، کە بە بڕوای ئێمە پڕاوپڕی چەمکەکەیە هاوشێوەی (الانزیاح)ی عەرەبی زۆرترین بەکارهێنەری هەبووە و لە زۆربەی توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا بەکارهێنراوە بۆ نمونە لای ((محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٤١٠)) و ((جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨: ١٩٨)) و ((ڕێبوار مەلا زادە، ٢٠١٩: ٤٤)) و ((عەبدلخالق یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٣٠)) و ((عەبدولقادر حەمەئەمین، ٢٠٠٨: ١٥٩)) و ((حەمەنوری عومەر کاکی، ٢٠١٢: ١٧٧)) و ((ئیدریس عەبدوڵا، ٢٠١١: ٦٣)) و ((ئاڤان عەلی میرزا، ٢٠١٢: ١٩٣)) و ((پەخشان سابیر، ٢٠١٠: ١٩٨)). هەروەها هەریەکە لە (سافیە محەمەد و ناز ئەحمەد و دلێر کانەبی)کە هەر ناونیشانی لێکۆڵینەوەکانیان بەناوی لادانە، ئەمانەو چەندین نوسەر و توێژەری تر ئاماژەیان بە زاراوەکە کردووە، کە کارێکی قورسە ناوی هەموویان بهێنرێ، کەواتە لای زۆربەی نوسەران و لێکۆڵەرانی کورد زاراوەی لادان بەکارهێنراوە.

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ پێناسەی لادان لای نوسەرە کوردەکان بکەین، پێویستە ئاماژەیەکی کورت و خێرا بە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بکەین، کە هەموو نوێکردنەوەیەک خۆی لەخۆیدا لادانە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە شیعری نوێی کوردی شێوازە دووبارە تەقلیدییەکەی ڕەتکردەوە و زمان و بیر و وێنەی شیعری، بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا کرا لەتەک ئەمەشدا بزوتنەوە فیکرییەکانی سەردەم ڕەوتێکی تازەیان بەخشییە شیعر و زمانی شیعری، بەتایبەتیش بەردەوامبونی قوتابخانەی گۆران و دواتریش هەنگاوێکی گرنگی تری شیعری نوێی کوردی لەسەر دەستی (دیلان و کامەران و کاکەی فەلاح و ع ح ب)وچەندانی تریش، تا دروستبونی گروپەکانی (کفری و ڕوانگە) لە ساڵی (١٩٧٠)، کە ئەدەبی کوردی تێکەڵ بە بابەتە فیکری و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژئاوا و عەرەبییەکان کرد و گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر هەموو ژانرەکانی ئەدەبی کوردیدا هێنا و بەتایبەتیش شیعر.

((ئەو لادانەی (الانزياح) کە سود بە کرداری پێوانەی (المعياری) دەگەیەنێ، ئەوەیە کە لە پێناو کاریگەری شوێنکات و جوانی و مەودای دەلالی و دروستکردنی توانای نوێ و گەڕانە بە دوای پەیوەندییەکانی مانا و شێوازە شیعرییەکانی ئەدەب بۆ زەمەنی ئێستا یان ئامادە، ئەمە کێشەیەکی نمونەییە لەگەڵ کۆن و نوێدا و جیاوازی دەخاتە نێوان کۆن و نوێ- ئاسایی و نائاسایی- بەڵام ئەمجۆرە لادانە جیاوازە لەگەڵ ئەو لادانەی کە پەیوەستە بە فۆرمی ڕەوانبێژی وەک خوازە، خواستن....هتد)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٦٠)، بێشک ئەو زەمەنە شیعرییەی (نالی، سالم، کوردی) لە سەدەی نۆزدە، سەردەمی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی کلاسیک، کە ((دیارترین بنیاتی هونەری ئەو بزوتنەوە شیعرییە (غەزەل و قەسیدە) بوون وەک دوو قاڵبی شیعری کە خۆیان لەڕووی بنیات و کێش و قافییە و زمانی شیعری و وێنەی شیعرییانەوە هاوتای هونەری شیعری فارسی بوون و جیابوون لە شیعری فۆلکلۆری و میللی تەنانەت لە شیعرەکانی مەولەویش))(محەمەد، ٢٠٠١، ٥٩).

شیعرەکانی نالی و هاوڕێکانی لە ڕوی هونەریەوە لە ئاستی شیعری میللەتانی دراوسێدا بوون، ئەو ڕەوتە شیعرییەی کرمانجی خواروو (کلاسیک) دەسبەرداربوون و لادان بوو لە بنیاتی کێشی خۆماڵی و زمانی باوی خەڵک، ئەوەی نالی کردی لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی شیعر ((جۆرە لادانێکی پێوانەی بووە بەپێی زەمەن و شوێن، مەودایەکی دەلالی تریان داوە بە شیعر و زمانی شیعری)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٦١)، کە ئەمە بۆ ئەو سەردەمە جۆرێک بووە لە لادان، تەنانەت قبوڵنەکردنی شێوازەکەی (مەولەوی) و بردنی زمانی شیعری بەرەو پایەیەکی بەرزتر و دانانی بنەما و قاڵبی شیعری، کە هاوتابێ لەگەڵ شیعری گەلانی ناوچەکە.

ئەم جۆرە لادانەی سەردەمی کلاسیک لە سەدەی نۆزدەدا بە زۆربەی سیما و تایبەتمەندییەکانییەوە بەردەوامبوو تا هاتنی شاعیرە نوێخوازەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی (شێخ نوری شێخ سالح و پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب و گۆران و دیلان)، ئەم شاعیرانە بەگشتی کاریگەری (مەولەوی)یان لەسەر بووە، بەڵام ((زیاتریش شێخ نوری شێخ سالح و گۆران و پیرەمێرد ڕابەری ڕاستەقینەی بزوتنەوەکە بوون (دیلان)یش دەوڵەمەندکەری بزوتنەوەکە بووە)) (محەمەد، ٢٠٠١، ٥٥)، هەر "دکتۆر دلشاد" لەو لێکۆڵینەوەیەدا دڵنیایی دەداتە خوێنەران لەوەی، کە گۆران ڕابەری بزوتنەوە نوێیەکەی شیعری کوردییە لە سەدەی بیستەمداو دەڵێت: ((بە ڕوونی ئەو هەنگاوە نوێیەی گۆران و خۆ جیاکردنەوە لە شاعیرانی بیستەکان بەدیدەکرێ، کە بێگومان لەسەرەتای سییەکاندا بووە و لە ڕووی هەستێکی نەتەواتییەوە بەرەو ڕەسەنایەتی چوون بووە، دیارە باش ئەوەی زانیوە کە بە خۆداماڵین لە کاریگەری ئەدەبی بێگانە نەبێ ئەو ڕەسەنایەتییە پێک نایەت، جا تا ئەو ڕەسەنایەتییەش نەبووە بنەمای بەرهەمی شیعری شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا، بزوتنەوە نوێکەی شیعری کوردی سەری هەڵنەدا)) (محەمەد، ٢٠٠١، ٦٣).

شاعیرانی سەدەی بیستەم بەتایبەتیش گۆران ڕەنگی ئەو ڕەوتە نوێیەی شیعری ڕشت و کەوتە شوین کێشی بڕگەیی خۆماڵی شیعری کوردی و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی بە وشەو وێنەی ڕەسەن نوێکردەوە، گۆران بەسەر بنەماو شێواز و پێوانە شیعرییەکەی (نالی)دا تێپەڕی و لە شوێن ئەو پێوانەیەکی نوێی شێواز و گوتاری شیعری و ئەرکی شیعری داهێنا، هەروەها ((ئەوەی گرنگە گۆران و شاعیرانی دوای خۆی پەنایان بردە بەر ئەو لادانە پێوانەییە و (جیاکاری) خستە نێوان قۆناغەکانی ئەو سەردەمەی ئەدەب و بەردەوامبوون و گۆڕانکاریشی بەپێی زەمەن و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، لە پەنجاکاندا (کامەران) هەڵگری سیمای نوێگەری بووە، هەرچەندە بەشێک لە شیعرەکانی لەژێر کاریگەری پێوانەی (المعیار) گۆراندا بووە و ناوبانگیشی بە چوارینەکانەوە دەرکرد، کە زیاتر وروژاندنی مەسەلەی نەتەوایەتی بوو، شێوەی نوسین و ئوسلوبی تایبەتی خۆی کە شیعری پێ دەنوسی، زۆر لە هی ئەوانیتر نوێتر بووە، بیرە نەتەوایەتییەکەشی پێشکەوتووخواز بووە، خۆی بە هەموو مەسەلە نەتەوایەتییەکانەوە دەبەست، دواتریش دیلان و کاکەی فەلاح و ...تاد، دەنگێکی تری شیعری نوێگەری لە پێوانە شیعرییەکەی گۆران)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٦٢-١٦٣).

دواتر و لە سەرەتای ساڵی حەفتاوە کۆمەڵێ نوسەر و شاعیری کورد، کەڕاستەخۆ لەژێر کاریگەری کتێب و گۆڤارە ئەدەبییە عەرەبییەکاندا بوون و ئاگایان لەو بەرەو پێشچوون و تازەگەرییانەی دنیای ئەدەبی هەبوو، کەوتنە هەوڵی نوێکردنەوە و لادان لەو ڕێبازەی، کە

گۆران و شاعیرانی دوای گۆرانیش پەیڕەویان دەکرد، لەوانەش گرووپی (کفری)، کە دیارترین نوسەرەکانی (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و لەتیف حامد و... هتد) بوون، هەروەها گرووپی (ڕوانگە)، کە پێکهاتبوون لە چەند نوسەرێکی گەنجی کورد (شێرکۆ بێکەس و کاکە مەم بۆتانی و حسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم و جەمال شاربازێڕی) لەمانگی چواری ساڵی (١٩٧٠)بەیاننامەی ڕوانگەیان بڵاوکردەوە، کە ((وەرچەرخانێکی گەورەبوو چ لەسەر ئاستی زمان و ئەدەب و چ لەسەر ئاستی ڕامیاری شان بەشانی بزوتنەوە نوێگەرەکانی عەرەب، درکیان بەوە کردبوو، کە بە پێوەری تازەتر مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و سیاسەتدا بکەن، کە زیاتریش مەبەستەکانیان کێشەی کۆمەڵ و هەستی نەتەوایەتی و بابەتە فیکرییەکان و دواتریش لە سۆنگەی ئەرکی زمان و ئەدەبەوە پەیامەکانیان بە مەبەستیەتی جیاواز دەخستە ڕوو)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٦٣)، واتە ئەم هەنگاوانە وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەر بوو هاتە ناو بزوتنەوەی نوێی شیعری کوردییەوە، پێوانەکان دووبارە هەڵوەشانەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا هات بەڕوونی جیاوازی و جیاکاری لە مەبەستییەتی دەقەکاندا دەبینرا، ئەم لادانەش لادانی فیکری و کۆمەڵایەتی بوو، کە شاعیران تێپەڕین بەسەر پێوانەی فیکر و ژیان و شیعردا و یاساو بنەماکانیان ڕەتکردەوە.

سەبارەت بە پێناسەی لادانیش نوسەر و لێکۆلەری کورد (عەزیز گەردی) یەکەم کەس بووە، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باسی لادانی کردووە، لە بەرگی سێیەمی کتێبی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا -واتاناسی) لە بابەتی شیکردنەوەی ڕستە باسی لە دوو جۆری لادان کردووە، کە بە ((لابردن وپاش و پێشکردن)) ناویبردووە (گەردی، ١٩٧٩: ٥٣-٥٦).

لای نوسەرە کوردەکانیش هەرچەندە ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر ئەم چەمکە، بەڵام سەرئەنجام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە لادان شێوازێکی تایبەتە و ئەدگارێکی ئەدەبی داهێنەرانەیە و دوورکەوتنەوەیە لە شتی باو و سوواو، ((لادان بریتییە لە پێشێلکردنی نۆرم و یاسا باوەکانی زمانی ئۆتۆماتیک یان بە واتایەکی تر شاعیر بە کەمکردنی هەندێ ڕێسا، کە لە زمانی ئۆتۆماتیکدا بەکاردێن شیعرەکەی خۆی دروست دەکات)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٤٤). واتە ئەو زمانە ئۆتۆماتیکییە باوەی، کە ڕۆژانە خەڵکی بەکاری دەهێنێ، ئەگەر شاعیریش بە هەمان زمان بنوسێت، ئەوا هیچ کاریگەری و سەرنجڕاکێشانێکی تیانابێ، بۆیە شاعیر بەمەبەست ئەو ڕێسا زمانیانە کەمدەکاتەوە و لە زمانی باو دوور دەکەوێتەوە، لادان ((ئەو ڕێگایانەن نوسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ دەربڕینی ئەو بیرو هەست و سۆزانەی، خۆیان دەیانەوێت بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا نییە، ئەمەش بە کۆمەڵێک ڕێگا

و شکاندنی یاسا و دەستورکانی زمان لە گشت ئاستە جۆراوجۆرەکان دەکریت.)) ( ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٩).

ئەم چەمکە چەمکێکی فرە ڕەهەندە و هەریەک بە شێوەیەک ناوی بردووە ((بابەتێکی بەرفراوانەو بەکارهێنانی زۆری هەیە، جۆرە لادانێکە لە زمان و شێوازی پێوانەکان، دەرچوونە لە حاڵەتی مەنتقی و واقعی و شکاندنی یاسای ئاساییە، کە لە کۆنیشدا لەژێر پەردەی ڕەوانبێژیدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٦٠). هەر لەم نێوەندەدا "د. عەبدولقادر" ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگی لادان دەکات بۆ دەقی ئەدەبی بە گشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی و بە (وەرچەرخان و لادان) ناوی دێنێ و دەڵێ: ((پێوەندی (بزربون) پێوەندی واتا و هێمایە لە نێوان دال و مەدلولدا، وە پێوەندی (ئامادەبون)یش پێوەندی وێنەو پێکهاتەیە، کە ئەبنە هۆکارێک بۆ دیاردەی وەرچەرخان و لادان لە پێوەری زماندا، کە زمان لە دۆخی ئاساییەوە دەگۆڕێتە سەر زمانی شیعری لە بنیاتەکەدا و سیمایەکی گەورە ئەبەخشێتە دەق و تەوەرێکی گرنگی شیکردنەوەی دەلالی زمانی شیعریشە)) (محەمەد، ٢٠٠٢: ٢٦).

لادان هۆکارێکە بۆ بونیادنانی بەهاو ئیستاتیکای شیعری، بۆیە ((لادان پەیوەندی بە شارەزایی و داهێنەری شاعیرەوە هەیە، لادانی لە بەکارهێنانی باو و سواو، لادانی لە مانا فەرهەنگییەکان، قوڵبوونەوەی بەناو زماندا و دۆزینەوەی مانا شاراوەکان، داڕشتنەوەی بە شێوازێکی نوێ)) (سەعید، ٢٠١٣: ٣٠)، واتە شاعیر پێویستە شارەزاییەکی زۆر باشی لە زماندا هەبێت و وشە و دەستەواژەی بەکارهاتوو لە شیعردا تەنها بۆ مانا فەرمەنگییەکەی زمان نەبێت، بەڵکوو ئەرکی دەلالی و مانای نوێ بگرێتە خۆی.

((لادان بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمانە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی شیعر و بارگاویکردنی بەچەندین ڕەهەندی قووڵی واتایی، کە بوار بە پەیامەرگران دەدات خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بکەن و ببنە بەشێک لە دەق و لە گۆشە نیگای خۆیانەوە ڕازو نهێنی و جوانییەکانی دەقەکە ئاشکرا بکەن)) (مستەفا، ٢٠٢١: ١٢٢)، واتە زمانی شیعر دەبێت جیاوازبێت لە زمانی ئاسایی و خاوەنی ڕەهەندێکی قوڵی واتایی بێت، ئەمەش کاتێک لادانەکان کۆمەڵێک کەلێنی واتایی دروست دەکەن، کە وا لە خوێنەر بکات لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و تێگەیشتن لە دەقەکە چەندین جار دەقەکە بخوێنێتەوە و بە تەواوی تێکەڵی دەقەکە ببێت.

لادانی زمانی ڕەگەزی سەرەکی جیاکەرەوەی نێوان زمانی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک و زمانی شیعرییە، چونکە ((ڕێزمان یاساکانی زمان ڕێکدەخات و زانستی شێوازیش (لادان) تواناکانی

زمانی و یاساکانی دەستە بەر دەکات و بەکاریان دەهێنێت بە مەبەستی دروستکردنی دەقێکی هونەری دەوڵەمەند بە شێوازی جوان و بەرز و سەرنجڕاکێش)) (حەمەد، ٢٠١٨: ١٦٥-١٦٦).

**پاری سێیەم: پێوەرەکانی لادان**

ئەگەر بمانەوێ چەمکی لادان ڕێچکەیەکی دروست بگرێ و وەکو بیردۆزێکی نوێی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ و بنەما تیۆرییەکانی بچەسپێنرێ، پێویستی بە چوارچێوە و سنور بۆ کێشان هەیە، تا جیای بکاتەوە لە شێوە و قاڵبی یەکە ئەدەبییە جۆراو جۆرەکان، میکانیز م و کەرەستەی ئەو جیاکارییەش دانانی پێوەرێکە تا پلە و ئاستی لادانی شیعرەکانی پێ بپێورێت، بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی مەسەلەیەک دەبینەوە، کە تەواو گرفتاوییە و ناتوانین پێوەرێکی نەگۆڕ و چەسپاو بۆ ئەم چەمکە دیاری بکەین، چونکە خودی لادان چەمکێکی ئاڵۆز و گۆڕاوە و لە کۆمەڵێک ڕوانگە و قوتابخانەی جیاوە شرۆڤە و پێناسەی بۆ کراوە، هەڵبەت پێوەرەکانیش لەسەر بنەمای ئەو تیۆر و بۆچونانە دادەمەزرێت، کە بۆ چەمکی لادان کراون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبووە، لەوەی توێژەرانی بواری شێوازگەری نەیان توانیوە کۆکبن لەسەر دیاری کردنی تاکە پێوەرێک.

بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە لادان خۆی دەرچونە لە یاسا و پێوەر ئەی چۆن دەمانەوێت پێوەر و پێوانە بۆ خودی لادان دابنێین؟ ئەمە پرسیارێکی تەواو لۆژیکیە، ڕاستە شیعر لە یاسا و پێوەرەکان لادەدات، بەڵام دەبێت ئاگامان لە ئەوەش بێت، کە هەموو لادان و دەرچونێک لە یاسای زمان و داب و نەریت و شتە باوەکان بە لادانی هونەری یان بڵێین لادانی لۆژیکی دانانرێت، جاری وا هەیە لادانەکە دەبێتە هۆی شێواندن و تێنەگەیشتن کە ئەمەش مەبەستی نووسەر نیە، جا بۆ ئەوەی ((دەربڕینەکان لە بێئاگای و لەخۆوە سەرچاوە نەگرن و نوسەر بەهۆی تەکنیک و فێڵی زمانی ڕێسایەکی جیا لە ڕێسا باوەکە، بۆ خۆی بدۆزێتەوە، یان پەیوەندیەک لەنێوان دەربڕینەکان پەیدا بکات، تا لەوێوە ڕاڤەی شیاویان بۆ بکات، بەم شێوەیە دەربڕینێکی بارگاوی بوو بە لادان لە دەربڕینێکی نەشیاوی هەڕەمەکی و کوێرانەی شێتێک، یان مناڵێک، کە هیچ پەیوەندیەکی دروستکراو سەرتاپای دەقی نەگرتبێتەوە، جیاوازی هەیە)) (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ١٣٨).

وەک ئاشکرایە شاعیر بۆ خوێنەر دەنووسێت، کەواتە دەربڕاوەکانی شاعیر پەیامێکە بۆ خوێنەر، جا ئەوکاتەی، کە بەشێوەیەکی وا دابڕێژرێت پەیوەندی نێوانیان نەمێنێت، واتە خوێنەر نەتوانێ هیچ ڕاڤە و لێکدانەوەیەک بۆ لادان بکات، ئەوکات ئەمە بە لادانێکی دروست دانانرێت.

هەربۆیە ئەمە لای "لیچ" بابەتێکی گرنگە و پێی وایە ((لادان دەبێت تا ئەو ئاستە ڕێگەی پێ بدرێ کە پەیوەندی نێوان بنێر و وەرگر نەپچڕێنێ، بە واتایەکی دیکە لادان دەبێت بەشێوەیەک

و تا ئەو ڕادەیە بێ، کە زەقکردنەوە دەرەتان و ئیمکانی ڕاڤەکردنی هەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەم باسە، با لەم نمونانەی خوارەوە ورد بینەوە:

بۆنت خۆشیەکی سیحراوی دەڕژێنێتە ناو لەش

بۆنت چاوێکی سیحراوی دەڕژێنێتە ناو لەشم

لێرە هەرچەندە ڕستەی دووەم خاوەنی ئەرکی ئەدەبیی زمانە، بەڵام چونکە لادانە واژەییەکەی بە شێوەیەکی بەکاربراوە کە ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە زەقکردنەوەیە ئەستەمە و تەنانەت نامومکین دەکا، دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان بنێر و وەرگر)) (یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٢٨).

بەم پێیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە بۆ ئەوەی ئەو لادانە ((بەلادانێکی شعری دابنرێت، پێویستە یاسایەکی تێدا بێت جیای بکاتەوە لە لادانی ناماقوڵ، ئەمەش بەوەی لادانی شیعری لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و دەتوانرێت ئەو جیاوازیانەی لە نێوان ڕەگەزەکانی زماندا دروست دەبن نەهێڵرێت، بەڵام لادانی ناماقوڵ لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت و ناتوانرێت جیاوازییەکە لاببرێت، واتە هەردوو جۆرە لادانەکە لە ڕووی (نێگەتیڤ)ەوە لەیەک دەچن، بەڵام لە ڕووی توانای ئەو نێگەتیڤەوە جیاوازن)). (حسێن، ٢٠٠٨: ٢٥٨). هەربۆیە ((ئەو پرسیارە هەر زوو وروژێنراوە کە سنور و مەودای ئەو لادان و شکاندنەی زمان لە دەقی شعریدا دەبێ تا چ ڕادەیەک بێ؟ دیارە وەلامێکی گونجاو پەسەندکراو بەلای ئێمەوە ئەوەیەکە: بەهای دانە زمانییەکانی تیا ون بکرێت ئەو چێژەی لێ دابماڵرێ کە هیچ نەبێ دەیبەخشێ بە شیعر دۆستێکی نموونەیی نەک هەر گوێگر یان خوێنەرێکی ئاسایی)) (میرزا، ٢٠٠٨: ١٤٠)

ئەگەر ئەو نمونەیەی پێشوو لادانی نالۆژیکیمان نیشانبدات، ئەوا لەم نمونەیەدا لادانی لۆژیکی دەخەینەڕوو، کە لادانێکی ڕێزمانییە

((هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون

ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ

دەبینین لێرەدا نالی شوێنی جێناوی (م) گۆڕیوە، کە خستویەتیە پاڵ جێناوی (تۆ)، کە خۆی دەبوو بەم شێوەیە بوایە: (هەتا تۆ ئاشنام بوی، ئاشنام بوون)، هەرچەندە ڕیزکردنەکەی شاعیر لە لایەکەوە ناڕێزمانییە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەگونجێت و شیعرەکەی نەشێواندووە و بگرە جوانییکی زۆریشی داوەتێ)) (سەعید، ٢٠١٣: ٨٩).

کەواتە پێویستە لادان پێوەر و بنەمای هەبێت، بەڵام دیسان ڕووبەڕووی پرسیارێکی دیکە دەبینەوە ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەو پێوەرە چییە؟ کە دەبێتە پێوانە بۆ دیاریکردنی لادان؟ ئایا ئەو

پێوەرە جێگیر و چەسپاو و نەگۆڕە؟ لە هەموو کاتوسات و ڕۆژگار و سەردەمێکدا وەکو یەکە؟ یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە و گۆڕانی بەسەرداد‌یت، چونکە زۆرجار هەندێ لادان ئەوەندە دەیبیستین و دووبارە دەبنەوە و ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین لامان دیار و ئاسایی دەبێت، بۆ نمونە لەو شیعرانەی لێکچواندنەکانیان زۆر دووبارە بووەتەوە، وەک (برژانگ بە تیر) یان (چنار بۆ بەرزی و ڕێکی بەژن و بالاً) یان (مانگ بۆ جوانی ڕوخساری ئافرەت) ئەوەندە بەکارهێنراون و دووبارە بوونەتەوە، لای هەندێک کەس چێژیان نەماوەو سواون، کە شەفیعی کەدکەنی پێیوایە ((لادانی سواو جۆرە لادانێکە، کە بەهۆی زۆر بەکاربردنی، کۆن و لە باوکەوتووە و وردەوردە لە زمانی باویشدا کەڵکی لێوەردەگرن)) (یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٤٠). ئەمەش تەنها بەهۆی زۆر بیستن و زۆر بەکارهێنانەوەیە لەلایەن خەڵکەوە، کە بێگومان ئەم دەستەواژانە بۆ سەردەمی خۆی نوێ بوونە و سەرنجی خوێنەریان ڕاکێشاوە و لادانێکی داهێنەرانە بوونە.

((ئەگەر بمانەوێت یاسایەکی جێگیر، یان پێوەرێکی چەسپاو بۆ پێوانە و دیاریکردنی لادان دەست نیشان بکەین، ئەمە کارێکی گرانە، چونکە وەکو (مورو) دەڵێت: چەمکێکی ناجێگیر و ئاڵۆزە، بە بەردەوامی دەگۆڕێت و ناتوانرێت بە یەک پێوەری دیاریکراو بپێورێت)) ( سەعید، ٢٠١٣: ٩١-٩٢). بەو پێیەی سروشتی لادان خۆی ئاڵۆزە، بۆیە ناتوانرێت یەک پێوەری چەسپاو ونەگۆڕی بۆ دابنرێت، تەنانەت لە ناو شارەزایانی ڕەوانبێژی و قوتابخانە زمانەوانییەکان و شێوازگەریەکانیش، هەریەکەیان پێوەرێکی جیاوازیان بۆ پێوانەکردنی لادان داناوە.

کەواتە بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە پێوەرەکانی لادان، لە سەرچاوە ڕەخنەیی و ئەدەبیەکانیشدا ئاماژە بە زۆرێک لەو پێوەرانە کراوە لە چەشنی پێوەری (خوێنەری شارەزا، زەمینە، گوتاری ئاسایی، پەخشانی زانستی، کون و نوێی، سەرژمێری، پەیوەندی ئاسۆیی و ستونی، زمانی باو ...... تاد)، کە هەریەکەیان بەهاو تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئامانجیان بە کۆنکرێتکردنی پێوەری لادانە، ئێمەش لەو سونگەیەوە هەندێک لەو پێوەرانەی، کە گرنگن دەخەینە ڕوو.

### ١- پێوەری زمانی باو (زمانی ئاسایی)

"تۆدۆرۆف" بڕوای وایە زمانی ئاسایی بکرێتە پێوەر بۆ لادان، چونکە بە بەراورد کردن و دەرخستنی جیاوازی نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی هەست بەو لادانانە دەکەین، کە (گوتەی زمانەوانی ئاسایی، گوتارێکی ڕوونە (شفافە) دەتوانیین بە ئاسانی ماناکەی ببینین، وەکو بلورێک وایە هیچ بەربەستێک لەبەر بینیندا دروست ناکات، کەواتە ڕاستەوخۆ و بەڕوونی شتەکان دەبینین، بەڵام گوتاری ئەدەبی چڕە، ڕوون نیە، دەتوەستێنێت و ناهێڵێت یەکسەر ڕاستەوخۆ و بەئاسانی پێیدا تێپەڕ بکەیت، بەربەستێکی بلورییە و بە وێنەو نەخش و ڕەنگی

جۆراوجۆر نەخشێنراوە، کە تیشکی بینین ڕاستەخۆ ناتوانێت بیانبینێت) (المسدی، ١٩٩٣: ١١٦). لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە مەبەست لە گوتاری ئەدەبی ئەوەیە، کە لە شێوازی گوتاری ئاسایی لادەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی جوانکاری لە گوتارەکەدا و ڕاستەوخۆ لە ماناکەی تێناگەیت.

"د. سافیە" بڕوای وایە، کە ((زمانی ئاسایی پێوەری یەکەم و سەرەکی دیاریکردنی لادانە، چونکە دەقی ئەدەبی بەتایبەتیش شیعر بە لادان لە یاساکانی زمان بەرهەم دێت و لە سێ قۆناغ دەرباز دەبێت و بەم شێوەیە لە زمانی ڕۆژانە جیادەبێتەوە

١- وشەکان بە تەواوی لە زمانی پێوەر وەرنەگیراون زۆرجار وشە دادەهێنێ

٢- لە شیعر بەتایبەتی و لە جۆرەکانی تردا، شێوازی جۆراوجۆری زمان دەتوانری لەگەڵ یەکتردا بێن وەکو (زمانی فەرمی، زمانی دیالێکت، شاری، لادێی......)

٣- زمانی شیعری خاوەن وشەسازی و ڕستەسازی و یاسای ڕێزمانی تایبەتی خۆیەتی، بەمەرجێک زمانی دەق و زمانی بە پێوەر دانراو لەیەک قۆناغدا بن)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٢-٢٣).

زۆرێک لە شارەزایانی تریش زمانی ئاسایی دەکەنە پێوەر بۆ دیاریکردنی لادان، بەڵام ((گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە سنووری نێوان زمانی ئاسایی و زمانی شیعریی یان بڵێین سنووری لادانەکە دیاری نەکراوە، بۆ نموونە: "جان کۆهین" زمانی ئاسایی، یان بەکارهێنانی ئاسایی زمانی کردووە بە پێوەرێک کە دەبێت لێی لابدەن، کەواتە زمانی ئاسایی زمانێکی نموونەی (مثالی) نییە، بەڵکو کارەکە بە پێچەوانەوەیە، لەبەر ئەوەی لەسەر هەڵوەشانەوەی ئەو (زمانی باڵا) کە "مالارمێ" ناوی لێناوە دروست دەبێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ٩٨)، جیاوازی نێوان زمانی شیعریی و زمانی ڕۆژانە ڕێ لەوە ناگرێت کە بڵێین لە زمانی ڕۆژانەشدا لادان هەیە، هەرچەندە ئەم لادانانە لە زمانی ڕۆژانەدا پەیوەست نیە بە مەبەستێکەوە، کە لادان لە مەبەستی شیعریدا بە مەبەستی کاریگەری جوانی و هونەرییە، هەر ئەمەش دەتوانێت جیاوازی نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانی شیعری دەربخات.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دیاریکردنی زمانی باو وەک پێوەرێک بۆ لادان بەبێ ڕەخنە لێگرتن دەربازی نەبوو، دیارترین ئەو هەڵوێستە ڕەخنەیانەش لەوەدا خۆی دەبینێت، کە دیاریکردنی شێوەی ئاسایی لە دەربڕیندا سەخت و زەحمەتە، ئەگەر چی ((ئەم شێوە ئاساییە تەنیا بەکارهێنان دیاری دەکات، چەمکی بەکارهێنانیش خۆی ڕێژەییە و یارمەتی توێژەر نادات لە دیاریکردنی پێوەرێکی ڕاست و بابەتیانە، بەڵکو دەبێتە زمانی شیعری بە نموونەیەکی تیۆری بەردەست بەراورد بکرێ)) (قادر، ٢٠١٤: ٢٢).

بەو پێیەی زمان بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردندایە دەبێت زمانی ئاسایی هاوتای قۆناغ و سەردەمی تێکستەکە، وەک پێوەر بەکاربهێنرێت لە دیاریکردنی لادانەکانی هەر دەقێکی شیعریدا،

وەک هۆراس دەڵێت: ((وشەکانی زمان وەک گەڵای درەخت وان چۆن لە بەهاردا چرۆ دەکەن لە پایزیشدا دەوەرێن، بەو چەشنە وشە لەدایک دەبێت، پاشان گەشە دەکات و لەدوایدا گیان دەسپێرێت و دەچێتە ناو زمانێکی مردووی پەراوێز خراوەوە)) (هۆراس، ١٩٨٠: ١٨) واتە گونجاو نیە لادانە کۆنەکان بە زمانی ئاسایی ئێستامان و لادانە نوێکانیش بە زمانی ئاسایی کۆن بپێوین و بیکەینە پێوەرێک بۆ لادان، چونکە هەموو سەردەمێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە سەردەمێکی دیکە.

## ٢- پێوەری پەخشانی

بەشێک لە ڕەخنەگر و توێژەران پەخشانیان وەک پێوەرێک داناوە بۆ دیاریکردنی ئەو لادانانەی، کە لە دەقێکی شیعریدا دەبینرێن، بەهۆی ئەو جیاوازییە بەرچاوانەی، کە لەنێوان ئەم دوو ژانرەی ئەدەبدا بەدی دەکرێن، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، کام جۆرەی پەخشان بکرێتە پێوەر و بنەما بۆ چەمکی لادان؟ ئایا پەخشانی زانستی یان پەخشانی هونەری؟ بۆ وەڵامی پرسیارێکی وەها"ڕۆلان بارت"(١٩١٥- ١٩٨٠ز) وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت: ((پێویستە ڕوو بکەینە ئەو نوسەرانەی، کە زۆر کەمتر گرنگیان بە لایەنەکانی جوانی داوەو بگرە ئێستاتیکا بەلایانەوە لە پەراوێزدایە و زمانی دارشتنی دەقەکانیان ڕووەو ڕاستیەکی زانایی پێی هەڵگرتووە)) (وەیس، ٢٠٠٥: ١٣٥) بێشک ئەم جۆرەش پەخشانی زانستی یە، نەک پەخشانی هونەری، چونکە جۆرەکانی پەخشانی هونەری لە شێوەی (ڕۆمانی و چیرۆکی و ڕۆژنامەوانی....،) ڕەنگە خاڵی نەبن لە هەندێ لادانی زمانی هاوشێوەی شیعر.

(("جان کۆهین" یش جیاوازی زمانی شیعری و زمانی پەخشان دەکاتە پێوەر بۆ لادان، کە دەڵێت: بەوەی کە پەخشان ئاستە باوەکەی زمانەوانییە، ئێمە دەتوانین بە ئاستە ئاساییەکەی دابنێین و شیعر بە تێپەڕاندن دابنێین کە پلەکەی بەو پێوەرە بپێورێت، بەڵام وەکو د.(موسی سامح) دەڵێت: ئەم بۆچونە زۆر ورد و تەواو نییە، چونکە لەوانەیە لادان لە ڕەگەزە ئەدەبیەکانی دیکەیشدا دەربکەوێت، لادان تایبەت نییە بە زمانی شیعرەوە، دیاردەکانی لادان هەر لە خواستن و خوازە...هتد. لە کاری ڕۆمان و چیرۆکیشدا دەردەکەێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ٩٥).

هەروەها (("بۆدلێر" (١٨٢٦- ١٨٦٧ز) یش، یەکێکی تر بووە، ناڕوونی کردووە بە مەرج بەسەر هەموو دەقێکی شیعرییەوە، بەڵام ئەمە بۆ پەخشانی زانستی بەپێچەوانەوە دەبێت و دەڵێت: شیعری ساختە ئەو شیعرەیە، کەوا زیادەڕۆی لە دەربڕینی مانادا دەکات، دەستەواژەکانیش بە شێوەیەکی داپۆشراو ناخاتە ڕوو، بەمەش لە شیعر دەشۆرێت و دەگۆرێت بۆ پەخشان)) (قادر، ٢٠١٤: ٢٤). واتە لای هەندێک لە ڕەخنە گران و نووسەران بە پێوەرکردنی

پەخشانی زانستی لەو سۆنگەوەیە، کە پێچەوانەی شیعرە لە دەربڕینی واتای دەستەواژەکان و دوورکەوتنەوەیەتی بە شێوەیەکی تەواوەتی، تا دەگاتە پلەی سفر و هیچ تەم و مژییەک لە گوتە و دەربڕینەکانیدا نامێنێت، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە "ڕۆلان بارت" مەبەستی ((لە پلەی سفری نووسین ئەو گوتارانەیە کە وشەکانیان دەلالەتی مانای فەرهەنگی خۆیان دەگەیەنن، بەواتایەکی دیکە وشەکان بەو مانایەنە دێن کە لە بنچینەدا بۆ خۆیان دانراوە و پێویستی بە تێرامان لێ وردبوونەوە نییە)). (سەعید، ٢٠١٣: ٩٥).

### ٣- پێوەری کۆن و نوێ

لەمێژە لە نێوان کۆن و نوێدا ململانێ و ئاڵنگاری بوونی هەیە و لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دەبینرێت، کە بەهۆی گۆڕانی سیاسی و مێژووی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە دێتە کایەوە، ئەم گۆڕانکاریانەش وایکردووە کە ئەدەبی هەر گەلێک بەپێی قۆناغ و باروودۆخەکەی جیاوازبێ لە ئەدەبی گەلانی تر، لە ناو خودی هەر ئەدەبێکیشدا ڕێچکە و ڕێبازی جیا جیا و تازە سەر هەڵبدەن و نوێگەری بەسەر ئەوانی پێشویاندا بکەن، وەک ئەوەی ڕۆمانتیکییەکان بەسەر کلاسیکییەکاندا کردیان، یان ئەو نوێگەرییەی، کە "بۆدلێر"(١٨٢٦-١٨٦٧ز) هێنایە کایەوە و پێی وابوو ((ژیانی نوێ پێویستی بە لەوەرگای سوور و درەختی شین هەیە، " ڕامبۆ"یش شیعری لە چوارچێوە کۆنەکەی دەرهێناو فڕێی دایە باوەشی یاخیبوونەوە و شیعری کردە وەرشەیەکی گەڕۆک، تا بەڕووی جیهاندا کراوە بێ و لەپێی گەردوون بخوێنێتەوە و لەوێوە شیعر ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ناڕوونی و شاراوەیی هەڵبگرێت))، (قادر، ٢٠١٤: ٣٣).کەواتە نوێبوونەوە و نوێخوازی هەوڵدانە بۆ شکاندنی یاساو چوارچێوە کۆنەکان بە پشت بەستن بە دیدێکی هونەری نوێ، کەواتە هیچ قۆناغ و سەردەمێک ناتوانێت سنورداری بکات.

هەروەها "یاکۆبسن" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چەمکی شیعری جێگیر نییە و لەگەڵ سەردەمدا دەگۆڕێت، چونکە ڕەنگدانەوەی واقعی ئەو سەردەمەیە، کە تێیدا دەنوسرێت هەر قۆناغ و سەردەمێکیش لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ....دا جیاوازە لەگەڵ پێش، یان پاش خۆی، بۆیە شاعر و نووسەرانیش هەوڵدەدەن لەو شتە باوانە لابدەن، بە پێی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم تەکنیک و هونەرێکی نوێتر و بەشێوازێکی سەردەمیانە بنووسن بۆ نموونە: (دانتی) (١٢٦٥-١٣٢١ز) کاتێک دەستی دایە نووسین بە شێوازی خۆی کە شێوازی (تۆسکانی) بوو، ئەوە لادانێکی نوێ بوو لە زمانی نووسینی ئەو سەردەمە، بەڵام بۆ ئێستا نوێ نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی یەکەی ئەو کات، چونکە هەموو جۆرێکی ئەدەب لە باروودۆخێکی مێژووی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات، سروشت و پێکهاتەی خۆی لە زانیاری کردەی و تەکنیکیەکان ئەو

بارو دۆخە وەردەگرێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤). بەم پێیە زۆرجار هەموو کۆنەکان دەبنە پێوەر بۆ لادانی نوێ، ئەمەش لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای پێکهات و زمانە کۆنەکە لادانە تازەکان دەستنیشان دەکرێن.

یەکێکی تر لەو نوسەرانەی، کە لەم بارەیەوە قسەی کردووە و هەوڵیداوە کۆن و نوێی بکاتە پێوەرێک بۆ لادان "سپیتزەر" ە (١٨٧٧- ١٩٦٠ز)، کە هەوڵیدا ناکۆکی نێوان زمانی شیعری لە کۆن و نوێدا زیاتر دەربخات، تا لەو ڕێگەیەوە پێمان بڵێت ئەمە پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی لادان بە جۆرێک، کە زمانی زۆربەی شیعرە نوێیەکان لادانە لە کۆن و زۆرینەی کۆنەکانیش بە دیدی نوێ بە لادان هەژماردەکرێت، ئەمەش تا ڕادەیەک گونجاوی تێدایە، چونکە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان لە لادانی شیعردا ئاڵوگۆڕکردنی گوتە و دەستەواژەی باوە، بە گوتە و دەربڕینی نوێ.

بوونی کۆنی و نوێی بە پێوەری لادان تەنها لە چوارچێوەی زمانی شعریدا نەمایەوە، بەڵکو گۆڕانکاری کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بیرو وێنەی شعری و سەرجەم قاڵبەکانی شیعریشی گرتەوە، ((بۆ نمونە گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢ز) و هاوڕێکانی کاتێک دەستیان دایە نوێکردنەوەی شیعری کوردی یەکێک لەو سیمایانەی بە شیعری نوێیان بەخشی لادان بوو لە کێشی عەرووزی و بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی ئەمەش بە سوود وەرگرتن بوو لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، کە سەرلەنوێ زیندویان کردەوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤)، هەروەها "کامەران موکر"یش ((لە ڕێگەی هەڵبەستی (کچە شوان)ەوە، لە سەروای یەکگرتوو لایداوە و سەروایەکی ڕەنگاو ڕەنگی پیادەکردووە)).(محەمەد، ١٩٩٨: ١٥٨).

شاعیرانی کلاسیکی کوردی لادانیان لە چوارچێوەی ڕەوانبێژیدا بەکارهێناوە، کە پەیوەست بوونە بەو یاسا و ڕیسایانەی لە شیعری کلاسیکدا هەبوون، بەڵام شاعیری نوێ ئازاد و سەربەستە لە چۆنێتی بەکارهینانی لادانەکان، بۆ نمونە ((ئەگەر لە شیعری کلاسیکدا باڵای یار بە عەرعەر و چنار چوێندرابێ، ئەوا لە شیعری نوێدا جۆری لێکچواندنەکە گۆڕاوە، وشەی (نێرگز) لە شیعری کلاسیکدا بۆ (چاو) خوازراوە و بەکارهێنراوە، بەڵام لە شیعیری نوێدا هێمایە بۆ بەهار و نەورۆز و سەرکەوتن، کەواتە جۆری (لێکچواندن و خواستن و مۆسیقا و کیش و ...) نوێکراوەتەوە و لایانداوە لەو شێوەیەی لە کۆندا هەبووە و لە ڕووی جۆری بەکارهێنانەوە جیاوازن)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٧).

کەواتە ئەکرێ بڵێین، لە نێوان دەقە کۆنەکان و دەقە نوێیەکاندا جیاوازییەکی ڕوون وئاشکرا بەدی دەکرێت، هەر ئەم جیاوازییانەش لادانەکان دروست دەکەن وکۆنەکان بە چاوی ئێستا لادانە لە دەقی نوێ دەقە نوێیەکانیش لە دیدی رابردوودا سنوور بەزاندن و تێکشکاندنە، کەواتە دروستە کۆن بکرێتە پێوەری نوێ و بە پێچەوانەشەوە.

### ٤- پێوەری خوێنەری شارەزا

وەک ئاشکرایە نوسەر بۆ خوێنەر دەنوسێت، پێش ئەوەی باسی خوێنەر بکەین وەک پێوەرێک بۆ لادان، دەبێت بزانین دەقی ئەدەبی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی (نووسەر- دەق- خوێنەر) بینا کراوە، هەرسێکیان پێکەوە تەواوکاری یەکترن و بە نەبوونی هەر کامێکیشیان هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت، خوێنەر ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە لە پرۆسەکانی ڕەخنە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی دەقی ئەدەبی، لە تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەکانیشدا زیاتر بایەخی پێدراوە بە تایبەتی لە تیۆری وەرگرتندا، بۆیە خوێنەر پێوەرێکی گرنگ و سەرەکی دیاریکردن و لێک جیاکردنەوەی لادانەکانە، لەم نێوەندەدا ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە، ئایا هەموو خوێنەرێک دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێ؟ بێشک وەڵامەکە نەخێرە، چونکە لادان دیاردەیەکی نائاسایی و چەمکێکی ئاڵۆزە، بۆیە پێویستە خوێنەرەکەشی خاوەن ئەزمون و پاشخانێکی زانیاری بێت لەو بوارەدا.

چونکە ((خوێنەری دەق لەژێر ڕۆشنایی شارەزاییە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و گەیاندنییەکەی دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان گوتاری ئەدەبی و گوتاری نائەدەبی)) (عوض، ١٩٩٤: ١٤٦)، لەبەرئەوەی لادان بەرهەمی زمانە و شاعیر و نوسەریش لە سەردەمێکی دیاریکراودا ئەو تێکستەی نوسیوە لادانی تێداکردووە، بۆیە پێویستە خوێنەر ئەو قۆناغ و سەردەم و ژانرە جیا بکاتەوە، کە دەیەوێت لادانەکانی تێدا دیاری بکات، ئەو خوێنەرەی بەم کارە هەڵدەستێ و ئەنجامی دەدات پێی دەوترێت خوێنەری شارەزا یان لێزان، (("مالارمێ" (١٨٤٢-١٨٩٨ز) پێداگری لەسەر ناڕوونی و لێڵی کردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شیعر پانکەیەک نیە بۆ تەمبەڵان و خەوتوان، بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر خۆی ماندوو بکات و ڕەنج بدات، لە تویژینەوە و گەڕان، تا دەگات بە لێک هەڵوەشانەوەی ڕەمزەکان و ناڕوونی لە هۆنراوەکەدا، لەبەر ئەوە شیعر هەمیشە مەتەڵ هەڵدەگرێت ئەمەش ئامانجی ئەدەبە))، (قادر، ٢٠١٤: ٢٦).

بەڵام ((ئەگەر خوێنەر زیرەک و شارەزا نەبێ ناتوانێت ئەو کارە لە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئەدەبییەتی دەقێکی دیاریکراو ناتوانین جیاکەینەوە تەنیا لە چوارچێوەی باکگراوند و پێشینەیەکی ئەدەبی گشتی نەبێت، لادانیش هۆکارێکی سەرەکی بەخشین و زیادکردنی پلەی ئەدەبیبوونە ئەمەش بەندە لەسەر جۆری لادانەکە، چونکە مەرج نییە هەموو جۆرە لادانێک جوانی و شیعرییەتی بۆ دەقی ئەدەبی بەرجەستە بکات، بەڵکوو لادانی هونەری ئەوەیە کە خوێنەر مانای نوێی تێدا بەدی بکات)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٣٠)، واتە خوێنەری شارەزا دەبێتە پێوەری لێک جیاکردنەوەی لادانە کۆن و سواوەکان لە لادانی نوێ و داهێنەرانە، بەو شارەزایی و زانیارییانەی لەم بوارەدا هەیەتی، بەشێکی زۆری لادانەکانیش لە پێناوی ئەودایە و بۆ ئەوە،

هەروەها ((هەر گۆڕان و نوێخوازییەک لەشیعرەوە بێت باری گوێگر گرانتر دەکات و ئەرکی ئەقڵی زیاتر لە شیکرنەوەدا دەخاتە سەر))،( فەتاح، ٢٠١٠: ٤٠٨).

هەروەها گرنگە بۆ خوێنەری شارەزا زانیاری تەواوی هەبێت دەربارەی واتای وشە فەرهەنگییەکانی زمانەکەی خۆی و توانای لێکدانەوەی هەموو ئەو مانا دوور و نزیکانەی هەبێت، کە ئەو وشەیە لە ناو دەقێکی شیعریدا هەیەتی، هەروەک "ریفاتیر" دەڵێت: ((شیعر بەشێوەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە شتومەکەکان دەکات، شیعر شتێک دەڵێت و بەمەستی شتێکی ترە، کە خوێنەر دەتوانێ ئەمە لێکبداتەوە)) (سلێوە، ٢٠٠٩: ١٤٣)، واتە ئەگەر وشەکان لە گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانەدا ڕاستەوخۆ ماناکان بە دەستەوە بدەن، ئەوا لە شیعردا بە شێوەیەکی ترە، هەندێ جار شیعر ئەوە نییە مانای حازر بخاتە بەردەستمان، بەڵکوو شاعیر لە ژێر پەردەی وشەکاندا ماناکان دەشارێتەوە، بۆیە خوێنەر دەبێت خۆی هێندە شارەزایی هەبێت، ئەو کۆدانە بشکێنێ بۆ دۆزینەوەی واتاکان.

پێویستە خوێنەر پاشخانێکی پڕ لە زانیاری لەبارەی ڕەگەز و ژانرو ڕێبازە ئەدەبیەکان و هونەرەکانی ڕەوانبێژییدا هەبێت، هەروەها شارەزای بونیاد و پێکهاتەی دەقە شیعرییەکان بێت و زانیاری لەبارەی مێژووی دەقەکەوە هەبێ ((تابتوانێت دەقەکە هەڵبوەشێنێت و بەدوای نەبینراوەکاندا بگەرێت و بە دەنگیان بێنێت)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٢٦)، بۆیە هەرکاتێک خوێنەرێکی لەو جۆرە دروست بوو، دەتوانرێت وەکو پێوەرێک بۆ لادان سودی لێوەربگیرێت، وە هەتا خوێنەر زانیاری زیاتر بێت "چێژ"ی زیاتر لە دەقەکە وەردەگرێ وە جێی ئاماژەیە، کە زۆرێک لە توێژەر و ڕەخنەگران چێژ بە پێوەرێکی سەرەکی دادەنێن بۆ لادان و وەک پێوەرێکی سەربەخۆ باسیان کردووە هەندێکی تریش بە تێکەڵی لەگەل پێوەری خوێنەر لێی دواون، ئێمەش ئەوەی دووەممان هەڵبژارد، چونکە چێژ یەکێکە لە ئارەزووەکانی مرۆڤ، کەوا خوێنەر هاندەدات بۆ کارلێکردن و تێکەڵ بوون لەگەڵ بەها ئیستاتیکییەکانی ناو دەقەکە.

**٥- پێوەری ئاسۆیی و ستوونی**

یەکێکی تر لە پێوەرەکان پێوەری ئاسۆیی و ستونییە، کە "ڕۆمان یاکۆبسن" بە ((پەیوەندی هاونشینی و پەیوەندی جێنشینی ناوی دەبات)) (المسدي، ١٩٩٣: ١٤٠).یان پەیوەندی (ئاسۆیی و ستونی)، ڕەگەزەکانی زمان هەریەکێکیان پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری ڕستەدا هەیە، ئەم پەیوەندییە پەیوەندی هاونشینییە، کە ((ئەوە دیار دەکات کە چۆن هەندێ لە ڕەگەزی زمان لە ڕستەیەکدا پێکەوە لەگەڵ یەکتردا دێن و هەندێ ڕەگەزی تری زمان بەپێی چەمکی وشە، بەکارهینان و نەریت و ڕێکەوتنی زمانی ناتوانن لەگەڵ هەمان پێکاتە و ئەم ڕەگەزانەدا بێن، کەواتە هاونشینی پێوەندی وشەیە لەگەڵ وشەکانی تری ناو ڕستەکەدا، بە شێوەیەک

هاونشینی هەندێ سنوور بە خۆیەوە دەگرێ، کە ڕێگا نادات هەموو ڕەگەزێکی زمانی لەگەڵ ڕەگەزێکی تری زمانی دا بێن، چونکە ئەمە بەپێی سێ شت دەبێت:

١- چەمکی وشە؛ وەکو کتاب و خواردن

٢- بەکارهێنان؛ وەکو (من هاتم) و (تۆ هاتم) لێرەدا (هاتم) لەگەڵ (من) دا بەکارهێنانی هەیە، چونکە بۆ کەسی یەکەمی تاک بەکاردێت، بەڵام بۆ کەسی دووەمی تاک بەکارهێنانی نییە.

٣- نەریت و ڕێکەوتنی زمانی؛ وەکو (رەڤدەکا کچان) و (رەڤدەکا سەیا) لێرەدا رستەی یەکەم بەپێی نەریت و ڕێکەوتنی زمانی بەکارناییت.)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٣٤).

هەروەها (پەیوەندی جێنشینی) پەیوەندی وشەکە لە ناو دەقەکە و لەگەڵ ئەو وشانەی لە دەرەوەی دەقەکەدا دێن دیاری دەکات، واتە ((پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ئامادەبوو لەگەڵ ڕەگەزەکانی نەهاتوی ناو ڕستەکەدا دیاری دەکات، واتە ئەو ڕەگەزانەی کە قسەکەر دەیتوانی لە شوێنیاندا بەکاری هێنابا، بەڵام وەکو تەوەری هاونشینی هەر وشەیەک ناتوانرێ جێنشینی وشەی تر بێ، بۆ نمونە (ئازاد دوێنێ هات) کە بەپێی تەوەری جێنشینی دەتوانین لە شوێنی بکەرەکە هەر بکەرێکی تر کە خاوەن سیمای (+ زیندوو) بێت هەڵبژێرین، کەواتە ناتوانین وشەیەکی تر کە خاوەنی سیمای (- زیندوو)ە هەڵبژێرین، چونکە لەگەڵ سیماکانی کاری (هات)دا ناگونجێ وەکو (بەردەکە دوێنێ هات)، بۆیە دەتوانین ئەو وشانەی کە دەتوانن جێنشینی یەکتر بن بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

١- ئەو وشانەی کە هەر هەمان ئەرکی ڕێزمانیان هەیە

٢- ئەو وشانەی کە واتاکانیان پێکەوە گرێدراوە، وەکو هاو واتاکان و دژ واتاکان.

٣- ئەو وشانەی کە هەمان قەوارەی فۆنەتیکیان هەیە.)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٣٤).

ئەم دوو تەوەرە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، بەهاو نرخی هەر کامێکیان بەستراوە بەوی ترەوە، بەشێوەیەک، ((کە بەشەکانی ڕستە هەندێکیان بەستراون بە هەندێکی تریانەوە لە زەمینەیەکدا، کە ملکەچی هاوسێتی یەکترن و لەسەر هێڵێک ڕیزدەکرێن، کە هەریەکەیان کاریگەری لە کەرەستەی دوای یان پێش خۆیان دەکەن، ئەمەش پێوەندی ئاسۆی ناودەبرێ و بوونی پەیوەندییەکەش لە ئامادەی وشەکانەوە دێتە بوون، هەر جۆرە هەڵەیەک تیایدا هەڵەی ڕێزمانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام پەیوەندی ستوونی دروست دەبێت لەنێوان ئەو کەرەستانەی کە لەشوێنێکی ڕستەیەکدا دەتوانن لە جێگەی یەکتری بێن، بێ ئەوەی ڕێزمان و سیمانتیکی ڕستەکە تێک بچێت، کە ئەم پەیوەندیەش لە نائامادەییدایە، هەر هەڵەکردنێک لێرەدا هەڵەی واتای لێدەکەوێتەوە)).( حسەین،٢٠٠٨: ١٣٦-١٣٧)

لێرەوە پەی بەوەدەبەین، کە هەموو ڕستەیەک ئەم دوو پەیوەندییەی تێدایە، کە هەردووکیان وابەستەی یەکترین، بۆ نموونە لادانی واتای لە پەیوەندی ستونیدا ڕوودەدات، خۆ ئەگەر لە زەمینەیەکی واتایدا نەبوایە لەگەڵ کەرەستەکانی تری ڕستەکەدا، دروست نەدەبوو، هەروەها تیۆرە بەناوبانگەکەی (چۆمسکی) کە باس لە (بینای قوڵ و بینای ڕووکەش) ی ڕستەکان دەکات، ((ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی ڕستەکان دوو بنیاتیان هەیە، یەکێکیان دیار و ڕووکەشە، ئەوی تریان قوڵ و لە ژێرەوەیە، لێرەوە یەکێک لە شوێنکەوتووانی چۆمسکی کەناوی (پورن)ە ئەو دوو بنیاتە دەکاتە دوو بنەما بۆ دیاریکردنی لادانەکان، وە هەتا ئەم دوو بنیاتە لەیەکەوە دوور بن، واتە مەودای دووری نێوانیان زۆر بێت ئەوا دەقەکان لە شیعرییەت لە دەقەکەدا بەهێزتر دەبێت، شیعرییەتیش لە ئەنجامی (ماوەی شڵەژان)ەوە دروست دەبێت، کە بەرامبەرە بە لادان، بۆیە هەتا ماوەی شلەژان زۆر و فراوان بێت، ئەم دوو بنیاتەش لەیەک نەچن و لێک دووربن ڕێژەی لادان لە دەقەکەدا زۆر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە)). (سەعید، ٢٠١٣: ١٠٤).

## ٦- پێوەری ئامار (سەرژمێری)

نوسەر و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بڕوایان وایە، مادام پێکهێنەری سەرەکی هەر دەقێکی ئەدەبی زمانە، هەر دەقێکیش لە کۆمەڵێک وشە و گرێ و دەستەواژە و ڕستە و دانەی ژمێراو پێک دێ، ئەوا گونجاوە ئەم پێوەرە بۆ دیاری کردنی ڕێژەی لادانەکان بەکاربهێنرێت، لەم ڕووەوە "کۆهین" پێناسەکەی "بیرۆجیرۆ" ی هێناوە، کە بۆ شێواز کردوویەتی، بەوەی ((لادان بەوە دەناسرێ، کە بابەتێکی چەندییە))، (وەیس، ٢٠٠٥: ١٤٨)، ئەم بۆچونە دەرگای بەڕووی ئەو بۆچونەدا کردەوە، کە ((ئامارکردن لەچوارچێوەی هەر تێکستێکی ئەدەبیدا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستێک، بە تایبەت دیاریکردنی ڕێژەی لادانەکان ڕێگە پێدراوە و دەتوانین وەک پێوەرێک سودی لێ وەرگرین، بەتایبەت لە دیاریکردنی ڕێژەی کورتی و درێژی وشەکان و ڕێژەی میتافۆڕم و خوازە و درکە و ....، بە بڕوای "میخائیل ڕیفاتیر" سودی ئەم پێوەرە لەوەدایە کە ئامرازێکە بەدەست توێژەرانی شێوازگەرییەوە، بۆ جیاکردنەوە و دیاریکردنی هەموو ئەو وشە دژ و پێچەوانانەی، کە مەبەستێکی هونەریان لەپشتەوەیە، لەگەڵ ئەو وشانەی کە بەرئەنجانی هەڵەی زمانی و نوسینن، لە بێئاگاییەوە هاتونەتە بوون، لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانین لادانە هونەرییەکان پۆلێن بکەین و جیایان بکەینەوە لەو لادانانەی، کە بەهۆی نوسین و چاپەمەنیەوە پەیدا دەبن)). (قادر، ٢٠١٤: ٣٠).

دیاریکردنی ئەم پێوەرە لەلایەن شێوازگەرەکانەوە بۆ تێکستی شیعری لە دیارکردنی ڕێژەی لادانەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ڕەخنە بووەوە، بەوەی کە (بەشێک لە ڕەخنەگران و توێژەران لەگەڵ ئەوەدا نین دەقی ئەدەبی بکەوێتە نێو چوارچێوەی زانستەکانی ئامار و ماتماتیکەوە بەو

بیانووەی، کە دەقە شیعرییەکان لێوان لێون لە هەست و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵ، لەگەڵ بابەتێکی وشک و ڕووتی وەک ماتماتیک ناگونجێت) (چالی، ٢٠٠٨: ٢٩).

" ئەحمەد محەمەد وەیس" کاتێک باسی ئامار دەکات وەکو پێوەرێک بۆ پێوانەی لادان دەڵێت: ((ناتوانین سەرژمێری بکەینە پێوەرێکی گشتی بۆ دیاریکردنی لادان، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی لادانەکە، دووبارەکردنەوە بوو، ئەوکاتە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، یان تەنیا لەو بارەیەوە سودی هەیە و بەکەڵکە، کە بۆزانینی ئاستەکانی لادان و جیاوازییەکان لای ئەو شاعیرانەی، کەوا سەر بە قۆناغ و ڕێبازی شیعری جیاجیان بەکاربهێنرێت، وەک ئەوەی کۆهن پێی هەڵسا کاتێک بەراوردی کرد لەسەر هاتنی چەند سیفەتێکی لەیەکتر دوور لای سێ کۆمەڵ لە شاعیران، کە هەر کۆمەڵێک لەوان ئاڕاستەی شیعری سەربەخۆی هەبوو، جا کۆمەڵی یەکەم، کە شاعیرانی کلاسیکی (کۆرنی و ڕاسین و مۆلێر)ی لەخۆدەگرت، تێکڕای هاتنی سیفەتە لەیەکتر دوورەکان لایان تەنیا [٣٦%] بووە بەڵام کۆمەڵەی دووەم، کە شاعیرانی ڕۆمانسین (لامارتین و هیگۆ و فینی) ی بوون، تێکڕای ئەو سیفەتانەی گەیشتە [٢٣,٦%] لە کاتێکدا تێکڕای ئەو سیفەتانەی لای شاعیرانی ڕێبازی ڕەمزی (ڕامبۆ، ڤێرلین، مالارمێ) گەیشتە[٤٦,٣%])) (وەیس، ٢٠٠٥: ١٤٩-١٥٠).

هەروەها د. عبدالقادر حمەئەمین لە کتێبی "بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا"سودی لەم پێوەرە وەرگرتووە لە دیاریکردنی لادانە واتاییەکان لە چەشنی (خوازە و خواستن و لێکچواندن.. هتد) لای هەردوو شاعیر " فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی" و "ئەنوەر قادر محەمەد" بە شێوەیەک کە ژمارە و ڕێژەی هەر وێنەیەک دەستنیشان کردووە وەک لەم خشتەیەدا دیارە:

| | ئەنوەر قادر جاف | | فەرەیدون عەبدول | |
|---|---|---|---|---|
| وێنەکان | ڕێژەی وێنەکان | ژمارەی وێنەکان | ڕێژەی وێنەکان | ژمارەی وێنەکان |
| وێنەی خوازە | ٦٣,٩٦% | ٤١ | ٦,٠٨% | ٤ |
| وێنەی خواستن | ٧٤,٨٨% | ٤٨ | ٤٧,١٢% | ٣١ |
| وێنەی لێکچوو | ٢٣,٩٦% | ١٦ | ٦٩,٩٢% | ٤٦ |
| وێنەی بەکەسکردن | ٥٤,٦% | ٣٥ | ٦,٠٨% | ٤٠ |
| وێنەی ئاڵوگۆر | ٢٤,٩٦% | ١٦ | ٠٨,٠٦% | ٤ |
| وێنەی بەتەنکردن | ــــــــــــ | | ٤٨,٣٦% | ٣١ |
| | کۆی وێنەکان | ١٥٦ | کۆی وێنەکان | ١٥٦ |

کەواتە دەکرێ ئامار وەک پێوەرێکی گشتی سودی لێوەربگیرێت لە هەر تێکستێکی شعریدا، بەڵام واباشترە نەکرێتە ئامانجی سەرەکی لە بەکارهێنانیدا، تەنیا لە شوێنی پێویست و گونجاو نەبێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەستنیشانکردن و دانانی یەک پێوەری کۆنکرێتی بۆلادان کارێکی دژوار و قورسە، هۆکارەکەشی پەیوەستە بە خودی بابەتەکە خۆی و هەموو ئەو بنەما و پێکهاتەو لایەنانەی، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە و ئەو ڕووبەر و پانتاییە فراوانەی، کە لادان تێیدا گوزەر دەکات، بۆیە پێوەرەکانیش لەگەڵ سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان دەگۆڕێن و پێوەری هەر قۆناغێکی ئەدەبی تەنها بۆ ئەو قۆناغە دەشێت و بۆ قۆناغێکی تری ئەدەبی ناگونجێت.

## پاری چوارەم: جۆرەکانی لادان

بەو پێیەی لادان چەمکێکی ناجێگیر و گۆڕاوە و پەیوەندی لەگەڵ چەندین لایەن و چەمکی جۆراوجۆری تریش هەیە، بۆیە جۆرەکانیشی لە تەنها یەک جۆردا نەماوەتەوە و چەندین جۆری جیاوازی هەیە، یان دەکرێ بڵێین تایبەت نییە بەیەک بەش و ئاستەوە، بەڵکو لادان لە هەموو بەش و ئاستەکانی دەقدا ڕوودەدات، ئەویش بەپێی توانا و داهێنان و ئارەزوی نوسەر، بەڵام زۆرجار جۆر و ڕێژەی لادانەکان، بەپێی جۆری دەقە ئەدەبییەکە وقۆناغ و سەردەمەکەی دەگۆڕێت.

باشترین نمونەش بۆ ئەمە، هەندێک لەو لادانانەیە، کە لە شیعری کلاسیکیدا بۆ سەردەمی خۆی بە داهێنان دانراوە ، بەڵام بۆ ئەمرۆ بە هۆی زۆر دوبارەبونەوەیان ڕەنگە لای هەندێ کەس بوبێتە لادانێکی سواو، بۆیە لە دەقی شیعری نوێدا زیاتر لادانەکان لە ئاستی واتاییدا ڕوودەدات و (( دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، کە زۆرجار سەردەم زمانی شیعری بەلایەکدا دەخات، بۆ نمونە پەیڕەوکردن سیمایەکی گرنگی شیعری کلاسیکی یە لادان تیایدا لە سنوری ڕوخسار تێناپەڕێ، واتە لە ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا ڕوودەدات... بەپێچەوانەشەوە لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا لادان بەزۆری ئاستی واتا دەگرێتەوە )) (فەتاح، ۲۰۰۷: ۹) .

بیروڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە پۆلێنکردنی جۆر و ئاستەکانی لادان(( زمانەوانەکان بە پێی ئاستەکانی زمان لادانەکان جیادەکەنەوە، ئەدەبناس و ڕەخنەگرە ئەدەبیەکانیش بەشێوازێکی دیکە جۆرەکانی لادان دیاری دەکەن)) (سەعید،۲۰۱۳: ۱۱۱)، واتە مەبەستەکە ئەوەیە، کە دیاریکردنی جۆر و ئاستی لادان لای هەموو نوسەرو ڕەخنەگران وەک یەک نییە، بەڵام هەندێک

جۆری لادان بنەڕەتی و سەرەکییە لای هەموو نوسەرو ڕەخنەگران وەک یەکە و هاوبەشە لە نێوانیاندا. ئێمەش لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو پۆلێنکردن و دابەشکردنانە دەکەین کە نوسەران و ڕەخنەگران بە پێی قوتابخانە و تیۆرە ئەدەبیەکان بۆ جۆرەکانی لادان دیارییان کردووە.

"جان کۆهین" کە یەکەم کەسە باسی لادانی کردووە، (( لادانی تەنیا بەزمان پەیوەست کردووە، بۆیە لە کتێبەکانی تەنیا لادانە زمانیەکان دەبینرێ و بەپێی سێ ئاستە سەرەکییەکەی زمان (دەنگ، پێکهاتە، واتا ) باسی لە چەند جۆرە لادانێک کردووە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤١).

"ڕۆمان یاکۆبسن" لادانی(( بەپێی هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی دابەشکردووە وەک لادانی پێکهاتەیی ( گۆرانکاری لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە)، لادانی جێگۆرکێ ئەوەی بە بڕوای "سوسێر" نائامادەیە و لە مێشکدایە )) (قادر،٢٠١٤: ٣٥ )، هەروەها "ئەحمەد محەمەد وەیس" هەموو جۆرو ئاستەکانی لادانی لە دووجۆری سەرەکیدا کۆکردۆتەوە ئەوانیش ( لادانی جیگۆرکێ و لادانی پیکهاتەییە ) واتە (استبدالی و ترکیبی) )) (وەیس،٢٠٠٥: ١١١ )

"لیچ" هەشت جۆر لادانی دیاریکردووە ، کە ئەمانەن ((لادانی واژەیی، لادانی نەحوی، لادانی دەنگی، لادانی مانایی، لادانی شێوازی، لادانی زاراوەیی، لادانی نوسینەوەیی، لادانی زەمانی )) (یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٣٠-٣٦ ).

(( "شەفیعی کەدکەنی" نۆ جۆر لادان دیاری دەکات ، بەلام دەڵێت ئەم نۆ جۆرە پێویستە لەسەر دووبنەمای گرنگ بن ئەوانیش ١- جوانکاری ٢- گەیاندن و پەیوەندی کردن.

نۆ جۆر لادانەکانیش ئەمانەن:

١- خواستن

٢- خوازە

٣- درکە

٤- کۆن گەرایی ، ئەمەش دابەشی دوو جۆردەبێ:

أ- کۆن گەرایی وشەیی. ب- کۆن گەرایی سینتاکسی .

٥- ئاوەڵناوی هونەری

٦- پێکهاتە زمانیەکان

٧- نا ئاشناکردن لە سنوری فەرهەنگدا

٨ نا ئاشناکردن لە سنوری سینتاکسی زماندا

٩- دەربڕینی پارادۆکسی )) (یەعقوبی،٢٠٠٥: ٣٠-٣٦ )

چەند توێژەر و ڕەخنەگرێکی کوردیش چەندین جۆری لادانیان ئاماژە پێکردووە لەوانە "محەمەد مەعروف فەتاح" شەش جۆر لادانی شیعری دیاری کردووە ، کە هەمان ئەو جۆرانەن کە "لیچ" پۆلێنی کردون ، ئەوانەش بریتین لە ((لادانی وشەیی، ڕێزمانی، زاروزمان ، نوسینەوەی ئاسایی، واتایی، لە شێواز)) (فەتاح،٢٠١٠: ٤١٢-٤٢٢)

"د. سافیە" لەکتێبی ((لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)) بەشێوەیەکی ورد و زانستی زۆر جۆری لادانەکانی لەسەربنەماکانی ( زمان، بونیادی دەق، قۆناغ و سەردەم، پلە وکاریگەری ، داهێنەرو بەکارهێنان ) پۆلێنکردووە، کە هەریەک لەم ئاستانە چەندین لق و جۆری تری لێدەبێتەوە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** لەسەر بنەمای ئاستەکانی زمان

١- لادانی دەنگی

٢- لادانی ڕێزمانی. ـــــ أ- لادانی وشەیی ـــــ ب- لادانی رستەیی

٣- لادانی واتایی

**دووەم:** لەسەر بنەمای بونیادی دەق

١- لادانی دەرەکی ( ڕوخساری )

٢- لادانی ناوەکی ( ناوەڕۆکی )

**سێیەم:** لەسەربنەمای داهێنان و بەکارهێنان

١- لادانی خوودی ـــــ أ- لادانی شێوازی ـــــ ب- لادان لەشێواز

٢- لادانی گشتی

٣- لادانی باو ( سواو )

٤- لادانی قۆناغی

**چوارەم:** لەسەربنەمای ئیستاتیکا

١- لادانی ئەرێنی ( پەسەند )

٢- لادانی نەرێنی ( ناپەسەند )

٣- لادانی لۆژیکی ( ماقوڵ )

٤- لادانی لادان ( لادانی نالۆژیکی، ناماقوڵ ). (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤٥-٥٥)

هەروەها "عەبدولقادر حەمەئەمین" لەکتێبی ((بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا )) بەپێی دەقی شیعری کوردی لەچەند سەردەمێکی جیاوازدا باسی لە چەند جۆرێک لادان کردووە، ئەوانیش (لادانی لۆژیکی، نالۆژیکی)یە، هەروەها باسی لەو لادانە فیکری و کۆمەڵایەتیانە (الانزیاح الفکری والاجتماعی ) کردووە ، کە دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکاریانەبون، بەسەر بزوتنەوەی نوێی شیعری کوردیدا هاتوون و بەڕوونی جیاوازی و جیاکاری لەمەبەستی دەقەکاندا دەبینرا ، کە ئەم جۆرە لادانانە لەدوای سەرهەڵدانی گروپەکانی کفری و ڕوانگەوە بە ئاشکرا دەبینرێت. ( محەمەد، ٢٠٠٨: ١٦١-١٦٣)

"حەمەنوری عومەر کاکی" لە کتێبی (شێوازی شیعری نوێی کوردی) باسی دوو جۆر لادانی شیعری کردوە ، لە ئاستی پێکهاتەیی و واتاییدا، کە زیاتر لە دەستنیشانکردنی لادانە پێکهاتەییەکان قوڵبووتەوە . (کاکی، ٢٠١٢: ١٧٧-٢٤٩ )

ڕەخنەگران و توێژەران بە شێوەیەکی گشتی، چەمکی لادان بۆ ئەم جۆرانە دیاری دەکەن:

١- لادانی ڕەگەزێک لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق لە مەبەستی رەگەزی پێش خۆی ، کە دەبێتە هۆی بڕینی بە دوای یەکدا هاتنی دەلالی، شکاندنی سیاق و دەربڕینی هاوئاهەنگی ناوەوە

٢- لادانی دەق لە یەکیەتی لۆژیکی خۆی و کۆکردنەوەی دژەکان .

٣- دەق پێچەوانەی خۆی بێ و لادانی واژەکان بێ لە مەبەستی قسەکەر

٤- لادانی دەق لە کۆدە زمانیە باوەکانی .

بەڵام هەندێکی تر لە ڕەخنەگران بەجۆرێکی تر، چوارجۆر لادانیان دیاری کردووە، کە ئەمانەن :

١- لادانی خوازەیی کە هەموو جۆرەکانی وێنەی هونەری دەگرێتەوە، هەر لە لێکچواندنەوە تا خوازەی عەقڵی.

٢- لادانی ڕیتمی واتە لادانە دەنگییەکان

٣- لادانی زمانی بە هەموو شێوەکانییەوە، وەک لادانی دیارخەر لە دیارخراوەکەی، لادانی ئاوەڵناو و وشەی وەسف کراو ، هەروەها خستنە پاڵ یەکتری ...

٤- لادانی دەلالی لە نێوان دەنگ و مانادا، واتە لە نێوان دال و مەولولدا، کە وەک یەک نین، نەگونجان لە نێوانیاندا هەیە، یەکێکیان جێگیرە، کە ئەویش (دال)ە کەیەو ئەوتیریان (دەلالەتە) هەر دەخولێتەوە. (سەعید، ٢٠١٣: ١١٤)

جۆرەکـانی لادان هەمویـان پەیوەنـدیان پـێکەوە هەیە، چـونکە لە یەک بـازنەدا ڕوودەدەن کە ئەویش دەقی ئەدەبییە، بە کورتی دەکرێ بڵێین ((لادان لە هەموو ئاستەکاندا ڕوودەدات ( ئاستی دەنگسازی، ئاستی وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی ) وە شێوەو جۆری لادانەکانیش بە پێی ئاسـتەکان دەگۆڕێـت، لە هەمـان کاتـدا ئاسـتەکانیش پەیوەنـدییەکی زۆریـان پـێکەوە هەیە و تەواوکەری یەکتـرن هەر ئاسـتێکیش لەم ئاسـتانە شـایەنی ئەوەیە بە وردی لێـی بکۆڵـدرێتەوە، مەرجیش نییە لادان لە دەقێکدا تەنها لەیەک ئاستدا ڕوویدات، لەوانەیە هەمان دەق لەیەک کاتدا لە چەنـد ئاسـتێکدا لادانـی تێـدابێت ، بەڵام ئەمەش مانـای ئەوە ناگەیەنێـت ، کە دەقەکە هەر هەمـووی سـەراپا لادان و هێمابێت، ئەوکـاتە دەبێتە هـۆی تێنەگەیشـتن، کەواتە لە بەشـێک یـان چەنـد بەشـێکی دەقەکە دا لادان هەیە و بەشـەکانی دیکەی ئاسـایی دەڕوات)) ( سـەعید، ٢٠١٣: ١١٥-١١٦)

بەم پێیە دەسنیشانکردن و پۆلێنکردنی جۆرەکانی لادان لای توێژەرو ڕەخنەگران فرە زۆرە، بۆیە باسکردن و پێناسە کردنی هەریەکێکیان لەم بەشـەدا، ڕەنگە ببێتە هـۆی درێژدادڕی، بـۆیە هەوڵ دەدەیـن لە بەشـەکانی داهـاتودا باسـی ئەو جـۆرانەی لادان بکەیـن، کە لای زۆربـەی نوسـەران و توێژەران سـەرەکین و وەک یـەکن، بە نمونەی شیعرییەوە زیاتر ڕوون بکرێنەوە، هەروەهـا لە توێژینەوەکەمانـدا هەوڵ دەدەیـن بەگشـتی بە دوای ئەم سـێ جـۆرەی لادان لە شیعرەکانی (عەبدولقادر سەعید) دا بگەڕێین و دەسنیشانیان بکەین ، کە ئەوانیش:

١- لادانی پێکهاتەیی: ئاستەکانی دەنگسازی و وشە سازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە

٢- لادانی واتایی: کە ئەویش خۆی لە (خواستن و خوازە ولێکچواندن و ... هتد ) دەبینێتەوە

٣- لادانی دەلالی: کە مەبەست لێی ڕەمزە.

# بەشی دووەم

## لادانی پێکهاتەیی (ترکیبی) لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید) دا

"کورتەیەک لەسەر ژیانی شاعیر"

### پاری یەکەم

### لادان لە ئاستی دەنگسازیدا

### پاری دووەم

### لادان لە ئاستی وشەسازیدا

### پاری سێیەم

### لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا

## بەشی دووەم

## لادانی پێکهاتەیی (ترکیبی) لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید) دا

### کورتەیەک لەسەر ژیانی شاعیر:

(عەبدولقادر سەعید قادر) شاعیرو ڕۆماننوس ساڵی (١٩٥٧) لەگوندی کانیسپیکەی سەربەناحیەی سەرچناری شاری سلێمانی لەدایک بووە، لەکۆتایی حەفتاکان هەوڵی نوسینی دەستپێدەکات، کە بەگشتی سەر بەو قوتابخانە ڕیالیزمە باوە بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێی دەنوسرا، دواتر بە شیعرو ڕۆمان قوتابخانە ئەدەبیەکانی تری تاقیکردۆتەوە یەکەم بەرهەمی لە ساڵی (١٩٨٠) نوسیوە بەناوی (کۆرپەی ژانی شەوانم) دواتر شانۆگەری شیعریی نوسیوە بەناوی (مەرگی بەختەوەری) وە دراما شیعریی (دەروازەی سێیەمی مێژوو) هەروەها قەسیدەی درێژی (لەزیندانی فاشیەکان) و هەروەها (سەمفۆنیای خوێن)ی بۆ برا شەهیدەکەی و چیرۆکە شیعری (تراژیدیای مەرگی پاکیزە)ی بۆ خوشکە شەهیدەکەی نوسیووە و پێش ڕاپەڕین چاپی کردووە، ئەمانە بەگشتی بەشێک بوون لە ئەدەبی بەرگری لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا.

لەدوای ڕاپەڕین هەموو ئەو بەرهەمانەی تر کە نوسیونی بریتین لە نۆ کتێبی شیعری و نوسینی چوار ڕۆمان دەبارەی کارەساتە تراژیدییەکانی کورد هەریەکێکیان دەربارەی ئەنفال و هەڵەبجەو کارەساتی ڕەوی بەکۆمەڵی گەنجانی کورد بەرەو هەندەران و فرۆشتنی کچە ئەنفالەکان بە وڵاتە عەرەبیەکان، بەشداری شۆڕشی شاخی کردووە و یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نوسەرانی کورد لەشاخ، وە دووجار بەشداری خۆبەخشانەی کردووە لەشەڕی دژ بە داعشدا، ماوەی ٨ ساڵ لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیاوە، بەشداری زۆر چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی زایەڵە لە ئەڵمانیا، هەندێک لەبەرهەمەکانی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نوسەرانی کورد بووە هەتا کۆتایی ساڵی(٢٠٢١)، خێزاندارە و خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچە و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی.

**پاری یەکەم: لادان لە ئاستی دەنگسازیدا**

بابەتی دەنگ یەکێکە لە ئاستەکانی زمان دەورێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە بنیاتی زماندا و بە بچوکترین یەکەی زمان دادەنرێت، بەڵام شاعیر بە پێچەوانەی ئەو بنیاتە زمانییە باوەوە لە یاسا دەنگییەکان لادەدات و فۆڕمێکی نوێ بنیات دەنێت، لادان لە دەنگدا واتە لابردن یان کرتاندنی دەنگێک یان زیاتر لە کەرەستەی وشە، جا ئەو کرتاندنە بکەوێتە سەرەتای وشە یان ناوەڕاست یان کۆتایی، چونکە ((وشە و ڕستە و کەرەستە زمانییەکان وەک هەویرێکن لەبەردەستی شاعیر بە ویست و ئارەزووی خۆی شێواز و چەشنە داهێنانی هەمەڕەنگیان لێدەسازێنێت))، (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩٣) هەروەها شاعیر هەمووکات لە هەوڵی ئەوەدایە شێوازێکی نوێ و تازە بۆ دەقەکەی پەیڕەو بکات، بۆیە بەهۆی ئەم لادانەوە گۆڕانکاری ئەنجام دەدات یان ئەوەتا ((دەنگێک یان زیاتر لە بینای وشە لادەبات، یانیش دەنگێک، یان زیاتر لە بینای دروستی وشە دەگۆڕێت )) (عەبدوڵا، ٢٠١٣: ٢١٤) ئەمەش بە ئامانجی دروست کردنی ڕیتم و مۆسیقایی شعرییە، کە تێیدا بە هۆی دەقە شعرییەکانەوە جۆرە چێژ و ئاوازێک لە ناخی خوێنەر یان گوێگردا دروست دەکات.

لە لادانی دەنگیدا ((شاعیر تێدەکۆشێ لە ڕێگەی خۆ ڕزگارکردن لە کۆتوبەندی یاسا دەنگییە باوەکانی زمانەوە، جۆرە دەنگێک لە واژەی شیعرەکەیدا بنوێنێ، کە لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە لەگەڵ دەنگی زمانی باو یەک نەگرێتەوە، ئەوەیش بڵێین کە ئەم جۆرە لادانە زۆرجار بەپێی پێداویستی هاوڕێکی کێشی شیعرییەوە دێتە گۆڕێ)) (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ١٤٩) کاتێک شاعیر پەیڕەوی کێش و سەروا دەکات لە شیعرەکانیدا ئەستەمە بتوانێت ئەم جۆرە لادانە فەرامۆش بکات، چونکە بۆ یەکسانکردنی ژمارەی بڕگەکان و لەتە شیعرییەکان و هەندێ جاریش سەرواکان پێویستی بە لابردن و کرتاندنی دەنگێک یا چەند دەنگێک دەبێت، ئەمەش بۆ تێکنەچوون و خۆشترکردنی ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکەیە، هەروەها لادانی دەنگی کاتێ دروست دەبێت، (( کە ئاخێوەر لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لادەدات، وەک وێکچوونی دەنگ، تێچوون (سوان)ی دەنگ، پەیدابوون(هاتنەناوەوەی) دەنگ، دەنگگۆڕکێ، گونجان و نەگونجانی دەنگ)) (تۆفیق، حوسێن، ٢٠٢١: ٨٧).

ڕیتم لە شیعردا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و هەرلە کۆنەوە هەتا ئێستا شاعیران پەیڕەوی لێدەکەن و نەیانتوانیوە وازی لێبێنن، چونکە سروشتی شیعر پەیوەندییەکی تەواوی بە مۆسیقاو ڕیتمەوە هەیە ((هەروەکو چۆن جوڵانەوەی میژوو و ژیان، جوانی... بێ ئیقاع نابێ، هەروەکو چۆن گەردوون کە، ئیقاعێکی بێ بن و بێ کات و کۆتاییە، ئە ئاواش شیعر... شیعری بێ مۆسیقا و ئیقاع، وەکو شەوی بێخەو، لەشی بێ خوێن، ژیانی بێ بەهار، دڵداری بێ دلبەر وایە)) (زامدار، ١٩٨١: ٣٢)، بۆیە دەکرێ بڵێین ڕیتمی شیعری ((هەستکردنی خوێنەر یان گوێکرە بەو

ئاوازانەی، کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان ئەنجامی ترپەی بڕگەکان و پێکهاتنی پێیەکاندا بە کێشی هەڵبەستەکەی دەدەن)) (بیمار، ١٩٩٢: ١١)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەو دێڕە شیعرانەی وشەکانی ڕیتم دارن سوک و دڵگەش بخوێنرێنەوە و خۆش و بەجۆش بێنە بەر گوێ.

ڕیتم و مۆسیقا لە شیعردا بونیادێکی گرنگ و سەرەکییە و ((ڕەنگدانەوەی ئەو سۆز و هەڵچونانەیە، کە لە ئەزمونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ بونیاد و ئاستەکانی تری دەقدا ئاوێتە دەبێت و پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان ڕەگەزەکانی بونیاتدا پێکدێت)) (پیربال، ٢٠٠٤: ١٨٦)، بۆیە توانا و زیرەکی شاعیر زۆر پێویستە لە چۆنییەتی بەرجەستەکردنی بونیادێکی مۆسیقی جوان و کاریگەر بۆ دەقەکە، چونکە بە دامالینی هەموو ئەو تەکنیک و هونەرانەی، کە بەشداری لە بونیاتنانی ڕیتمی شیعر دەکەن ڕەنگە شیعرەکە وەک قسەی ئاسایی لێبێت و لای زۆر کەس چێژ نابەخشێ و لای هەندێکیش ئەو جۆرە شیعرانە هەر شیعر نین.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لەنێوان شیعر و مۆسیقادا پەیوەندییەکی قوڵ و سەرەکی بوونی هەیە، چونکە مۆسیقای شیعر ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە و شتێکی نامۆ نییە بە شیعرەکە، بەڵکوو تێکڕژاوی شیعرەکەیە و ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرەکەشە، بۆیە لای زۆرکەس ئەگەر شیعر ئاواز و مۆسیقای نەبێت بە شیعر دانانرێت، جا ڕیتمی دەرەوە بێت یان ڕیتمی ناوەوە، ڕەخنەگران بەشێوەیەکی گشتی ڕیتمی شیعری دەکەن بە دوو بەشەوە: (ڕیتمی دەرەوە، ڕیتمی ناوەوە).

**یەکەم: ڕیتمی دەرەوە (کێش و سەروا)**

ڕیتمی دەرەوە ئەو ڕیتمەیە، کە هەردوو ڕەگەزی (کێش و سەروا) بەشداری لە دروستکردنیدا دەکەن و بە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکهێنەری مۆسیقای دەرەوەی شیعر دادەنرێن ((ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستیش بەهۆی کێش و قافییەوە ئەنجام دەدرێت و دەبێتە ئاهەنگی چوارچێوەی گشتی هەڵبەستەکە و سەرجەمی بنیاتەکە دەگرێتە خۆی)) (محەمەد، ١٩٩٨: ٨٧)، ڕیتمی دەرەوە زوو هەستی پێدەکرێت و ئاشکرایە، هەرکە شیعرەکە دەخوێنیتەوە یان گوێت لێدەبێت هەستی پێدەکەین. بەشێکی تری توێژەر و ڕەخنەگران لایان وایە ڕیتمی دەرەوە بریتییە لە ((هاوسەنگی و ڕێککەوتنێکی دەنگی، لەنێوان بزوێن و نەبزوێن و بڕگە و دەنگ و یەکە ئاوازەییەکان، کە دەتوانین بەپێی پێوانەی کۆن و نوێ بە کێش و سەروا دیارییان بکەین)) (سەعید، ٢٠١٣: ١٢٧) ئێمەش سەرەتا باس لە کێش دەکەین و دواتر سەروا، هەڵبەت نمونەی شیعرەکانی (عەبدولقادر سەعید) وەردەگرین تا بزانین چ جۆرە کێش و سەروایەکی بەکارهێناوە.

**١- کێش**

پایەیەکی بنچینەیی ئاوازی شیعرە و پێگەو دەورێکی بەرچاوی هەیە لە بونیاتنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا، کێش ((بریتییە لە سەرجەمی ئەو پێیانەی کە دێڕە هەڵبەستێک دروست دەکەن)) (بیمار، ١٩٩٢: ١٠)، هەڵبەت کێش وەک یەکێک لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی شیعر لە قۆناغە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی و گەشەسەندنیدا هەر لە کۆنەوە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ((کێش کۆڵەکەی سەرەکی مۆسیقای دەرەوەی شیعرییە ، کە ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعر پێکدەهێنێ و هیچ شعرێک بەبێ کێش نابێت ، کێش ئەرکی پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە ئەستۆ دەگرێ و دەبێتە چوارچێوەیەکی پتەو بۆی، کە لە پەرش و بڵاوی دەیپارێزێت )) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٠٨)، هەروەها مۆسیقا و کێش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەیە ((ئەگەرچی مۆسیقا و کێش پەیوەستن بە یەکتر و زۆر لەیەک نزیکن، بەڵام مۆسیقا زۆر لە کێش فراوانترە و کێش دەبێتە بەشێک لە مۆسیقا)) (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٣٢).

شیعری کوردی لە سەرەتای پەیدابونییەوە تا ئێستا بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان چەندین کێشی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی بەسەر بونیاتی ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعردا هاتووە، کێشیش یەکێک بووە لەو لایەنانەی، کە بەر شەپۆلی نوێبوونەوە کەوتووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا پەیڕەوی کێشی عەروزی عەرەبی کراوە، بەڵام ((لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا کێشی پەنجە (خۆماڵی، سیلاب) پەیڕەو کراوە، کە لە سەر بنچینەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعر دامەزراوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٢٥)، گۆران و هاوڕێکانی لە قۆناغی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا لە پەیڕەوکردنی کێشی عەروزی عەرەبی دوورکەوتنەوە و گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی و کێشی هەمەڕەنگیان پەیرەوکرد، واتا تێکەڵکردنی چەند جۆرێکی کێشی بڕگەیی وەک (٤) بڕگەیی، (٨) برگەیی، (١٠) بڕگەیی... هتد، لە دوای ئەم قۆناغە بەدیاریکراوی دوای شۆڕشە نوێگەرییەکەی گروپی (کفری و ڕوانگە) شیعری کوردی باشوری کوردستان هەنگاوێکی تری بەرەوپێشنا و لەم نێوەندەشدا کێش یەکێک بوو لەو لایەنە سەرەکییانەی، کە بەر تازەکردنەوەکە کەوت، شاعیرانیش لایاندا لەوەی، کە تاکە کێشێک لە سەرتاپای دەقێکدا بەکاربهێنن.

ئەوەی شایانی ئاماژە بۆ کردنە (عەبدولقادر سەعید) لە شیعرەکانیدا کێشی عەروزی عەرەبی بەکارنەهێناوە، هەروەها یەکجۆر کێشی بڕگەیی خۆماڵیشی بۆ سەرتاپای دەقێک بەکارنەهێناوە، بەڵکوو کێشی خۆماڵی بەشێوەیەکی ئازادانە و تێکەڵ بەکارهێناوە، (کێشی تێکەڵ) بریتییە لە ((ئەوانەی کە لەسەر یەک بنەما داڕێژراون، بەڵام ژمارەی پێیەکان لە لەتێکەوە بۆ لەتێکی تر دەگۆڕێت، یان دەتوانین بڵێین ئەو کێشە جیاوازانەی (پێ)ی جۆرە کێشێکی ترن و

کەرتکراون)) (حسێن، ٢٠٠٨: ١٧١)، شاعیر خۆی پەیوەست نەکردووە بە کێشێکی دیاریکراوەوە. وەک لەم نمونانە دەردەکەوێت:

**کێ دەڵێ تۆش (٤) بڕگە**
**لە شەوێکی غەریبیدا (٨)**
**شوێن پێی خەمی داگیرساوی (٨)**
**منت هەڵنەگرتووە..؟ (٧)**
**کێ دەڵێ تۆش (٤)**
**نەشارەزا (٤)**
**پەیت بە دوا ڕێچکەی (٦)**
**وێڵی زامەکانم نەبردووە..؟ (١٠) (٢٠٠٥: ٤٦)**

شاعیر ئەم شیعرەی لەساڵی (١٩٧٧)دا نوسیوە، هەر لە سەرەتای دەستکردنی بەنوسینی شیعر، وەک دەبینین کێشی پەنجەی خۆماڵی بەشێوەیەکی تێکەڵاو بەکارهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیر ئاگاداری ڕەوتە شیعرییەکانی پێش خۆی بووە و نوێترینیانی بەلاوە پەسەند بووە بۆ نوسین، هەروەها لە دەقێکی تردا دەڵێت:

**چەند ئەستەمە، (٤) بڕگە**
**لەم سەرزەمینەدا خەیاڵ.. لەوێ (١٠)**
**لە ئاسمانی دووردا دەتوانی هەور بپۆشی (١٤)**
**گوڵە ئەستێرە ڕابێنی چاو لە ئەوینت دابگرێ (١٦)**
**مانگ بکەی بە مەدالیای سنگی گەنم ڕەنگی کچێ (١٥)**
**لەبەر بارانا بخەوی و پەلکە زێڕینە ڕام بکەی (١٦) (٢٠٠٥: ٢٥٥)**

بەهەمان شێوە لەم شیعرەشدا کێشی تێکەڵی بەکارهێناوە، ئەو لەکاتێکدا ئەم شیعرەی لە ساڵی (١٩٩٧)دا نوسیوە، لە هەموو قۆناغەکانی نوسینیدا خۆی پەیوەست نەکردووە بە بەکارهێنانی کێشێکی دیاریکراوەوە، لەگەل ئەوەی زۆربەی بیروڕاکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە کێش و سەروا بربڕەی پشتی شیعرە، بەڵام (عەبدولقادر سەعید) خۆی نەبەستۆتەوە بەو ڕایەوە و زیاتر گرنگی بە مۆسیقای شیعر داوە، ئەگەر لە دوایین دەقە شیعرییەکانیشی وردبینەوە هەمان کێش دەبینین، وەک لێرەدا دیارە:

**پایزی کوردستان لە گیانەڵادایە، (١٢) بڕگە**
**بەهاری کورتە، (٥)**
**زستانی ساردە، (٥)**

**هاوینی گەرمە.** (٥)
**ژیان لەوێدا..** (٥)
**لە نوقڵی ترش و شیرین دەچێت،** (٩)
**لەناو زارێکی تاڵدا !** (٧) (٢٠٢١: ١٢٤)

وەک لەم نمونانەوە دەردەکەوێت شاعیر بێ زۆر لەخۆکردن و بێ گوێدانە ئەوەی کێشی شیعرەکەی چی دەردەچێت شیعرەکانی نوسیوە، ئەو ڕێگەی بە هەست و خەیاڵی داوە، کە چ ڕێڕەوێکیان پێ گونجاو وباشە بەو شێوەیە ڕێ بکەن.

**٢- سەروا**

سەروا ڕەگەزێکی تری گرنگی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، کە لایەنێکی ئیستاتیکی و جوان و مۆسیقایەکی ڕەوان بە دێڕە شیعرەکان دەبەخشێت و ((سیستەمێکی دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، پیتی سەروا(ڕەوی) دوا پیتی بنجی و دەنگداری هاوشێوەیە، لە هەردوو وشە کۆتاکانی هەردوو نیوە دێڕەکانی شیعر)) (عەبدوڵا، ٢٠٢١: ٤٧) بونی سەروا لە شیعردا ئاوازێکی خۆش دروست دەکات، یان (( بریتییە لە دەنگێک یاخود کۆمەڵە دەنگێک کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا یان دوو نیوە دێڕدا یاخود کۆپلەیەکدا دووبارە دەبێتەوە و ئاواز و مۆسیقایەکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە )) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١١٨).

زۆرێکی تر لە نوسەران دەربارەی سەروا ڕاوبۆچونی خۆیان خستۆتەڕوو، یەک لەوانە "عەلادین سەجادی"یە، کە دەڵێت: ((سەروا بریتییە لەو پیتانە بە دەنگبێ یان بێدەنگ کە ئاوازەکانیان وەکو یەکە و کەوتونەتە دوای هەردوو نیوە هۆنراوەکە، ئەمە لەکاتێکدا وایە کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دووتاکی بێ)) (سەجادی، ١٩٧٠: ١٠٣)ئەم پێناسەیە زیاتر ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەی جووت دێڕی سەروای بۆ دانراوە، کە جووت سەروای پێدەوترێت، هەروەها "د. دڵشاد عەلی" لەبارەی سەرواوە دەڵێت: ((قافیەی هەڵبەست دەنگێ یان زیاتری دووبارە کراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکە و بەگشتی دەکەونە کۆتایی دوا پیتی ئەو دانە ئاوازەییانەی کە هەڵبەستەکەی لێ پێکدێت، وەک دێڕ و بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی، ئەرکیشیان پێکهێنانی نەغمەیەکی دڵکێشە و بەشێک لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنن)) (محەمەد، ١٩٩٨: ١٠٢).

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا سەروای یەکگرتوو (یەکێتی سەروا) پەیڕەو کراوە، کە شیعرەکە لە سەرەوە تا خوارەوە بەیەک سەروا هاتۆتە خوارەوە، لە دوای قۆناغی کلاسیک (جووت سەروا) پەیڕەو کراوە، کە هەر دێڕە شیعرێک سەروای تایبەت بەخۆی دەبێت و جیا دەبێت لە سەروای دێڕەکەی پێش یان پاش خۆی، واتە هەر دوو نیوە دێڕی شیعرێک لەسەر

سەرواى خۆى دەبێت، لە پاش ئەم قۆناغە سەرواى تێکەڵ(هەمەڕەنگ) لاى زۆربەى شاعیرانى کورد پەیڕەو کراوە، کە شاعیر لە شیعرێکدا چەند جۆرە سەروایەک تێکەڵ دەکات و ((ئەو قافیەیە، کە لە شیعرێکدا ئەگۆڕى واتە هەمو قافیەکانى شیعرەکە یەک نابن، بەڵکوو شیعرەکە چەند جۆرە قافیەیێکى تیا دەبێت)) (خەزنەدار، ١٩٦٢: ١٦٢)، پاشان (سەرواى ئازاد) هاتە ئاراوە، کە شاعیران خۆیان پەیوەست ناکەن بەهیچ قاڵبێکى سەرواوە، هەروەها شاعیران لە پێناو گوزارشت کردن لە ناوەڕۆکى شیعرەکانیان لە قاڵبەکانى سەروا دوورکەوتنەوە ((ئەم هونەرى وشەى قافییە دۆزینەوە ڕیزکردنە بەشێکى زۆرى لە بەهرەو سەلیقە و ڕەنج و کاتى شاعیر بۆخۆى بردووە و داگیرکردووە)) (کاکەى فەلاح، ٢٠٢٠: ٣٥).

(عەبدولقادر سەعید) لە سەروا داناندا خۆى پەیوەست نەکردووە بەهیچ قاڵب و دەستورێکەوە، کەى گونجابێ سەرواى داناوە، خۆ ئەگەر نەشگونجابێ پشتگوێى خستووە، لە هیچ شیعرێکیدا پەیڕەوى سەرواى یەکگرتوو(یەکێتى سەروا) و (جووت سەرواى) نەکردووە، ئەوەى هەیە لە سەرەتاى دەستکردنى بەنوسینى شیعر سەرواى ئازادى بەکارهێناوە، وەک لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

**لە شەوێکى ئەنگوستەچاوا بردیان** A
**کەس نەڕوانێ** B
**بەدیوارێکا سەریان خست** C
**کەس نەتوانێ** B
**لە زریانێکا نوقمیان کرد** D
**کەس نەزانێ** B
**ڕۆژگار هات و شەوگار ڕۆیی،** E
**کەسەیریانکرد** F
**هونەرمەندێ پەیکەرێکى بۆ دەتاشێ و** G
**شاعیرێکیش وا سروودى بۆ دادەنێ** B (٢٠٠٥: ١٦٨)

وەک دەبینین ئەم شیعرە لەسەر حەوت سەروا دامەزراوە، شاعیر بێ خۆبەستنەوە بە هیچ یاسایەک بە ئازادى چەندین سەرواى جیاوازى بەکارهێناوە، هەریەک لە وشەکانى (نەڕوانێ، نەتوانێ، نەزانێ، دادەنێ) بوونەتە سەرواى شیعرەکە، یان لەم شیعرەدا دەڵێت:

**هەموو ئێوارانێ بەرەو** A
**کۆڵیتە ساردو سڕەکەم** B
**لاشەى سستم بەسەر خەم و تەنیایما بەکێش دەکەم** B
**دەنگى کەسم نایەتە گوێ** C

**کەسیش نایە بەپیرمەوە** D
**بەڵام چونکە وا ڕاهاتووم** B
**هەرچی مناڵ خۆشی بوێ** E
**پڕ دوو گیرفان دەبەمەوە** D (٢٠٠٥: ١٧٦)

شاعیر لەم شیعرەشدا سەروای ئازادی بەکارهێناوە، هەریەک لە وشەکانی (سڕەکەم، دەکەم، گوێ، بوێ، بەپیرمەوە، دەبەمەوە) بوونەتە سەروای شیعرەکە، بەڵام شاعیر ئەو شیعرانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا نوسیونی بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر یان ئەکرێ بڵێین هەر بەیەکجاری دەستبەرداری سەروا بووە، وەک لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

**دەیان تیرۆریستمان**
**نارد بۆ دۆزەخ.**
**نازانین گەیشتن یاخود، نا !**
**بەڵام دڵنیاین..**
**بەگەیشتنی منداڵەکانیان**
**بەدەرگای دۆزەخی هەژاری!؟ (٢٠٢٠: ٦٦)**

هەر سەبارەت بە پەیڕەو نەکردنی سەروا، لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**چەند ساحیرێکی بێ بەهرەم**
**هیچ گرێیەکی دڵی تۆم**
**پێ ناکرێتەوە! (٢٠٢١: ١١٠)**

وەک لەم نمونانەوە دەردەکەوێت شاعیر بە تەواوی لە بەرجەستەکردنی سەروا لایداوە و زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆک و ریتمی ناوەوەی شیعر دەدات، ئەم پشت کردنە سەروایەش ئاسۆیەکی فراوانتر لەبەردەمی شاعیردا دەکاتەوە کە بتوانن سەربەستانەتر مامەڵە لەگەڵ سەروا و ئاوازی دەقەکانیان بکەن.

کەواتە لە کۆتایی ئەم تەوەرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە شاعیر کێشی عەروزی عەرەبی و یەکجۆر کێشی بڕگەیی خۆماڵی بۆ سەرتاپای دەقێک بەکارنەهێناوە، بەڵکوو کێشی خۆماڵی بەشێوەیەکی ئازادانە و تێکەڵ بەکارهێناوە و خۆی پەیوەست نەکردووە بە کێشێکی دیاریکراوەوە، هەروەها لە هەندێک لە شیعرەکانیدا سەروای تێکەڵ دەبینرێت و لە هەندێکی تریشیاندا دەستبەرداری سەروا بووە

**دووەم: ڕیتمی ناوەوە**

ڕیتمی ناوەوەی دەق ئەو ڕیتمەیە، کە لە پێکهاتی ناوەوەی دەق سەرچاوەی گرتووە، بنەماکانی جێگیر نییە و چەندین هونەری زمانی بەشداری لە دروستکردنیدا دەکەن ((لە پێوەندی هەموو ئەو ئاستانە دروست دەبێت کە بونیاتی گشتی دەق پێکدێنن، ئاستە جیاوازەکانی دەنگ و واتا و ڕێزمان بەیەکەوە گرێ دەدات)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤٣)، بۆیە چەندین هونەر و پێکهاتەی زمانی بەشداری تێدا دەکەن، شاعیرە نوێخوازەکان گرنگی زیاتریان بەم ڕیتمە داوە و پێیان وایە کێش و سەروا بە تەنها ڕیتم و مۆسیقای شیعر دروست ناکەن، بەڵکوو ((لە پاڵیدا ئاوازێکی دیکە لە ئارادا دەبێت کە ئاوازی ناوەوەی هەڵبەستەکەیە، ئەم ئاوازەش بریتییە لە نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندیان و پاش و پێشخستنی و بەکارهێنانی هەندێ لە ئامرازە زمانییەکان بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆرجار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبن)) (محەمەد، ١٩٩٨: ٨٩).

ڕیتمی ناوەوە، لەبەرئەوەی ڕێسایەکی دیاریکراوی نییە ((دەستنیشان ناکرێت، چونکە تاکە کەسی و گۆڕاوە)) (بەکر، ٢٠٠٤: ٨١)، هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە بخزێتە ناو هەموو ئاستەکانی وەک دەنگ و وشە و ڕستە و سەرجەم پێکهاتەکانی دەق بگرێتەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە پێناسەی جۆراو جۆری بۆ بکرێت، بۆیە ڕیتمی ناوەوە ((مەبەست لێی، پێکەوە گونجاندنی ئەو ڕووبەرە دەنگدار و بێدەنگانەیە، یان ئەو پیت و یەکە فۆنەتیکیانەیە، کە ناچنە چوارچێوەکانی کێشناسی و ڕیتمناسی تەقلیدییەوە، چونکە ڕیمتی ناوەکی ملکەچی پێوەرە پێشوەختەکان نییە، پشت نابەستێ بە یاسا دەستە جەمعییەکان، بەڵکوو پشت ئەستوورە بە خواستە تاکە کەسییەکان)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٨٩)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر دیاردەیەکی دەنگی بەشداری لە بونیادی کێش و سەروادا نەکردبێ دەچێتە چوارچێوەی ڕیتمی ناوەوە،

ڕیتمی ناوەوە ڕۆڵی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی شیعری و پەیوەستە بە هەست و بیری شاعیرەوە، هەرچەندە وەکو کێش و سەروا ڕوون و ئاشکرا لەبەرچاو نییە، بەڵام ((مۆسیقایەکی نادیار و شاراوەیە، بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە شاعیر لە هەڵبژاردنی دەقەکەدا بەکاریان دەهێنێت و ئەو گونجاندن و ڕێککەوتنەی لەنێوان پیت و وشە هەڵبژێراوەکاندا هەیە پەیدا دەبێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ١٤٤)، واتە هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنیان بەپێی هەست و ویستی شاعیر ئەو ڕیتمە دروست دەکات، کە لە ئەنجامی چنینی دەقە شیعریەکەوە دروست دەبێت، بۆیە ئەم ڕیتمە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە و پەیوەندی بە بیر و خەیاڵ و هەستی کەسەکەوە هەیە، بۆیە دەکرێ بوترێت ڕیتمی ناوەوە بریتییە لە ((ڕێکخستنی ورد و جوانی وشە و دەستەواژەکانی ناو دێڕە شیعر بە شێوەیەک، کە پەیوەندی بەیەکەوە گونجاندن لە نێوان دەنگ یا پیتی دوای وشەکاندا ببێت، ئەمەش هەندێ جار

شاعیر بەمەبەست هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات هەندێ جاریش لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە دروست دەبن)) (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٤٢).

مەبەست لە ڕیتمی ناوەوە ئەوەیە ((کە هەستەکانی شاعیر بەرامبەر بە پیت و وشە و دەستەواژە هەستێکی تایبەتە، بە واتایەکی تر هەست کردنە بە ئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگی و ئاوێتە بوونی، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو جۆرە مۆسیقایە پشت بە وێنەی کاتیی تەفعیلە نابەستێت)) (سەعدون، ٢٠٠٦: ٢٥٨)، کەرەستەی خاوی دەستی شاعیران وشەیە، شاعیریش تا چەند بە ئاگایی و لێزانییەوە وشەی ئاوازدار هەڵبژێرێ بۆ دەقەکەی ئەوەندە شیعرێکی پڕ ئاواز و بە جۆش دێنێتە بەرهەم، شاعیرانی نوێخواز گرنگی زۆریان بە ڕیتمی ناوەوە داوە، هەرچەندە ناتوانرێ پێوەرێک بۆ ڕیتمی ناوەوە دابنرێت، یان بەش و پێکهاتەکانی بەتەواوی دەستنیشان بکریت، بۆیە دەوترێ ((ڕیتمی ناوەوە پێوەری نییە، لەبەرئەوەی پشت بەیاسای دەروونی تاکە کەسی دەبەستێت نەک کۆمەڵ)) (سەعید، ٢٠١٣: ١٤٧).

ڕیتمی ناوەوە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکی شیعری کوردیدا ئامادەیی هەبووە، بەڵام لە شیعری نوێدا پانتاییەکی زیاتر داگیردەکات، ئەمەش بەهۆی:

((١- لادان لە بونیات و شێوەی نوسینی شیعر بە هۆکاری هەرە سەرەکی دادەنرێت، بە تایبەتیش گۆڕانی سیستەمی دێڕ و دوو دێڕی و قاڵبە شیعرییەکان.

٢- هەموو ئەو لادانانەی لە بونیاتی مۆسیقای دەرەوە ڕویاندا، دوای ئەوەی کێش و سەروا بەرەو کاڵبوونەوە و نەمان چوو، وایکرد ڕیتمی شیعر زیاتر لە دیوی ناوەوەی شیعر چڕ بکرێتەوە.

٣- ئەزموونی شیعری نوێخواز بایەخی زۆری بەم ڕیتمە داوە، بەتایبەتیش لە ژێر ڕۆشنایی (تیۆرە نوێیەکانی خوێندنەوە و وەرگرتن)دا، کە هەوڵیان داوە پردی پەیوەندی لە نێوان خوێنەر و دەق دروست بکەن و خوێنەر لە پرۆسەی داهێنان بەشدار بێت و خۆی لە کرۆکی بابەتەکە بە دوای بەها و چێژی شیعرییەتدا بگەڕێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤٥).

ڕیتمی ناوەوە لای (عەبدولقادر سەعید)یش بەهۆی چەند دیاردە و شێوازێکەوە دروست دەبێت، دیارترین و سەرەکیترین ئەو تەکنیک و هونەرانەی بەشداری لە بونیاتنانی ڕیتمی ناوەوەدا دەکەن ئەمانەن:

**١- دووبارەکردنەوە:**

مەبەست لێی دووبارە کردنەوەی دەنگێک یان وشەیەک یان گرێیەک یان ڕستەیەکە لەوناو دەقێکی شیعریدا، بە لادانێکی دەنگی و هونەرێکی گرنگ و بنەڕەتی بونیاتی گشتی مۆسیقای

شیعر دادەنرێت ((چونکە مۆسیقای دەرەوەی شیعریش -کێش و سەروا- پشتی پێدەبەستن و لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی پێیەکان و دەنگێک، یان کۆمەڵە دەنگێک دروست دەبن)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٢٤٦) زۆرجار شاعیر بەمەبەست کردەی دووبارەکردنەوە بەکاردێنێ، ئەمەش لەبەر بەخشینی جوانی بەدەقەکە یان جەخت کردنەوەی شاعیرە لەسەر ئەو دەنگ یان وشە و ڕستەیە، کە شاعیر مەبەستییەتی بەتەواوی بگاتە خوێنەر.

بنیاتی دووبارەکردنەوە ((بە یەکێک لە بنیاتە پێشکەوتووەکانی شێوازگەری دادەنرێت، بە گرنگترین تایبەتمەندی دادەنرێت کە هونەری شیعر لە هونەری مۆسیقا و زانستی ئیستاتیکای نوێ وەریگرتووە ئەویش بنچینەی ڕیتمە بە هەموو جۆرێکییەوە، مەڵبەندی دەنگە کە گوێ بەهۆیەوە هەست بە ڕێکەوتن و گونجاندن دەکات)) (القصیری، ٢٠٠٦: ١٧٦)، ئەمە دەربارەی دووبارەکردنەوە دەنگ، سەبارەت بە دووبارەکردنەوەی وشە و ڕستەش دەبێت دووبارەکراوەکان ((هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ)) ((گەردی، ١٩٧٥: ٤٧)، واتە دەبێت دوبارەکراوەکان هەمووجارێک لە فۆرم و واتادا وەکو یەک بن، بەمەش مەبەست و ئامانجی دووبارەکراوەکان گرنگی پێدان و جیاکرنەوەیانە لەوانی دیکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و زیاتر تیشک خستنەسەریان.

(نازک الملائکە) دوو بنەمای بۆ دووبارەکردنەوە دیاریکردووە ((یەکەمیان: لەسەر بنچینەی عاتیفە و هەست و باری دەروونیی دروست دەبێت، واتە دووبارەکردنەوە سوربوون و پێداگرتنی شاعیرە لەسەر لایەنێکی گرنگ لە دەستەواژەکە، کە شاعیر مەبەستێتی بۆیە زیاتر گرنگی پێدەدات، دووەمیان: لەسەر بنەمای ئەندازیاری دانراوە، کە هۆی دووبارەکردنەوەکە هاوسەنگییە، چونکە لە هەموو دەستەواژەیەکی ئاساییدا جۆرێک لە هاوسەنگی شاراوە هەیە، کە شاعیر دەبێت لە هەموو بارودۆخێکدا ئاگاداری بێت و پارێزگاری لێبکات)) (ملائکە، ١٩٧٥: ٢٤٢)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە لە یەکەمیاندا شاعیر مەبەستی جەخت کردنەوەیە و لە دووەمیشیاندا ڕێککردنەوە و پاراستنی هاوسەنگییە.

(عەبدولقادر سەعید) لە شیعرەکانیدا دیاردەی دووبارەکردنەوەی بەکارهێناوە، هەر لە دووبارکردنەوەی دەنگەوە تا دەگاتە برگەو وشە و گرێ و ڕستە، بەپێی ئاستەکانیش جۆرەکانی دووبارەکردنەوە بریتین لە:

**أ- دووبارەکردنەوەی دەنگ (فۆنیم):** دووبارەکردنەوەی دەنگێک، یان زیاترە لە ناو وشەیەک، یان لەتێک یان دێڕو کۆپلەیەک، یان تەواوی دەقە شیعرییەکە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ((جۆرە هەمەڕەنگییەک لە دەنگ دروست ببێ و دەق لە ڕۆتینی کێشی باو ڕزگار بکات، یان سەرنجی خوێنەر بۆ وشەیەک یان چەند وشەیەک ڕابکێشێت، کە بەهۆی هاودەنگییەوە ڕێکەوتون، یاخود بۆ جەختکردنەوە لەسەر مەبەستێک، کە دەنگە دووبارەکراوەکان دەلالەتی

دەربڕینەکە لە خۆ دەگرن)) (عیاشی، ٢٠٠٩: ٧٨)، جا دەنگەکان بزوێن بن یان نەبزوێن جیاوازیان نییە، دووبارەکردنەوەی دەنگ بە هونەرێکی گرنگی پتەوکردی ڕیتم دادەنرێت. بۆ نمونە:

**لە تینواِنا چاِو داِگیرساِو**
**لە برساِنا ئۆقرە لە گیاِنیاِن هەڵگیراِو (٢٠٠٥، ١٢٣)**

لە ئاستی دێڕە شیعردا شاعیر (١٠)جار پیتی بزوێنی درێژی( ا ) دووبارەکردۆتەوە، بەمەش ڕیتمێکی خۆشی داوە بەشیعرەکە، لەگەڵ ئەوەی ئاسانیش دێتە سەر زمان لەکاتی خوێندنەوەدا.

**شیعری گەشبینی شاعیرێ**
**تابلۆی سەوزی هونەرمەندێ**
**ڕێی تێناچێ،**
**کە هاوتابێ**
**بە سەمای ئەو گەڵا زەردەی تا دەکەوێتە سەرزەوی**
**دەشنێتەوە و گۆرانییەکەی تەواو نابێ (٢٠٠٥: ١٥٢)**

شاعیر ئەمجارە بۆ دروستکردنی ڕیتمێکی خۆش و دڵکەشانە، پیتی (ێ)ی (٩)جار لە کۆپلەیەکدا دووبارەکردووەتەوە.

**ئەمڕۆ شیعرم لە بڵندگۆی شەوگارێکەوە دەچریکاند**
**گوێیان لێبوو**
**شمشێری ڕقیان هەڵکێشا و**
**سواری کەشتی غوربەتیان کردم (٢٠٠٥: ٢٢٧)**

لە پیتە نەبزوێنەکانیشدا شاعیر دووبارەکردنەوەی ئەنجام داوە، لەم لەتە شیعرەدا پیتی (ش) (٦)جار دوبارە بووەتەوە و پیتی (ر) (٧)جار دووبارە بووەتەوە. بۆیە د. کامیل بەسیر پێی وایە ((هەڵچونی ئاگرین و توندوتیژ پێویستی بە دەنگی کۆنسنەنتی بەهێز هەیە، بەڵام سۆزی هێدی و لەسەرخۆ بۆ دەربڕین زیاتر پەنا دەباتە بەر کونسنەنتەکانی سازگەی لێو و بزوێنی کورت کشاو و خاو)) (بەسیر، ١٩٨٣: ٢٠٣).

کەواتە ((لێرەدا نابێت ئەو ڕاستیەش فەراموش بکرێ کە دووبارە کردنەوەی دەنگەکان لە ناو دەقی شیعریدا بە هیچ شێوەیەک دابڕاو نییە لە بنەماکانی دیکەی بنیاتی دە قی شیعری بۆیە دەتوانین بڵێین دیاردەی دووبارە کردنەوەی دەنگ هەندێ جار وشیارانە و هۆشمەندانە، هەندێ جار ناهۆشمەندانە بەدی هێنراوە و خودی تاقیکردنەوە شیعریەکە داییاراندونەتە ناو

دەقەکەوە تا ئاوازێکیان لی پێکبهێنرێت، کە چ لە سـەر ئاستی جوانکاری بێت یان لە سەر ئاستی دەربڕینی بابەتەکەدا بێت ڕۆڵی ناوازەیی خۆیان هەیە)) (میرزا، ٢٠١٢: ٨١).

**ب- دووبارەکردنەوەی وشە:** دووبارەکردنەوەی وشەیەک یان چەند وشەیەکە لە جارێک زیاتر لە ناو لەت و دێڕ و کۆپلەیەک یان تەواوی دەقەکەدا، ئیتر وشەکە ناو بێت یان کار یان جێناو یان ئاوەڵناو... هتد، هەرچەندە دووبارە کردنەوەی وشە پەیوەندی بە ئاستی وشـەوە هەیە ، بەڵام لە بەرئەوەی بەشداری لە دروستکردنی ڕیتمی نـاوەوەی شیعرەکە دەکات لێرەدا باسی دەکەین ، بەهەمان شێوە باسی دووبارەکردنەوەی گرێ و ڕستە و نیوە دێڕیش دەکەین، لێرەدا ((هـەمـوو وشـە و فرێزەکان بەشێوەیەکی گشتیش ، سیستمی یەکگرتووی ڕستە سـازی بـەمەبەستی دووپاتکردنەوەی بەشێک لە پەیامی دەقەکە، دووبارە دەکرێتەوە)) (بەکر، ٢٠٠٤: ٨٥)، سەبارەت بە وشە لە شیعرەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا دووبارەکردنەوەی وشـە ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگی بینیوە، بەتایبەتی لە پێکهێنانی ئـاوازی ناوەوەی شیعرەکانیدا، وەک لێرەدا دەردەکەوێت و دەڵێت:

**<u>دوو</u> کۆتری سپی هۆگری کەژو تەنیایی**
**<u>دوو</u> دڵی <u>یەک</u> لاشە خەمبار**
**<u>دوو</u> ئەستێرەی <u>یەک</u> ئاسمان و**
**<u>یەک</u> شینایی**
**<u>دوو</u> ئاوازی سوێی برینێ**
**<u>دوو</u> هەنگاوی**
**<u>دوو</u> هەناسەی**
**<u>دوو</u> لەرزەی لێوی**
**بێ تینێ**
**باڵی گیانیان کردە <u>یەک</u> باڵ**
**عەشقیان بوو <u>بە</u> سروە ( با )**
**<u>بە</u> بزەی لێوو**
**<u>بە</u> ترۆپکی کێوی خەیاڵ**
**نیگایان بوو**
**<u>بە</u> ڕوانینی نیگای <u>یەک</u> چاو**
**خوێنیان <u>بە</u> <u>یەک</u>**
**دڵیان <u>بە</u> یەک**
**هەنگاویان بوو**
**<u>بە</u> <u>یەک</u> هەنگاو . (٢٠٠٥: ٨٩-٩٠)**

لەم شیعرەدا دووبارەکراوەکان ڕیتمێکی خۆش و جوان بە خوێنەر دەبەخشن، شاعیر بە مەبەستی جەخت خستنە سەر وشەکان دووبارەی کردوونەتەوە و بە تەواوی هەست بە ناخ و دەروونی شاعیر دەکرێت، کە ئامرازی پەیوەندی (بە)ی (٧)جار دووبارە کردووەتەوە، هەروەها وشەکانی (یەک) کە (٨)جار دووبارەی کرووەتەوە و (دوو) کە (٧)جار دووبارە بووەتەوە. یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**کێ سبەینێ تەرمی ئەو منداڵانە**

**ئەو کۆترە باڵکراوانە**

**ئەو ڕووانینە دزراوانە**

**لە گۆڕستان دەشارێتەوە**

**کێ دەوێرێ لە گۆڕهەڵکەنێ بپرسێ**

**ڕۆژی دەرگای چەند گۆڕ لەسەر**

**شەقامی هیوا دادەخرێ**

**چەند ئەرخەوان هەڵدەکێشرێ**

**چەند جۆگەلە وشک دەکرێ**

**چەند دەست یەخسیر**

**چەند گەردن کەچ دەکرێنەوە(٢٠٠٥: ١٦١)**

کە سەرنجی ئەم شیعرە دەدەین، هەست بە نائومێدی و خەمباری شاعیر دەکەین، لە هەمبەر ئەو ڕووداوە تراژیدیانەی، کە لە وڵاتەکەی ئەودا ڕوودەدەن، بۆیە پرسیار دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ژمارەی مردنەکان هێندە زۆرن کەس ناوێرێ پرسیار لە گۆڕهەڵکەنێ بکات، بۆیە وشەی پرسی (چەند)ی (٥)جار دووبارەکرووەتەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ زۆری ژمارەی ڕووداوە تراژیدییەکان، یان لەم شیعرەی تردا دەڵێت:

**ئەمە کەی ئازادییە**

**ئەمە کەی شۆڕشە**

**کەی دیموکراسیە**

**کەی ڕاپەڕینە**

**سۆزانییەکان، ئەپرسن چۆن**

**ئابڕوی ڕژاویان کۆکەنەوە**

**شەهیدەکان ئەپرسن**

**شکۆیان چۆن بۆدەگێڕنەوە**

**پێشمەرگەکان ئەپرسن**

**گەنجێتییان <u>چۆن</u> پێ دەدەنەوە(٢٠١٨: ٧٥)**

شاعیر لەم شیعرەشدا دیسان فۆکس دەخاتە سەر وشە پرسەکان و پرسیاری پێدەکات، کە ئازادی و شۆڕش و ڕاپەڕین و دیموکراسی چۆن بەو شێوەیە دەبێت؟ وشەی پرسی (کەی) لە بنەڕەتدا بۆ پرسیارکردنە لە کات، بەڵام لێرە مانای چۆنێتی دەگەیەنێ، کە لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا وشەی (چۆن) سێ جار دووبارە دەبێتەوە.

**پ- دووبارەکردنەوەی گرێ:**

**<u>یاسا هەیە دژی</u> جەنگ**
**<u>یاسا هەیە دژی</u> لەشفرۆشی**
**<u>یاسا هەیە دژی</u> پیسکردنی ژینگە**
**<u>یاسا هەیە دژی</u> خۆکوژی**
**<u>یاسا هەیە دژی</u> ژن کوشتن،**
**بەڵام یاسایەک نییە نەهێڵێت**
**بیر لە هەموو ئەم شتانە نەکرێتەوە؟ (٢٠٢١: ١٣٠)**

لەم شیعرەدا گرێی (یاسا هەیە دژی) (٥)جار دووبارە بووەتەوە، ئەم دووبارەبونەوەیە جەخت کردنی تەواوی شاعیرە لەسەر بونی یاسا لەهەمبەر ئەو بابەتانە، بەڵام ئەو ئەیەوێ یاسایەک هەبێت،کە کەس تەنانەت بیریش لەو شتانە نەکاتەوە، یان لێرەدا دەڵێت:

**<u>بە سەر</u> شاخ و**
**<u>بە سەر</u> شار و**
**<u>بە سەر</u> سەرماندا ئاڵایەک..**
**خوێنی سەد ساڵەی لێ دەتکێ**
**دەڵێی پەڕۆی نوسراوی**
**<u>سەر</u> دەرگای سۆزانیخانیەکە**
**بای شەرم دەیشەکێنێتەوە!؟(٢٠٢١: ١٣٢)**

لێرەدا وشەی (بە سەر) ڕۆڵی ئاوەڵکاری شوێنی دەبینێ، شاعیر مەبەستێتی وێنەی ئەو شوێنانەمان پیشانبدات، کە ئاڵای لێ هەڵکراوە، ئاڵایەک کە ئەم هەموو خوێنەی داوە بۆ ئەبێ شەرمنانە بشەکێتەوە؟ هەروەها دووبارەبونەوەی گرێکان ڕیتمێکی جوانی بۆ شیعرەکە دروست کردووە.

**ت- دووبارەکردنەوەی ڕستە:** دووبارەکردنەوەی ڕستەیەکە یان دێڕێکە لە کۆپلەیەک یان سەرجەمی دەقەکە، کە دەبێت ئەو وشەیە یان لەتە یان دێڕە، ڕستەیەکی تەواو پێکبهێنێ. وەک:

**ناوی تۆم بیر دەچێتەوە..**
**وەک ناوی ئەو ڕێبوارەی**
**سڵاوی کرد و نەمناسی**
**ناوی تۆم بیر دەچێتەوە..**
**وەک ژمارەی ئەو ساڵانەی**
**هەر لە خۆڕاغەریبی کوشتی!(٢٠٢١: ١١٦)**

وەک دیارە لەم کۆپلەیەدا ڕستەی (ناوی تۆم بیردەچێتەوە) دووجار دووبارە بووەتەوە، کە چەندجارێکی تریش دووبارە بووەتەوە لە سەرجەمی شیعرەکەدا، یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**بماندەنەوە**
**پاکێتیمان بدەنەوە**
**خوێنی ڕژاوی شەهیدان**
**قریشکەی ژنە ئەنفال کراوەکان،**
**پاکیزەیی کچە شەنگالیەکانمان بەنەوە**
**.....**
**بماندەنەوە...**
**ئەوەی بردوتانە**
**ئەوەی دزیوتانە**
**ئەوەی داگیرتان کردووە**
**بماندەنەوە .**
**ئاڵای شەکاوەی سەر تەلاری بازرگانی بۆ ئێوە .**
**بڵندگۆی میدیا بێزار کەرەکان بۆ ئێوە .**
**قەڵەمە چاو شۆڕەکان بۆ ئێوە**
**تفەنگە ژەنگاویەکان بۆ ئێوە(٢٠١٨: ٧٩-٧٣)**

لەم شیعرەدا ڕستەی (بماندەنەوە)ی (٥) جار دووبارەکردۆتەوە، کە تیایدا هەست بەتوڕەیی شاعیر دەکرێت لە هەمبەر نادادی و ئەو کارەساتانەی لە سایەی دەسەڵاتدارانەوە توشی میللەت بووە، بۆیە چەند جارێک دووپاتی دەکاتەوە، کە بەهاکانی کۆمەڵگە و هەموو ئەو شتانەی دەسەڵاتداران بردوویانە بیاندەنەوە، دووبارەکراوەکان جگە لەوەی بەمەبەست جەختی خراوەتە سەر ڕیتمێکی جوان و خۆشیشی بۆ شیعرەکە دروست کردووە.

**٢- سەرواى ناوەوە:**

یەکێکی تر لەو دیاردانەی ڕیتمی ناوەوە دروست دەکات، سەرواى دەنگی ناوەوەی شیعرە، کە ئەوەیە ((وشەکانی ناوەوە(حشو) لە نێوان خۆیاندا یان لەگەڵ وشەی کۆتاییدا هاوسەروابن)) (سەعید، ٢٠١٣: ١٥١)، کە هەر دێڕە شیعرێک لەم جۆرە سەروایەی تێدابێت ڕیتمێکی ڕەوانتر و ئاوازێکی خۆشتری هەیە، بۆ نمونە (عەبدولقادر سەعید) دەڵێت:

**کام کاتژمێری بە ئاگا**
**زەنگی نوێژی کام کڵێسا**
**پاسەوانی بەردەم دەروازەی کام پاشا**
**وەک پێڵوی چاوم ڕاهاتون**
**بەیانیان زوو، زەنگ لە دوای زەنگ.**
**کەروێشکە گیانی کۆچەیم**
**سیزیف ئاسا، بەرەو کارگە**
**بدەنە بەر شێلگەی تفەنگ.    (٢٠٠٥: ١٣٧)**

ئەگەر بە وردی لەم شیعرە بڕوانین ئەوا دەردەکەوێ، کە وشەکانی (زەنگ و تفەنگ) سەرواى سەرەکی شیعرەکەیە، بەڵام وەک دەبینین شاعیر کۆمەڵێ وشەی ئاوازدار تری هێناوە و پێکەوە چنیویەتی و بوونەتە سەرواى ناوەوە و ڕیتم و ئاوازێکی ئێجگار شیرین و ناسکی دروست کردووە، کە هەریەک لە وشەکانی (کاتژمێری، نوێژی، پاسەوانی، پێڵوی، گیانی، شێلگەی، یان، ئاگا، کڵێسا، پاشا). کە هەندێکیان لە ئاستی ستونی و هەندێکیشیان بە ئاسۆیی بوونەتە سەرواى ناوەوە، یان لەم شیعرەی تردا دەڵێت:

**ڕەشەبای چەپڵە هەڵیکرد**
**بانگەشەی پەیمانی ئاشتی**
**نیوان داس و گوڵەگەنم**
**کۆت.. ئازادی**
**چەقۆ و گەردن**
**وێرانە خاک.. ئاوەدانی**
**لە بڵندگۆی قرخنی پێش هەڵبژاردن جاڕدرا.**
**ڕەشەبای نەفرەت هەڵیکرد**
**بەو درۆیەی هەر لەوێڕا**
**دوای بەڵێنە ژەنگاوییەکان**
**لەگەڵ گەنم و ئاوەدانی و گەردن و ئازادی کرا.    (٢٠٠٥: ٢٤٥)**

لەم شیعرەدا سەروای ناوەوە لە ئاستی ستوونیدا دروستبووە، کە هەریەک لە وشەکانی (پەیمانی ئاشتی، ئازادی، ئاوەدانی) بوونەتە سەروای ناوەوەی شیعرەکە و ڕیتمێکی ناوەوەیی جوانیان دروستکردووە، سەروای سەرەکی شیعرەکەش هەریەک لە وشەکانی (جاڕدرا، کرا)یە.

**٣- کرتاندنی فۆنیم:**

مەبەست لەم جۆرە لادانە ئەوەیە ((کە فۆنیمێک یاخود چەند فۆنیمێک لە وشەکە کەم دەکرێتەوە ئەمەش چ لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت یاخود بۆ مەبەستی کورتی و چڕی و پاراستنی مۆسیقای شیعرەکە بێت)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١١٦)، کەمکردنەوەی دەنگێک یان چەند دەنگێک لەلایەن شاعیرەوە بە کرتاندن ناودەبرێت، جا کرتاندنەکە لە سەرەتای وشەکەوە بێت یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەکە، زۆرجاریش کرتاندنەکە پەیوەندی بەو سیاقەوە هەیە، کە وشەکەی تێدا بەکاردێت ئەویش بۆ ((سوککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لەسەر زمان، کە مەبەستیان هێنانەدی کاریگەرییەکی زیاترە لەسەر خوێنەر)) (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٥٢)، کەواتە کرتاندن واتە نەمانی یان لابردنی دەنگێک یان زیاتر لە وشەیەکدا، ئەمە تەنها تایبەت بوو بە کرتاندنی فۆنیم، جۆرەکانی تری کرتاندن لە شوێنی خۆیاندا باس دەکرێن.

کرتاندن تەنها لە شیعردا ڕوونادات، بەڵکوو زۆرجار خەڵکی ئاسایی ڕۆژانە لە کاتی قسە کردندا ئەنجامی دەدات، وەک ناوچەی سلێمانی دەنگی (د) ئەکرتێنن وەک (دێم) ئەکەن بە (ێم)، یان ئەو دەنگانەی ئەکەونە کۆتایی وشەکانەوە، کە خۆی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەکرتێ وەک دەنگی (ت، ک) بۆنمونە (دەکرێت) دەبێت بە دەکرێ، (هەندێک) دەبێت بە هەندێ... تاد، (عەبدولقادر سەعید)یش لەمجۆرە کرتاندنانەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هەوڵ دەدەین هەندێکیان دەستنیشان بکەین:

**أ. کرتاندنی دەنگ لە سەرەتای وشەکان:**

**<u>گەر</u> وانەبا**
**ئەم هەموو خوێن**
**لە ڕوح چۆڕاوانە کێن**
**سنورەکانی وڵاتان**
**بە هەنگاوی یاساخ دەبرن(٢٠٠٥: ٢١٣)**

(گەر) دوو دەنگی سەرەتای کرتێنراوە، کە (ئە)یە، واتە وشەکە خۆی (ئەگەر) بووە. یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**چۆن دەتوانین لەیەک <u>بگەین</u>**
**نیوانی دوو شاری خاپوور**
**لافاوێکە**
**لەڕێی ڕێبواران هەڵدەستێ. (٢٠٠٥: ٧٧)**

لێرەشدا دوو دەنگی سەرەتای وشەیەک کرتێنراوە، کە وشەی (بگەین)ە و هەردوو دەنگی (ت، ێ) کرتێنراوە، کە دەبوو وشەکە بەمجۆرە بوایە (تێبگەین).

**ب. کرتاندنی دەنگ لە ناوەڕاستی وشەکان:**

**درەنگ**
**زۆر درەنگ**
**لە وشەی تەنیایی و غوربەت و مانای چەوسانەوە <u>تێگەییم</u> (٢٠٠٥: ٣٣)**

لێرەدا کرتاندنەکە لە ناوەڕاستی وشەی (تێگەییم)دا ڕوویداوە، کە دوو دەنگی (ش،ت) کرتێنراوە، وشەکە خۆی دەبوو(تێگەیشتم) بوایە. یان لە نمونەیەکی تردا دەڵێت:

**چۆن دەتوانین لەیەک بگەین**
**تۆ بێ نەغمەو**
**هەناسەت <u>بۆتە</u> خۆڵەمێش**
**منیش لەم دیو کێوو دیواری بەرزەوە**
**هەنگاو بەسەر مەرگا دادەنێم (٢٠٠٥: ٧٧)**

لەم شیعرەدا لە ناوەڕاستی وشەی (بۆتە)دا کرتاندن ڕویداوە، کە خۆی دەبوو بەمجۆرە بوایە (بووەتە)، دەنگە کرتێنراوەکانیش دەنگی (وو، ە). یان لەم تردا دەنگی (ت) کرتاندووە و دەڵێت:

**مەگەر نسێ و بەستەڵەکی کەناری ئەم عەشقە قوڵە**
**<u>هەڵتگرێ</u> و شەقامە چۆڵ و سڕەکان**
**لاشەی گیانی گرمۆڵە بووت**
**بگرنە خۆ (٢٠٠٥: ١٨١)**

وەک دیارە لێرەشدا کرتاندنەکە لە وشەی (هەڵتگرێ) دا ڕوویداوە و دەنگی (ت) کرتێنراوە، کە خۆی دەبو بەمجۆرە بوایە (هەڵتبگرێ). لە شیعرێکی تردا بەمجۆرە کرتاندنی ئەنجامداوە:

**دیارە حەقیقەت زۆر ونە**
**گەر <u>وانەبا</u>**

**خەڵکی پرکێشی چۆن دەکا**
**دەست لە ڕونینی منداڵ و**
**ساڵەهای ساڵ خۆشەویستی و**
**گۆڕستانی وڵات بەردا (٢٠٠٥: ٢١٣)**

لە وشەی (وانەبا)دا دەنگی (و) کرتێنراوە، کە وشەکە خۆی لە بنەڕەتدا (وانەبوا)یە، کە شاعیر ئەمەی بۆ سوککردن لەسەر زار و بە مەبەستی گونجاندنی ڕیتم و ئاوازی شیعرەکە ئەنجامی داوە.

**پ. کرتاندنی دەنگ لە کۆتایی وشەکان:** لە زمانی کوردیدا و بەتایبەتی لە هەندێ ناوچەدا چەند فۆنیمێک، کە دەکەونە کۆتایی وشەکان دەکرتێنرێن، وەک لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

**عەشقت لە بارانی سەر پەڵەی پایز <u>دەکا</u>**
**کاتێ لەناکاو دەیدا لە ڕەنجی ساڵی <u>جوتیارێ</u>**
**عەشقت لە شالاوی هوردوی دوژمن <u>دەکا</u>**
**بۆ گوندێکی چاو خەواڵوو(٢٠٠٥: ١٨)**

دەنگی (ت، ک) زۆرجار کە دەکەونە کۆتایی وشەکان خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی ئەکرتێن، نەک تەنها لە شیعردا بەڵکوو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیشدا، وەک لێرەشدا دەرکەوتووە فۆنیمی (ت) کرتاوە، کە ئەم فۆنیمە بەشێکە لە جێناوە لکاوەکە، کە دەبوو بەمجۆرە بووایە (دەکات)، یان دەنگی (ک) کرتێنراوە لە وشەی (جوتیارێ) کە خۆی دەبوو (جوتیارێک) بووایە.

**نازانم گیانی ماندووم چەند هەنگاوی ڕێگا <u>دەبڕێ</u>**
**بەڵام تەمەنی هیوایەکم**
**لەکۆڵ ناوە**
**بەرگەی هەموو کۆسپ و سنوری ڕێ <u>دەگرێ</u> (٢٠٠٥: ٥٣)**

بەهەمان شێوەی نمونەکەی پێشوو لێرەشدا دیسان دەنگی (ت) کرتێنراوە لەهەریەک لە وشەکانی (دەبڕی، دەگرێ)، کە دەبوو (دەبڕێت، دەگرێت) بوونایە، یان دەنگی (ک) کە دەکەوێتە کۆتایی وشە زۆرجار ئەکرتێ، وەک لەم نمونەیەدا شاعیر دەڵێت:

**<u>هەندێ</u> جار..**
**<u>تۆزێ</u> مۆسیقای ئارام**
**کڵپەی <u>شەماڵێ</u>**
**تەلی <u>کەمانێ</u>**

**دەمخاتە گرین.. (٢٠٠٥: ٩٥)**

شاعیر لەم کۆپلەیەدا چوارجار فۆنیمی (ک)ی کرتاندووە لە هەریەک لە وشەکانی (هەندێ، تۆزێ، شەماڵێ، کەمانێ)، کەدەنگی (ک) پیتێکی نەبزوێنە و تۆزێ قورسە لەکاتی گۆکردندا، کە دەکەوێتە کۆتایی وشەکان، بۆیە کرتاندنی لە شیعردا ئاوازەکە سوکتر و خۆشتر دەکات.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر بەشێوەیەکی بەئاگایانە و لێزانانە (ڕیتمی ناوەوەی) بەشێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە و گرنگی زۆری پێداوە، کە هەریەک لە هونەرەکانی دووبارەکردنەوە و سەروای ناوەوە و کرتاندنی فۆنیم دەگرێتەوە.

**پاری دووەم: لادان لە ئاستی وشەسازیدا**

بێگومان وشە یەکێکە لە کەرەستە گرنگەکانی دەستی شاعیر بۆ دروستکردن و بنیاتنانی بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتتر شیعر، کە شاعیر بە هۆی وشەو دەستەواژەکانیەوە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات و لایەنە شاراوەکانی دەروونی خۆی دەردەبڕێت، بۆیە وشە ((لە کتێبە ڕەخنەییە کۆن و نوێکاندا بە ڕەگەزێکی بنچینەیی زمانی دەقی شیعری دانراوە )) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩٨)، شاعیر بۆ ئەوەی دەقێکی شیعری جوان بنیات بنێت، دێت لادان لە فەرهەنگی وشەکانی زماندا دەکات، ئەمەش بە مەبەستی بزواندن و هەژاندنی هەستی خوێنەر و گوێگر، بۆیە ((شاعیر لە بەرهەمەکانیدا پەنا دەباتە بەر هەڵبژاردنی وشەی بەهێز و کاریگەر، بەشێوەیەک، کە لە تەک مەبەستەکانیدا بگونجێت، بەپێی شوێنی وشەکان هێز و نرخیان پێدەبەخشێت)) (کاکی، ٢٠٢٠: ٣٤)، واتە شاعیر بە هۆی وشەی هەڵبژێردراو و کاریگەرەوە لە شێوە باوەکەی زمان لادەدات و وشەکان بە شێوەیەک ڕیز و دووبارە دەکاتەوە تا بە هۆیەوە خوێنەر بوروژێنێت و سەرنجی بۆلای خۆی ڕابکێشێت و چێژی پێببەخشێت، لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا پێویستیان بە سەلیقە و شارەزایی و کارامەیی و وردبینی هەیە، کە بەهۆی ئەم لادانەوە بتوانێت شیعرێکی ناسک و جوان و هونەری بەرز پێشکەش بکات.

بەکارهێنانی وشە لە زمانی ئاساییدا جیاوازە لە وشە لە دەقێکی ئەدەبیدا بەتایبەت لە شیعردا، بەڵام ((ئەم جیاوازییەش مانای ئەوە نییە، کە ئەدەب وشە و دەستەواژەو ڕێنوسێکی دیکە لە دەرەوەی ڕێزمانی ئاسایی بەکاردەهێنێ، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە زمانی ئەدەب بەرەو ناوەوەی خودی دەقە ئەدەبییەکە دەچێ زیاتر لەوەی ڕووە و دەرەوە بچێت)) (دەروێش، ٢٠٠٦: ٣٤)، بۆیە شاعیری لێهاتوو لەڕێی وشەوە جوانی و هونەرێتی شیعرمان نیشان دەدات، هەروەک (مالارمێ) وشە دەکاتە کرۆکی کردەی شیعری و دەڵێت: ((ئێمە دێڕە شیعرەکان بە بیر دروست

ناکەین، بەڵکوو بە وشەکان دروستیان دەکەین)) (کۆهین، ١٩٨٦: ٤١)، کەواتە شاعیر بۆ دەربڕینی جیهانبینی و بیر و خەونەکانی بەبێ وشەکاری ناتوانێ ئامانجەکەی بپێکێ، بۆیە شاعیر بە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشەکان و ئەو لادانانەی ئەنجامیان دەدات لێهاتویی و شارەزایی و تێڕوانینی بیریی دەردەکەوێت.

وشە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە ڕوونکردنەوە و وەسفکردنی بابەتەکان و کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر ئادەمیزاد، هەروەها ((وشە دەربڕینی تاقیکردنەوە و هەست و سۆز و ئەندێشەی شاعیرەو دیوی دەرەوە و ڕوکەشی بیرۆکەکانە و واتا و چەمکی شیعرەکە بەرجەستە دەکات و کاریکەرییەکی مەزنیش لە خوێنەر دەکات)) (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٢٤)، بۆیە شاعیر زمانێکی جیاواز لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک پەیڕەو دەکات ((زمان هەوڵدەدات بۆ دروستی و ڕێکی پەیامەکە، ئەویش بە ڕێکخستنی وشەکان و دانانیان بەپێی یاسا ڕێزمانییەکان، شیعریش کار دەکات بۆ شێواندنی، بە پاش و پێش کردنیان)) (کۆهین، ١٩٨٦: ٧)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە شاعیر بە ئەنجامدانی لادان سیستەمەکانی ناو زمان تێک و پێک بدات، بەڵکو بەو شێوازە لادانە بەرهەمێکی هونەری شیعریانە پێشکەش دەکات، خۆ ئەگەر شیعر هاوتەریب بێت لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی زماندا وەک ئەوەی کە خەڵک قسەی پێ دەکەن ئەوکات بەهای جوانی و ئیستاتیکی شیعری بەدەرناکەوێت و هیچ وروژاندن و چێژێکی تێدا نابێت.

فۆرمالیستەکان بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەق سەرەتا لە وشەوە دەست پێدەکەن، ئینجا بۆ ڕستە و ڕەگەزەکانی تری دەق، بۆیە لەم بارەیەوە (ڕۆلان بارت) دەڵێت: ((دەق بریتییە لە چنین و دانانی کۆمەڵە وشەیەکی ڕێکخراو لەپاڵ یەکدا، کە گوندجان و شێوەیەکی جێگیر پێک دێنێت، ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە، کە نوسەر بە پێویستی دەزانێت و پەی پێ دەبات)) (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٩٦)، جا لێرەدا شاعیری شارەزا و لێهاتوو چنینێکی جوان و هونەری دروست دەکات و زۆرجار لەبەر چنینێکی جوان، یان لەبەر پێویستی شیعرەکە شاعیر دەستەواژە و دەربڕینێکی نا باو و نامۆ بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش پیشاندانی توانا و سەلیقەی شاعیر دەردەخات و چێژ و خۆشی بە خوینەر دەدات و توشی سەرسامی و سەرنج ڕاکێشانی دەکات.

لادانی وشەیی بە چەند شێوازێک ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژە بەو جۆرانە دەکەین، کە (عەبدولقادر سەعید) لە شیعرەکانیدا ئەنجامی داوە، بۆنمونە داهینانی وشەی نوێ (وشە دروستکردن)، کە یەکێکە لە جۆرەکانی لادانی وشەیی لە شیعرەکانی ئەودا زۆر بەکەمی دەبینرێت ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ئەو برِوای وایە ((وشە دروستکرن ئیشی شاعیر نییە، بەڵکوو کاری زمانەوانەکانە)) (سەعید، چاوپێکەوتن: ٢٠٢٢)، لە دیارترین ئەو لادانانەی کە شاعیر لەم ئاستەدا ئەنجامی داوە ئەمانەن:

### ١- وشەی فەرامۆشکراو (پەراوێزخراو):

زمانیش وەک پێداویستییەکانی تری مرۆڤایەتی، هاوشان و هاوسەردەمە لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیانەوە دەیبینێت، بۆیە لەگەڵ هەر گەشەو گۆڕانێکدا وشە و زاراوەی نوێ دێنە ئاراوە و کۆمەڵێک وشە و زاراوە بەهۆی بەکارنەهێنانیان بەرەو پەراوێزبوون دەچن ((زمان وەک درەخت وایە، زاراوەکان وەکو گەڵان بە تێپەڕبوونی ساڵان گەڵا کۆنەکان دەوەرن و گەڵای نوێ سەوز دەبێت، درەختەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە)) (هۆراس، ١٩٨٠: ١٨)، ئەگەر بڕوانینە زمانی کوردی چەندەها وشە و زاراوەمان هەیە، کە بەهۆی بەکارنەهێنانیان تەواو فەرامۆش بوونە لەناو زمانەکەدا، بەتایبەت ئەو وشانەی، کە لە کۆندا لە لادێکاندا بەکارهاتون وەک (جەنجەڕ، گوریس، قزناخ... تاد)، لە بەرامبەردا چەندین وشە و دەستەواژەی نوێ هاتونەتە ناو زمانەکەوە، کە ئەویش پەیوەندی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دروستبوونی ئامێری نوێوە هەیە، وەک وشەکانی(مۆبایل، کۆمپیوتەر، چات، سێڵفی... تاد).

شاعیر بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێت، کە لەناو فەرهەنگی زمانەکەدا هەن، بەڵام ئێستا لە قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەکارنایەن، بۆیە ئەو وشە کۆنانە بە بەکارهێنانیان لەناو دەقە شیعرییەکاندا دووبارە زیندوو دەکاتەوە، بەمەش هەم سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و هەمیش ئەو وشانە لە لەناوچوون دەپارێزرێت، وەک هەمان ئەو وشە و زاراوانەی کە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بوونەتە گەنجینەیەکی پڕبایەخ و چەندان وشە و دەستەواژەی کوردییان تێدا پارێزراوە و شاعیرانی هاوچەرخ دەتوانن سودێکی زۆر لەو وشە کۆنانە وەربگرن، بۆیە بەکارهێنانی وشەی کۆن ((واتە بەردەوامی دان بە ژیانی زمانی رابردوو لەناو زمانی ئێستادا)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٣٤)، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوینەر، چونکە خوێنەری ئێستا بەو وشانە ئاشنا نییە، کە دەیبینێ بەلایەوە نوێ دەبێت، بۆیە خوێنەر توشی کتوپڕی و سەرسوڕمان دەکات، کە ئەمەش یەکێکە لە دیاردەکانی لادانی شیعری، بۆیە ئەگەر بکرێ ((هەر شاعیرێک چەندی بتوانێت وشە زیندوو بکاتەوە و شاعیرانە مامەڵە لەتەکیاندا بکات، ئەوە ئەرکێکی گەورەی بەجێهێناوە، هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوی، هەم بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ئەزموونی خودی شاعیر)) (مەلاسالح، ٢٠٠٦: ٣٧)، لەم نێوەندەدا (عەبدولقادر سەعید) هەوڵی داوە هەندێک لەو وشانە لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات، وەک ئەم نمونانە:

**تەنها خۆمان**

**ڕوحی خۆمان، وەک بەرماڵی مزگەوتەکان**

**وەک <u>جاجمی</u> سەر دارەمەیتی گۆڕستان**
**بپێچینەوە. (٢٠٠٥: ٢٦٩)**

جاجم: وشەیەکی پەراوێزکەوتووە بۆ ئێستا، لە کۆندا وەک پێخەو و بەتانی بەکاردەهات، لە مووی مەڕ و بزن دروستدەکرا، یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**چەند هەنگاوێ لەولاشەوە**
**ئافرەتێکی <u>سیپاڵ</u> لەبەردا هەڵوەریو**
**دەکەن بە تاڤگەی چریکە**
**تا ئەو جەستە گرمۆڵەیە**
**نهێنییەکان بدرکێنێ و پاکانە کا  (٢٠٠٥: ٢٠٢)**

سیپاڵ: پارچە جلی کۆن و چڵکنە، شاعیر لەم شیعرەدا وێنەی ئافرەتێکی زیندانیمان بۆ دەگوێزێتەوە، کە چۆن بەهۆی ئەشکەنجدانەوە جلەکانیان کردووە بەسیپاڵ و هاوار و قیژەی بووە بە تاڤگە و گرمۆڵە بووە تا دانپێدانان بکات. هەر دەربارەی وشەی کۆن لێرەدا ئێژێ:

**وڵاتەکەم مشتێ خۆڵەمێشە**
**فاشیستەکان حەزدەکەن بیدەنە دەم (با)**
**ئاوارەیی نیشتمانمە**
**وڵاتەکەم لە چڵێ <u>کۆڵەوژ</u> دەچێ...   (٢٠٠٥: ١١٧)**

((کۆڵەوژ: دارێکی بارێکی درێژە ئاگری تەنوری پێ تێک دەدرێت)) (خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٧١)، تەنوری گڵ، کە دار ئەکرێتە سوتەمەنییەکەی پێویستە جارجارە تێکێ بدرێ بـۆ زیادکردنی گەرمییەکەی، بەڵام ئێستا ئەوانەشی، کە تەنوری لە گڵ دروستکراو بەکاردەهێنن لە جیاتی ئەم دارە باریکە شیشی ئاسن بەکاردێنن بۆ تێکدانی.

**٢- بەکارهێنانی وشەی بێگانە:**

زمان بەردەوام لە گەشەو گۆڕاندایە، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەش چەندین وشە و زاراوەی بیانی دێنە ناو زمانەوە و ڕۆژانە بەکاردەبرێ و ڕەنگە هیچ وشەیەکی خۆماڵیمان نەبێ لە بەرامبەر ئەو وشە و دەستەواژە نوێیانەدا، بۆیە بە ناچاری وەک خۆیان بەکاردەهێنرێن، کە ئەمەش نەنگی نییە و بگرە ئەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانەکە، چونکە ((نابێ زمانی نەتەوەیەک پێوەندی بپچڕێ بە زمانی نەتەوەکانی تر، بەڵکوو دەبێ بۆ پەرەپێدانی زمانەکە ڕووبکاتە سوود وەرگرتن لەو زمانانە، بەڵام بەپێی پێویست بۆ پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتییەکە)) (سابیر، ١٩٩٩: ٣٣٥)، بەڵام ئەو وشە و زاراوە بیانیانەی کە شاعیر بەکاریان دێنێ، ئەگەر لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا هەبێت، ئەوکات هیچ پێویست نییە، کە بەکاربرێ،

چونکە بەشێکی ڕەخنەگران ((بەکارهێنانی وشەی بێگانە بەکارێکی ترسناک دادەنێن و پێیان وایە شاعیر دەبێ خۆی لێ بپارێزێت، بۆیە ئەم جۆرە لادانە لە هەندیک بارودۆخدا ئیجابییە و لە هەندێک بارودۆخی بەکارهێنانیشدا سلبییە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١١٦).

هەرچەندە (عەبدولقادر سەعید) بۆ ماوەی (١٠)ساڵ لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیاوە، بەڵام بەشێوەیەکی چڕ و فراوان نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانی ئەم وڵاتە، یان هەر زمانێکی تری بێگانە، بەڵکوو وەک پێویست وشە و زاراوەی بیانی بەکاربردووە، وەک لەم نمونانە دەردەکەوێت:

**<u>دیموکراسییەت</u>..**
**خوێناویکردنی جیهانە**
**بەناوی نۆژەنکردنەوەوە** (٢٠٢٠: ٤٢)

دیموکراسی وشەیەکی بیانییە بەواتای ((فەرمانڕەوایی گەل دێت، شێوازێکی حکومڕانییە کە هەموو هاوڵاتییەکی شیاو بەیەکسانی تێیدا بەشدار دەبن، کە تیایاندا بڕیارەکان بەپێی ڕێنماییەکانی زۆرینەی هاوڵاتیان بەهۆی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی بێگەرد وەردەگیرێن)) (ئینتەرنێت)، ئەم وشەیە ئێستا هاتووەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە و بەکاردەهێنرێت، مەبەستی شاعیریش لەم شیعرەدا وێرانکردنی هەندێ وڵاتە لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە بەناوی دیموکراسییەوە.

**<u>موجاهیدەکان</u>،**
**ڕیشە درێژەکانیان تاشی**
**لەچکی ژنەکانیان توڕدا**
**منداڵەکانیان نارد بۆ**
**خولی فێربوونی سەمای <u>بالێ</u> و <u>ئۆپێرا</u>** (٢٠٢٠: ٥٧)

لەم شیعرەدا هەریەک لە وشەکانی (موجاهید، بالێ، ئۆپێرا) وشەی بێگانەن، کە موجاهید بە واتای جەنگاوەر یان ئەوانەی لەڕێی خودا جیهاد دەکەن دێت، ((بالێ: جۆرە سەمایەکە، ئۆپێرا: بریتییە لە هونەرێک کە ئاوێتەیەکە لە هونەر و ئاواز)) (ئینتەرنێت). یان لێرەدا دەڵێت:

**دوو کێلەبەردینی سەر گۆڕ**
**بەسن بۆ نیشتمانپەروەری، کە وەک**
**<u>کەپسول</u> <u>ئیکسپایەر</u> دەبێ.** (٢٠١٣: ١٣٤)

لێرەدا مەبەستی شاعیر ڕێزنەگرتنە لە خوێنی شەهیدان، کەپسول وشەیەکی ئینگلیزییە و جۆرە حەبێکە، ئیکسپایەریش وشەیەکی ئینگلیزییە و بەواتای بەسەرچوون دێت. یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**کۆشکێ لە شار..**
**<u>موکێت</u> لە ئاورێشم**
**دەرگا لە <u>یاقووت</u>،**
**<u>لۆکەرەکان</u> تەژی لە <u>ئەدرەسی</u> بێکار،**
**لە <u>سەندیکای</u> کرێکاراندا. (٢٠٢٠: ١١٣)**

وەک لەم شیعرەدا دیارە لە کۆی پێنج دێڕ لە چواریاندا وشەی بێگانە هاتووە، کە (موکێت: جۆرێکی فەرشە، یاقووت: ماددەیەکی بەنرخە، لۆکەر: دۆڵاب، ئەدرەس: ناونیشان، سەندیکا: بەواتای کۆمەڵە یان ڕێکخراو دێت).

چەند شێوازێکی تریش دەبنە هۆی دروستبوونی لادانی وشەیی، کە هەریەک لە (دروستکردنی وشەی نوێ، تێکدانی ڕۆنانی باو و بەربڵاو، بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە...) دەگرێتەوە، بەڵام شاعیر ئەم هونەرانەی بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لە شیعرەکانیدا بەرجەستە نەکردووە، بۆیە ئێمەش تەنها نمونەی شیعریمان لە هونەرەکانی (بەکارهێنانی وشەی پەراوێزخراو و بەکارهێنانی وشەی بێگانە) وەرگرت.

**پاری سێیەم:لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا**

ڕستە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی و هۆکاری پێکەوە گرێدانی گشت یەکە زمانییەکانی ترە، هەر لە فۆنیمەوە تا برگە و وشە و دەستەواژەکان تیایدا یەکدەگرن و ڕستە پێکدێنن لەناو زماندا، هەموو زمانێکیش کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، کە زمانەکە دروستی کردووە و یاسای سەرەکی ڕێزمانی کوردیش (S.O.V)یە، واتە (بکەر+ بەرکار+ کار)، بەڵام شاعیر لە شیعردا ڕەچاوی ئەم یاسا ڕستەسازییانە ناکات و هەوڵ دەدات، کە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە تێک بدات، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە تێکدانی ڕیزبوونی کەرەستەکان، ڕیزبوونی ئازادە نەک ڕیزبوونی چەسپاو، چونکە ڕیزبوونی چەسپاو بریتییە لەوەی ((هەر گۆڕانێک لە ڕیزبوونی کەرەستەکان لە سنوری گرێکاندا، ڕوودات دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەستەکان دەگۆڕێت))(محەمەد، ١٩٩٨: ١٠)، وەکو

هیمن لە ئارامی دا.

ئارام لە هێمنی دا.

لەم دوو نمونەیەدا دەردەکەوێ، کە گۆڕینی شوێنی (هێمن و ئارام) واتاکە و ئەرکی ڕێزمانییان دەگۆڕێت، بەڵام ڕیزبوونی ئازاد ئەوەیە، کە((ڕیزبونی وشەکان لە ناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز، بێ ئەوەی کار لەواتای ڕستەکە بکات)) (محەمەد، ١٩٩٨: ١٠)، واتە لێرەدا ئاڵوگۆڕکردنی شوێنی وشەکان واتای ڕستەکە ناگۆڕێت، بۆ نمونە:

من نانەکەم خوارد.

نانەکە من خواردم.

زمانی شیعری بەردەوام جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ زمانی ئاساییدا ((شاعیر بە لەبەرچاو نەگرتنی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی ئۆتۆماتیک هەوڵی بەرجەستەکردن و خۆ دزینەوە لە یاسا سواوەکانی زمانی ئۆتۆماتیک دەدات، واتە هەوڵ دەدات کە ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە وەکو بکەر، بەرکار، کار و... هتد تێک بدات، یاخود هەندێ بەشی ڕستە بکرتێنێت و بۆ مەبەستی جەختکردن "بەلوتکە کردن" ئەنجامی بدات.)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١٣٩)، ئەمەش زۆرجار یان لەبەر کێش و سەروای شیعرەکە یان لەبەر چڕکردنەوە یاخود بەخشینی ئیستاتیکا و جوانی بە شیعرەکەی ئەنجامی دەدات، هەروەها شاعیر ((لە ڕستەی شیعریدا وشەو کەرەستەکان بە گوێرەی شێواز و ویستی خۆی و پێویستی دەق دادەمەزرێنێت، بۆیە ڕستە لە ڕووی واتا و دەنگەوە سیماکانی تایبەتمەندی ئەو وشە و پێکهاتانەی لێی پێکهاتوون وەردەگرێت)) (عەبدوڵا، ٢٠٠٣: ١٦).

ڕستەسازی پانتاییەکی زیاتری هەیە بەراورد بە دەنگ و وشە بۆ یاریکردن بە کەرەستەکانی ڕستە و لادان لە یاساکانی ڕێزمان، هەر ئەم یاریکردن بە وشە و لادان لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە، یارمەتییەکی باشی شاعیر دەدەن لە بونیاتنانی شیعرێکی هونەری و بەرز، بۆیە ((شاعیران هەوڵێکی زۆریان داوە فەزای شیعرییان زیاتر بەربڵاو بکەن و زمانەکە بە شێوەیەکی وا بگونجێنن، کە نەبنە کۆیلەی و هەوڵ بدەن پڕاوپڕ پابەندی یاسا و ڕێساکان نەبن، بەردەوام کرداری شکاندن و دروستکردنەوە و خلیسکانی وشە و گرتنەوەیان لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا، هەروەها کردارە بەردەوامەکانی جێگۆڕکێ بە وشە و سەرلەنوێ دانانەوەیان و پێدانی مەبەستی نوێ)) (قەرەداغی، ٢٠٠٦: ٥٦)، کەواتە ئەم جۆرە لادانە، کە بە لادانی سینتاکسی یان ڕێزمانی ناودەبرێت هەوڵ دەدات سیستەمەکانی زمان بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و گۆڕانکارییان تێدا بکات، ئەم ترازانی ڕێزمانییەش ((بەزۆری لە بەکاربردنی ڕستەی کاری و تێکدانی داڕشتنی ڕستەکان و گۆڕینی بنیاتەکانیاندا دەردەکەوێت)) (بەکر، ٢٠٠٤: ٤٤)، بێگومان بەرجەستەکردنی ئەو ڕستانەش کە لە یاسا و دەستوری ڕێزمان لایانداوە ((ڕەگەزێکی بنچینەییە بۆ بەدەنگەوە چوونی شیعر، چونکە داهێنەر بە پێوەری ڕێزمان بڕیار نادات، بەڵکو بە پێوەری شیعر بڕیار دەدات، پێوەرەکانی شیعریش ڕێگە دەدەن بۆ ئەوەی زمانێکی نوێ بۆخۆی

بخولقێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆسەیەکی داهێنەرانە بە ئەنجام بگەیەنێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢١٦).

بەشێکی زۆری تایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیران لە ڕێگەی ئەم جۆرە لادانەوە دەردەکەوێت، کە لە نێو شیعرەکانیاندا پەیڕەوی دەکەن ((ئەگەر بەتەواوی لە یاساکانی زمان پەیڕەوی بکەن، ئەوکات نابنە خاوەنی هیچ جۆرە شێوازێکی تایبەتی خۆیان لە شیعرەکانیاندا)) (برزۆ، فەرەج، محەمەد ٢٠٢٠: ١٥٣)، بۆیە شاعیران بە ئاگاییەکی تەواوەوە ئەم جۆرە لادانانە بەکاردێنن، لادان لە ئاستی ڕستەدا بەچەند جۆرێک دروست دەبن، لەوانە (کرتاندن، پاش و پێش خستن، بەلوتکەکردن، تێکدانی بنیاتی ڕستە... تاد)، ئێمەش گرنگترین ئەو لادانە ڕستەییانە باس دەکەین، کە (عەبدولقادر سەعید) لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە، لەوانە:

**یەکەم: کرتاندن**

مەبەست لە کرتاندن لە ئاستی ڕستەدا ((ئامادە نەبونی ڕەگەزێکە لەناو ڕستە، خودی ڕستەکە ئەو ڕەگەزەی پێویستە و دەیەوێت)) (کۆهین، ١٩٨٦: ١٤٩)، هەندێک جار ئەو بەشەی لە ڕستەکە کرتێنراوە سەرەکییە، وەک (بکەر، کار، بەرکار) یان لەوانەیە ڕەگەزێکی لاوەکی ڕستەکە بێت وەک (ئاوەڵکار، ئاوەڵناو... تاد)، بەڵام ئەم کرتاندنانە کار لە واتای ڕستەکە ناکات و تێکی نادات، بۆیە زۆرجار کرتاندن چڕکردنەوەی زمان و کورتبڕی و خۆڕزگار کردنە لە وشەی دووبارەکراوە و یەکێک لە مەرجەکانی کرتاندنیش ئەوەیە، کە ((تەنیا ئەو وەچە و پێکهاتانەی ڕستە و دەق دەتوانرێت بکرتێنرێن و لاببرێ، کە لەگەڵ وەچە و پێکهاتەی تردا وەک یەکن)) (مەحوی، ٢٠٠٤: ٤٠)، کەواتە شاعیر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم هونەرەدا دەکات و بۆچڕکردنەوەی زمانەکەی ئەنجامی دەدات، بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێک بچێت.

کرتاندن یەکێکە لە دیارترین لادانە ڕستەسازییەکان و دیاردە شێوازگەرییەکان، کە کاریگەری ئیستاتیکی دەبێت بۆ سەر دەقی شیعری و لەم بوارەدا "جرجانی" پێی وایە، کە (ناو نەهێنانی شتەکە لە ناوهێنانی پاراوتر و باشترە، وە دەبینیت شتەکە باشتر دیار و ئاشکرا دەبێت، ئەگەر دەرینەخەیت) (الجرجانی، ٢٠٠٤: ١١٢)، کەواتە شاعیر بەمەبەستی جوانکاری و چێژبەخشین بە خوێنەر کرتاندن بەرجەستەدەکات، یان ((زۆرجار وادەبێت، کە لە کاتی نوسین و ئاخاوتن دا جێگایەک پێویستی بە ناوبردنی بکەر یا کردار یا تەواوکەر بێ، بەڵام نوسەر بەئەنقەست لای دەباو ناوی ناهێنێ، چونکە ماناکە لە ڕستەکەوە دیارە و ناوبردنی بەزیادە دەزانێ)) (گەردی، ١٩٧٩: ٥٣)، بەڵام پێشنیاری ڕەخنەگرێک بۆ شاعیران ئەوەیە لەکاتی کرتاندنی کەرەستەکانی ڕستە ((بەتایبەتیش بەشە سەرەکییەکان پێویستە نیشانە (القرینە)یەک هەبێت ئاماژە بۆ کرتاندنی ئەو بەشە بکات، بەڵام ئەگەر نیشانە(القرینە)یەک نەبێت ئەوا

کرتاندنەکە کەموکورتی و شەرمەزاری دەبێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٢١-١٢٢)، ئەمەش واتە ئەو بەشەی ڕستە، کە کرتێنراوە جێگرەوەیەکی لەناو ڕستەکەدا هەبێت، چونکە ئەگەر خوێنەر توانی کەرەستە کرتێنراوەکە بدۆزیتەوە و لەمانای ڕستەکە بگات، ئەوا لادانێکی پۆزەتیڤ دەبێت، بەڵام ئەگەر نەیتوانی بەشە کرتێنراوەکە بدۆزیتەوە ئەوا بە لادانێکی نێگەتیڤ دادەنرێت.

کرتاندن پێویستییەکی هونەری و دەلالییە لە شیعردا و بەشە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕستەی شیعری دەگرێتەوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو کرتاندنانە دەکەین، کە لە شیعرەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا بەکارهێنراون:

**أ- کرتاندنی بکەر:** لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا جێناوی ڕێککەوتن هەیە لە نێوان بکەر و کەرەستەکانی تر، بۆیە زۆرجار دەکرێ (( ڕستەکانیان بەبێ بکەر دەرببڕن، یان بکەرەکانیان دەرنەبڕن و ڕستەکانیشیان ڕاست بێت)) (مەحوی، ٢٠٠١: ٢٣٨)، بۆ نمونە:

**دڵم تەنگە**
**حەز دەکەم شار بەجێبێڵم**
**ڕووەو کۆسار.. پێدەشت بڕۆم (٢٠٠٥: ١٧٦)**

(من) بکەری ڕستەکانە و کرتێنراوە، ڕستەی یەکەم و دووەم لە بنەڕەتدا دەبوو بەمجۆرە بوونایە (من دڵم تەنگە، یان من حەز دەکەم شار بەجێبێڵم)، شاعیر بەم کرتاندنە زمانەکەی چڕکردووەتەوە و بەهۆی جێناوی (م) دەزانین، کە بکەرەکە (من)ە، لەم جۆرە شیعرانە لە دیوانەکانی شاعیردا زۆرە و جێناوە سەربەخۆکان سروشتیان وایە بۆ مەبەستی ئابوریکردن و خێرا دەربڕین دەکرتێنرێن، هەروەها لێرەشدا دەڵێت:

**مەگەر هاوڕی ونبووەکەم**
**ئازاری وا سەختی دیبێ**
**مەگەر هاوڕێ ونبووەکەم**
**ڕێگای وا دووری بڕیبێ(٢٠٠٥: ٨٣)**

لێرەشدا جێناوی سەربەخۆی (من)، کە دەبێتە بکەری ڕستەکە کرتێنراوە، کە خۆی بەم شێوەیە( مەگەر هاوڕێ ونبووەکەی من...)، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنی جێناوی لکاوی (م) لەگەڵ جێناوی سەبەخۆی (من) خوێنەر دەزانێت، کە بکەرەکە (من)ە، یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**وەک پڵنگ..**
**پەلاماریان داین.**
**وەک شێر وەڵاممان دانەوە..**
**لە جەنگی دڕندانەدا. (٢٠٢٠: ٦٧)**

لێرەدا هەردوو بکەری ڕستەکان (ئەوان، ئێمە) کرتێنراوە، کە خۆی لە بنجدا بەمجۆرەیە (ئەوان وەک پڵنگ پەلاماریان داین، ئێمە وەک شێر وەڵاممان دانەوە). یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**بە میهرەبانیت سەرسامم..**
**کە تەنانەت**
**ڕەخنە لە بە هەڵە داخستنی**
**قۆپچەی کراسەکەم دەگریت. (٢٠٢٠: ١٣٦)**

لێرەدا بکەری ڕستەکە جێناوی (تۆ)یە و کرتێنراوە.

**ب- کرتاندنی بەرکار:** بەرکار ئەو ناوە یان ئەو جێناوەیە، کە لە ڕستەدا واتای کاری تێپەڕی تەواوکردووە یان تەواوی دەکات، کاریگەری کارەکەشی دەکەوێتەسەر، هەندێک جار شاعیران بۆ ئابوری کردنی زمان دەیکرتێنن، وەک بکەر تەنها جێناوی ڕێککەوتنەکەی دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

**دەستم بەرێ..**
**با بۆنی دەستی ژن بگرێ**
**لەوەتەی هەم بەو دەستانە**
**تفەنگ دەگرم بەدەسمەوە!!(٢٠٢١: ١٠٠)**

شاعیر لە ڕستەی یەکەم بەرکارەکەی کرتاندووە، کە لە بنجدا ڕستەکە دەبوو بەمجۆرە بوایە (دەستی خۆتم بدەرێ)، کە شاعیر لە ڕستەی دووەمدا ئاشکرای ئەکات کە مەبەستی ژنێکە.

**پ- کرتاندنی کار:** کار ڕەگەزێکی سەرەکی ڕستەیە و شاعیر زیاتر لەڕستەی لێکدراو و ئەو ڕستانەی هەمان کاریان هەیە کارەکە دەکرتێنن، چونکە کاتێک چەند ڕستەیەک بەدوای یەکدا دێن {بکەر یان بەرکار یان کار...تاد} ئەوا ((یەکێک دەمێنێتەوە و شوێنی سروشتی خۆی لە شاڕستەکەدا داگیر دەکات)) (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٣١)، واتە شاعیر بۆ کورتبڕی و دووبارە نەکردنەوەی لە هەموو ڕستەکاندا، کار دەکرتێنێت، بۆ نمونە:

**نە سەرنجی دەریای بەرین**
**نە گوڵی سوور**
**نە چرپە پێی شەنگە بێری**
**نە نەرمەبا**
**نە خامۆشی شەوی هاوین**
**تێرم دەکا** (٢٠٠٥: ٨٥)

پێنج ڕستەی شیعری بەدای یەکدا هاتوون، بەڵام شاعیر بەتەنها کارەکەی خستۆتە کۆتاییەوە، ئەمەش ئەگەر لەگەڵ هەموو ڕستەکاندا کارەکەی دابنایە، ئەوا ئەبووە جۆرێک لە دووبارەکردنەوەی بێسوود، کەچی بەم شێوەیە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ بەرەو کۆتایی کۆپلەکەی دەبات، بۆیە ئەگەر بەشێوەی ئاسایی ڕستەکانی دابنایە بەمجۆرە دەبوو (نە سەرنجی دەریای بەرین تێرم دەکا، نە گوڵی سوور تێرم دەکا... )._هەروەها لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**دوو کۆتری سپی هۆگری کەژو تەنیایی**
**دوو دڵی یەک لاشە خەمبار**
**دوو ئەستێرەی یەک ئاسمان و**
**یەک شینایی**
**دوو ئاوازی سوێی برینێ**
**دوو هەنگاوی**
**دوو هەناسەی**
**دوو لەرزەی لێوی بێ تینێ**
**باڵی گیانیان کردە یەک باڵ...** (٢٠٠٥: ٨٩)

وەک دەبینین لێرەشدا بەهەمان شیعری پێشوو، شاعیر کارەکەی هیناوە تەنها لە کۆتا ڕستەدا دایناوە، کە ئەم کرتاندنە هەم ئیستاتیکا و جوانی بە شیعرەکە دەبەخشێ، هەمیش کورتبڕی کردووە بۆ خوێنەر و شیعرەکەش لە وشەی دووبارەبووەوەی نا پێویست دەپارێزێت، یان لێرەدا بەمجۆرە کرتاندنی ئەنجام داوە:

**کە مردیشم پێدەکەنم**
**بەو دوژمنەی هەرەسی ناخ**
**سپی لەلا دەکا بە ڕەش**
**چڵێ گیا بە پیرەدارێ** (٢٠٠٥: ٨٠)

لە ڕستەی کۆتاییدا کارەکە کرتێنراوە، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنی کار و بکەر لە ڕوانگەی لۆژیکەوە و بە سەلیقە و شارەزایی خوێنەر لە ڕستەکە تێدەگات و دەزانێت لە بنجدا ڕستەکە بەمجۆرە بووە: (چڵێ گیا دەکا بە پیرەدارێ).

**ت- کرتاندنی ئامراز:** کرتاندنی هەموو جۆرە ئامرازەکانی ناو ڕستەیە، وەک (ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی مەرجی، ئامرازی پرس...تاد)، کە شاعیر بۆ مەبەستی کورتبڕی ئەنجامی دەدات، بۆ نموونە:

**وەکو چاوی کۆترێکی باڵ پیکراو**

**وەکو زامی پڕ لە ژانی خوێ سواخ دراو (٢٠٠٥: ١٤٠)**

شاعیر لە ڕستەی دووەمدا ئامرازی پەیوەندی (بە) کرتاندووە، کە لە بنەڕەتدا دەبوو بەمجۆرە بوایە (وەکو زامی پڕ لە ژانی **بە** خوێ سواخ دراو). یان لەم دەقەی تردا ئامرازی مەرجی دەکرتێنێت و دەڵێت:

**وام دەزانی**
**ئەو ئافرەتەی بۆی دەسوتێم**
**بێت و لەگەڵما هەڵبکا**
**نەک لەمەولا**
**ئەو تەمەنەش هەڵوەریوە**
**سوژدە بۆ باڵای ئەو دەبا (٢٠٠٥: ١٢٠)**

لە ڕستەی سێیەمی ئەم شیعرەدا ئامرازی مەرجی (ئەگەر) کرتێنراوە، کە دەبوو ڕستەکە ئاوها بوایە (ئەگەر بێت و لەگەڵما هەڵبکا). هەروەها لەم نمونەیەی تردا دەبێژێ:

**چاوەکانت قیبلەی من بوون**
**ئێستە پڕن لە قین**
**باوەڕدارێک بۆ نزا**
**دەبێ ڕوو بکاتە کوێ...؟ (٢٠١٨: ٩)**

شاعیر لە ڕستەی دووەمدا وشەی (بەڵام)ی کرتاندووە، کە وەک کورتبڕییەک ئەنجامی داوە، یان لە شیعرێکی تردا ئامرازی پێکەوە بەستنی رستە دەکرتێنێ بەمجۆرە:

**بماندەنەوە**
**لاشەی کوژراوی شەڕی ناوخۆ**
**ئەو ڕۆژانەمان بەنەوە**
**دیموکراسی لە زێراب هەڵنەکێشرابوو**
**ئازادی ئەتک نەکرابوو**
**قەڵەم سەرشۆڕ**
**دەنگەکان نەخنکێنرابوو...(٢٠١٨: ٧٤)**

لێرەدا شاعیر ئامرازی بەستنەوەی (کە)ی کرتاندووە، کە دەکەونە سەرەتای ڕستەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و دەبوو بەم شێوەیە بونایە (کە دیموکراسی لە زێراب هەڵنەکێشرابوو، کە ئازادی ئەتک نەکرابوو...).

**دووەم: پاش و پێش خستن**

ڕستە لە چەند ڕەگەزێکی سەرەکی پێک دێت، وەک (بکەر، بەرکار، کار... تاد) ئەم ڕەگەزانەش لەناو ڕستەدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر شوێنەکانیان جیاوازە، بە نمونە لە زمانی کوریدا بکەر دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و بەرکار ناوەڕاست و کار دەکەوێتە کۆتایی، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کار دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و بەرکار دەکەوێتە کۆتایی، واتە پاش و پێش خستن ئاڵوگۆڕپێکردنی یاسای ڕیزبوونی ڕەگەزەکانی ناو ڕستەیە، بۆیە ((ئەم پاش و پێش خستنە لە نێوان ڕەگەزەکانی ڕستە و ڕۆنانەکەی گرنگترین ئەدگاری لادانە لە ئاستی پێکهاتەیی، بۆیە "جان کۆهین" لە تیۆرەکەیدا گرنگی زۆری پێداوە و "لیچ"یش لادانە ڕێزمانییەکانی ئاستی ڕستەی تەنیا لە پاش و پێش خستندا چڕکردووەتەوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٣٠)، ئەم گرینگی پێدانە ئەوە دەردەخات، کە ئەگەر شاعیران توانییان بە ئاگایانە و لێزانانەوە ئەم ئەدگارە لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە بکەن، ئەوا شیعرێکی ئیستاتیکی و جوانی لێ بەرهەم دێت.

زۆرن ئەو نوسەر و ڕەخنەگرانەی گرنگیان بە پاش و پێش خستن داوە و بە لادانیکی گرنگ و کاریگەر ناویان بردووە، یەکێک لەوانە (جرجانی)یە، کە بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێ: (دەروازەیەکی زۆر بەسوودە، باشییەکانی زۆرە، کاتێک گوێ لە شیعرێک دەگریت بەلاتەوە لەبار و خۆش و گونجاوە، کاتێک سەرنج دەدەیت هۆیەکەی ئەوەیە، شتێکی تیا پاش و پێش خستووە، واژەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بردووە) (الجرجانی، ٢٠٠٤: ٨٢)، هەروەها (جرجانی) شێوەی ئەنجامدانی ئەم لادانەی دابەشی سەر دوو جۆر کردووە (أ- پێش خستن بە نیازی پاش خستن، لێرەدا وشەکە بە هەموو ئەو پلە و ڕەگەزەی هەیەتی پێش دەخرێت و کار لە ئەرکی ڕێزمانی وشە پێش خراوەکە ناکات، کە بە واتا ڕێزمانییەکە ناسراوە، هەروەها پلە ڕێزمانییەکەشی دەپارێزێت، ب- پێش خستن بەبێ نیازی پاش خستن، لێرەدا بە گواستنەوەی کەرەستەکە پلە و بوار و ڕەگەزەکەی دەگۆڕێت، بەمەش شوێنێکی نوێ لە دەقەکە داگیر دەکات و ئەرکێکی نوێ و تایبەت وەردەگرێت، بەگوێرەی ئەو شوێنە نوێیەی لە بونیاتی ڕستەکەدا هەیەتی) (الجرجانی، ٢٠٠٤: ١٠٦).

پێشخستنی ڕەگەزەکانی ڕستە (چ بکەر بێ چ کار بێ چ بەرکار بێ، بۆ مەبەستێک پێش دەخرێ ئەو مەبەستەش دەشێ گەیاندنی هەواڵێکی خۆش و مزگێنییەکی تێدا بێت، بەپێچەوانەوە ناخۆشییەک هەبێت، ئەو ڕەگەزەی ناخۆشییەکە دەگەیەنێت پێش دەخرێت تا بە زووترین کات بگاتە خوێنەر، یان بۆ تایبەت کردنی شتێک، ئەویش کاتێ پێش خستنەکە پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان دوو شت دەچەسپێنێت) (گەردی، ١٩٧٩: ٥٧)، بەڵام ئەم پاش و پێش کردنە لە ڕستەدا دەبێت لە یەک کاتدا لە ڕووی ڕیزمانی و واتاییەوە پەسەند و شیاو بێت، ئەگەرنا ئەوا تێنەگەیشتن ڕوودەدات و دەبێتە قسەی بێ مانا (قسە ڕەنگە لە ڕووی ڕێزمانییەوە گونجاو

نەبێت، لە کاتێکدا لە ڕووی دەلالەتەوە پەسەند و گونجاوە، یان بە پێچەوانەوە لە ڕووی دەلالەتەوە پەسەند نییە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە پەسەند و گونجاوە، لەوانەشە بەهۆی شکاندنی یاساکانی ڕێزمان لە ڕووی ڕیزمانییەوە پەسەند نەبێت و لە هەمانکاتدا لە ڕووی واتاشەوە پەسەند نەبێت) (پالمەر، ١٩٨٥: ١٥١-١٥٢)، بۆیە لەم حاڵەتەدا نەگونجان و تێنەگەیشتن ڕوودەدات، کەواتە شاعیران دەبێت ئاگاداری ئەوە بن، کە نابێت لە ژێر ناوی لادانی ڕێزمانی و تێکدانی دەلالەتی زمان، بەهەر جۆر و شێوەیەک شت بنوسن و وشە ڕیزبکەن و ناوی لێ بنێن شیعر، کە هیچ مانا و مەبەستێکی تێدا نەبێت. ئەمانەی خوارەوەش هەندێ نمونەی پاش و پێش خستنە، کە (عەبدولقادر سەعید) لە شیعرەکانیدا ئەنجامی داوە:

**دەچێتەوە سەر ڕەنگی شکست، پایز**
**لەم زەمەنی هەڵوەرینەدا**
**بە ناڕەوا شاعیرەکان ئەم وەرزەیان**
**بۆ خۆیان قۆرخ کردووە.          (٢٠١٨: ٨)**

لە ڕستەی یەکەمدا کارەکە هاتووەتە پێشەوە و ناوەکە چووەتە کۆتای ڕستەکە، کە خۆی لە بنجدا دەبوو بەمجۆرە بوایە (پایز دەچێتەوە سەر ڕەنگی شکست). یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**لەم دوورەوە**
**هەست بە نامۆیی خۆم ناکەم**
**چونکە لێرەش**
**ملیۆنان مرۆڤی تر**
**سروود دەڵێن بۆ گیانی سەختی ڕیگاکەم(٢٠٠٥: ٥٢)**

لە ڕستەی کۆتاییدا شاعیر کارەکەی هێناوەتە پێشەوە، بەمەش سەروای شیعرەکە لە تێکچوون پارێزراوە، چونکە ئەگەر بەشێوە ئاساییەکەی دایبنایە بەمجۆرە دەبوو (سروود بۆ گیانی سەختی ڕیگاکەم دەڵێن)، هەروەها لێرەشدا دەڵێت:

**ئەمشەو هەورەتریشقەی گڕ**
**مۆڵگای داگیرکەری کێڵا**
**سەری وەک قارچک هەڵتۆقیو**
**سنگی بەرزی ڕۆژ دەرپەڕیو**
**دەگەڕا بۆ قوژبنێ**
**خۆی تیادا حەشار بدا**
**وەک کەڵەشێرێکی بەزیو(٢٠٠٥: ١٩٧)**

لێرەشدا و لە لەتی پێنجەمدا شوێنی کارەکە گۆڕانکاری پێکراوە، بەوەی لەو ڕستەیەدا شوێنی کار و بەرکارەکەی گۆڕیوە و ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەکە بەم شێوەیە (بۆ قوژبنێ دەگەڕا).

**سێیەم: بەلووتکەکردن**

یەکێکی تر لە ئەدگارەکانی لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا بەلووتکەکردنە، کە ئەکرێ بوترێ لە هەناوی پاش و پێش خستنەوە هاتووەتە دەرەوە، بەڵام ((جیاوازی "پێش و پاش خستن" و "بەلوتکەکردن" لەوەدایە، کە لە یەکەم دا بە مەبەستی جەختکردنەوە نییە و هەڵگری باری زانیاری ڕستەکە نییە، بەڵام لە دووەمدا جەخت لە سەر کەرەستەکە دەکرێت و هەڵگری باری زانیاری ڕستەکەیە)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١٤١)، بۆیە شاعیر بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر و جەختکردنەوە لە واتای وشەیەک یان کەرەستەیەکی ناو ڕستە ئەنجامی دەدات، کە بەلوتکەکردن بە هەردوو کرداری پاش و پێش خستن ئەنجام دەدرێت ((ئەگەر پاش خرا ئەوە دیار و زەقە، بەڵام ڕێژەی کەمترە لە پێش خستن. پێش خستنیش هەر بەهەمان مەبەستی جەختکردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاریگەر ترە لە پاش خستن)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١٤١)، هەندێک جار شاعیر وشەیەک یان دەستەواژەیکی زۆر لا گرنگە، بۆ ئەوەی زەق و دیاربێ لە سەرەتای یەکەم ڕستەی شیعرەکەوە دایدەنێت، هەندێ جاریش بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر مەبەستەکە دەبات بۆ کۆتایی شیعرەکە، بەشێوەیەکی گشتی بەلووتکەکردن دوو جۆری هەیە:

**أ- بەلووتکەکردن بە پێش خستن:** لێرەدا شاعیر بە پێش خستن کەرەستەکە بەلووتکە دەکات، زیاتریش بە هێنانە پێشەوەی کاری ڕستەکە ئەنجامی دەدات و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، وەک ئەم نمونانە:

**تەریق دەبمەوە..**
**سواڵکەرێک دەست پان کاتەوە**
**بۆ لویچێ پەشیمانی**
**لە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانم!؟ (٢٠٢١: ١٣٨)**

وەک لە ڕستەی یەکەمدا دیارە (تەریق دەبمەوە)، کە لە کرداری ناتەواوی (بوو) دروست بووە، بەلووتکەکراوە و شاعیر بە مەبەستی جەختکردنەوە ئەم ڕستەیەی هێناوەتە پێشەوە، یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**کوشتیانی**
**وەک گیا کەڵە**

**ئاپۆڕەی چیمەنی ڕوحیان دایت (٢٠٠٥: ١٥٤)**

لێرەشدا و لە لەتی یەکەمدا شاعیر بۆ سەرنج ڕاکیشانی خوینەر و زەقکردنەوەی مەبەستەکەی ڕستەی (کوشتیانی) هێناوەتە پێشەوە، چونکە لە بنجدا ئەم ڕستەیە پەیوەندی لەگەڵ لەتەکەی دوای خۆیدا هەیە، کە بەمجۆرەیە (وەک گیا کەڵە کوشتیانی)، لێرەشدا دەڵێت:

**پێکراوم..**
**نامەوێت نامەکەم**
**بۆ هاوسەرەکەم تەواو بکەم! (٢٠٢٠: ٩٣)**

(پێکراوم) بە پیش خستن بەلووتکەکراوە، شاعیر بۆ جەختکردنەوە کارەکەی هێناوەتە پێشەوە.

**ب- بەلووتکەکردن بە پاش خستن:** هەندێ جار شاعیر بەلووتکەکردنی کەرەستەکان بە پێچەوانەوە ئەنجامدەدات ((ئەگەر کەرەستەکان پاش خرا ئەوە دیار و زەقە، بەڵام ڕێژەی کەمترە لە پێش خستن)) (میرزا، ٢٠١٢: ١١١)، نمونەش بۆ ئەم جۆرە وەک:

**لەم دوورەوە، چاوم لێیە**
**وەکو حەلاج لە خاچ دەدرێی**
**وەکو ئەسپی کۆڵ هەڵگرتووی حوسەین دەگلێی**
**وەکو عەلی لە نوێژی عەشقا دەکوژرێی**
**ئەی (چین)ەکەم!!(٢٠٠٥، ل٥٤)**

هەمیشە ئامرازی بانگکردن دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە، بەڵام شاعیر لێرەدا بە پاش خستن بەلوتکەی کردووە، ڕیزبەندی ڕستەکە خۆی بەمجۆرەیە (ئەی چینەکەم لەم دوورەوە چاوم لێیە...)، بەمەش سەرنجی خوینەر زیاتر دەبێت بۆ چاوەڕوانکردنی ئەو بابەتەی شاعیر ئەیەوێ لەبارەیەوە بدوێت، هەروەها لەم دەقەی تریشدا دەڵێت:

**لەبەردەوە فێری بێدەنگی بە**
**لەبەردەوە فێری گوێگرتن بە لە جوانی**
**چەقۆکەت دانێ ئەی ژنکوژ.(٢٠١٣: ٢٥)**

لێرەشدا دیسان ئامرازی بانگکردنەکەی پاش خستووە، کە ڕستەکە دەبوو بەمجۆرە بوایە (ئەی ژنکوژ چەقۆکەت دانێ).

❖ **شایانی ئاماژە بۆکردنە** یەکێکی تر لەو لادانانەی لە ئاستی پێکهاتەیی لە شیعرەکانی (عەبدولقادر سەعید)دا دەبینرێت لادانە لە **ناونیشان**

ناونیشان بەردەبازی چوونە ناو دەقە و کلیلی کردنەوەی دەرگای دەقە، هەموو ئەو وشە و ڕستە و فریز و ژمارە و هێما و ئاماژانە دەگرێتەوە، کە شاعیر بۆ ناونانی دەقێکی شیعری یان دیوانێکی شیعری خۆی دایدەنێت، بەو پێیەی کە هەمیشە دەکەوێتە سەرەتای دەق، ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، بۆیە تا ناونیشانەکە هونەری تر و ئیستاتیکی تر بێت، ئەوەندەی تر دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر و تامەزرۆ بوونی بۆ خوێندنەوە و شۆڕبوونەوە بەناو دەقەکەدا، کەواتە دەکرێ بوترێ ناونیشان ((ئەو مناڵدانەیە کە زۆربەی دەلالەتەکانی دەقی لێوە لە دایک دەبن)) (ڕەشید، ٢٠٠٧: ٦٣)، چونکە بەهۆی ناونیشانەوە خوێنەر دەتوانێت بچێتە ناو جیهانی دەق و چێژ و ئارەزووی خوێندنەوە لای خوێنەر زیاد دەکات.

(عەبدولقادر سەعید) گرنگی زۆری بە ناونیشانی دیوانە شیعرییەکانی داوە و بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی ناونیشانی بۆ هەڵبژاردوون، وەک هەریەک لە دیوانەکانی: (گوێگرتن لە بێدەنگی)، کە ئەم ناونیشانە بۆخۆی لادانە، چونکە ئەوەی شیاوی گوێ لێگرتنە، دەنگە نەک بێدەنگی، یان دیوانی(بەخۆکوشتنەوە سەرقاڵم)، ڕەنگە خۆکوشتن سەرقاڵی نەوێت، بە فیشەکێک یان ئاگرێک یان خۆ بەردانەوە لە شوێنێکی بەرزەوە، یەکسەر کارەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام شاعیر مەبەستی هیچ کام لەم جۆرە خۆ کوشتنانە نییە، بەڵکوو وەک خۆی لە پێشەکی دیوانەکەدا ئاماژەی پێدەکات کاتێک تەکنەلۆژیا زۆربەی کاتەکانی تەمەنمان دەتەنێ، ئەوە جۆرێکە لە خۆکوشتن، هەروەها دیوانی (ڕۆبۆتەکان لە خۆرئاوا لە دایک ئەبن) ئەمەش لادانێکی ترە، چونکە ڕۆبۆت دروست دەکرێت، نەک لە دایک بێت، بەڵام شاعیر سیفەتی زیندەوەری داوەتە پاڵ ڕۆبۆت بە لەدایک بوون.

(نیشتمان پێناکەنێت) یەکێکی ترە لە ناونیشانی دیوانەکانی شاعیر ، کە لێرەدا نیشتمان خواستراوە بۆ مرۆڤ، چونکە تاکە بونەوەر کە پێبکەنێت مرۆڤە. یان کۆبەرهەمی (شاعیرێ وێنە دەکێشێ) بەشێوە باوەکەی هونەرمەندی شێوەکار وێنە دەکێشێ و شاعیر دەنوسێت، بەڵام ئەمجارە شاعیری کردووە بە وێنەکێش، هەروەها یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییە دیارەکانی دیوانە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید) وێنەیە، کە لەو پێنج دیوانەی ناومان هێنان وێنە ئامادەییەکی تەواوی هەیە و لە زۆربەی لاپەڕەکاندا دەقەکە و تابلۆکە ئاوێتەی یەکتر دەبن و

دەقێکی فراوانتر و گەورەتر پێکدەهێنن، بۆیە دیوانەکانی شاعیر جگە لە شیعر پێشانگایەکی پڕ لە وێنەی هونەریشە.

ئەوەی جێی سەرنجە جگە لە ناونیشانی دیوانەکان شاعیر بە شێوازێکی تر لادانی لە ناونیشانی شیعرەکاندا ئەنجام داوە، کە لە جێی ناونیشان تێگەیشتنێک (تێکستێک)ی هونەری داناوە، کە ئەم شێوازە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا لای هیچ شاعیرێک پەیڕەو نەکراوە، کە ئەمەش لادانێکی نوێیە، کە شاعیر لە ناونیشاندا کردوویەتی و لە هەریەک لە دیوانەکانی (نیشتمان پێناکەنێت و ڕۆبۆتەکان لە خۆرئاوا لەدایک ئەبن) دەبینرێن وەک ئەم نمونانە:

*(باران ڕوحمان تەڕ دەکات و جەستەمان دەشواتەوە)*

**ڕێبواری ڕێیەکم،**
**دەزانم ناگاتە جێ.**
**بەڵام خەیاڵی گەیشتن**
**هەردەڕوا و ڕێ دەبڕێ.** (٢٠١٨: ٤٠)

بەهەمان شێوە لە دیوانی (نیشتمان پێناکەنێت)دا دەڵێت:

*(تەنیایی ڕۆچوونە بەناو دنیایەکی جەنجاڵدا)*

**تەنیایی بەردی فێری**
**بێدەنگی کردووە**
**تەنیایی پڕە لە ژاوەژاو**
**ئەگەر دەمی هەراشی..**
**خەیاڵ دانەخەیت.!** ( ٢٠٢١: ٨٠)

لە لایەکی ترەوە لە دیوانی (شاعیرێ وێنە دەکێشێ) و لە کۆشیعری (پەیکەرێ لە وەهم)دا هەم ناونیشانی داناوە هەمیش تێگەیشتنە هونەرییەکە، وەک لەم نمونانەدا دیارە:

**پێشەوا وەهمییەکان**

*(پەیکەرە ڕۆحییەکان هەمیشە لە پەیکەرە پۆلایینەکان پتەوتر و نەمرترن).*

**لە جەنگە خوێناوییەکان هەڵاتبوم**
**بە شوێنتانا مۆزەخانە جیهانییەکان ئەگەڕام**
**لەپاڵ پەیکەری ژەنەڕاڵە شەڕکەرەکاندا**

**پەیکەرەکانتانم دۆزییەوە...          (٢٠١٣: ٧٣- ٧٤)**

یان لە کۆشیعری (پەیکەرێ لە وەهم)دا دەڵێت:

**وەرزی ئازار**

*(ئینسان هەیە لە نیشتمانەکەی خۆیدا لە منی دوورە وڵات غەریبترە)*

**لەم دوورەوە**
**هەست بە نامۆیی خۆم ناکەم**
**چونکە لێرەش**
**ملیۆنان مرۆڤی تر**
**سروود دەڵێن بۆ گیانی سەختی ڕێگاکەم   (٢٠٠٥، ٥١- ٥٢).**

مەبەستی شاعیر لە دانانی ئەم تێکستە هونەرییانە لە پێش دەقە شیعرییەکان وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی  خوێنەرە بۆ ناو دەقەکە و پێدانی سەرەداوێکە سەبارەت بە شیعرەکە، کە ئەمەش بۆخۆی لادانە لە شێوەی باوی نوسینی ناونیشانی شیعر و داهێنانێکی نوێیە لە شیعری کوردیدا،

## بەشی سێیەم

## لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید) دا

### پاری یەکەم

### لادان لە ئاستی واتاسازیدا

### پاری دووەم

### لادانی دەلالی "ڕەمز"

## بەشی سێیەم

## لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدولقادر سەعید) دا

### پاری یەکەم: لادان لە ئاستی واتاسازیدا (لادانی جێگۆڕکێ):

ئاستی واتا ڕۆڵ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە پێکهێنان و دروستکردنی دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، دەقی شیعری خاوەنی جیهانێکی سەربەخۆ و فرە واتایە ئەو جیهانەش بەشێکی بەرچاوی لەسەر بنەمای لادانە واتاییەکان دروست بووە، کە هەندێک جار واتا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتایەک بە واتایەکی تر ئەویش بە بەکارهێنانی هونەرەکانی خواستن و لێکچواندن و ڕەمز و..هتد، واتە لادانی واتایی پێچەوانەی واتای دروستی وشەکەیە، شاعیر دەیەوێت ڕاستەوخۆ واتای شیعرەکە بە خوێنەر نەدات و لەڕێگەی لادانی واتایی زیندوێتی بە زمانە شیعرییەکەی بدات، چونکە زمانی شیعری بۆ خۆی تایبەت و ئاڵۆزە و جیاوازە لە زمانی ئاسایی خەڵکی،

لادانی واتایی یەکێکە لەو بنەمایانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی لادانی شیعری لە نێو پێکهاتەکانی دەقی شیعریدا ، مەبەستیش لێی لادانە لەو پێوەرانە، کە ((بەیەکەوە هاتنی لێکسیەکەکان دیاری دەکەن، یا لادان لەو سیما واتایانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیک لە زمانی خۆکاردا )) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٠)شاعیر بە سوود وەرگرتن لەو کەرەستە زمانیانە دەیەوێت بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ وشەکانی زمانی باودا بکات لە بەخشینی واتای نوێ بە وشە و دەستەواژە بەکارهاتوەکان، بە هۆیەوە ئیستاتیکا لە بنیاتی دەقە شیعریەکەی دا بەرجەستە بکات و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت و چێژیان پێ ببەخشێت، یان دەکرێ بڵێین شاعیر بە سوود وەرگرتن لە لادانی واتایی زیاتر ((واتاکان قوڵ دەکاتەوە لە ڕێگەی لادان و بەرجەستە کردنی ئەرکی شعرییەت دەلالەتێکی نوێیان پێدەبەخشێت، کەشێکی نا ئاسایی و نامۆ دەخوڵقێنێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٥٣)، دیارە لێرەدا مەبەست لە نامۆ بەراوردە بە زمانی ئاسایی ڕۆژانە، نەک بە ئەدەب و خوێنەر.

پێناسەو بۆچونی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ لادانی واتایی خراونەتەڕوو، لەبەرئەوەی ((بواری واتا بەیەکێک لە گرنگترین ئاستەکانی زمان بۆ زەقکردنەوەی ئەرکی ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت)) (یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٣٢)،

"ئیدریس عەبدوڵا" لە باسی لادانی واتاییدا دەڵێت: ((لێرەدا لادانەکە پەیوەندیدارە بەجەوهەری مادە زمانییەکە "کۆهین" ناوی ناوە (لادان بە گۆڕین)، عەرەبەکانیش ناویان ناوە (الإنزياح الإستبدالي) خواستن کۆڵەگەی سەرەکی ئەم لادانەیە، کە مەبەستمان لە خواستن ئەو خواستنەیە کە لە تاکە وشەدا کورت دەبێتەوە پەیوەندی نێوان وشەی (خواستراو) و وشەی بۆ (خواستراو)

پەیوەندی لێکچوونە، یان بە واتایەکی تر خواستن بریتیە لە گواستنەوەی ناوی شتێک بۆ شتێکی دیکە لەبەر هەبوونی پەیوەندی لێکچواندن لە نێوانیاندا)) (عەبدوڵا، ٢٠١٠: ٧٥) .

زمانی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی زمانێکی ئێستاتیکی هەیە، هەر ئەم زمانە ئیستاتیکییەشە یارمەتی دەرە لە جوانی و ئاسان گەیاندنی پەیامی دەقدا، ئەمەش لەڕێگەی لادان لە بوونیاتی کەرەستە و بنەما زمانیەکانی بەرهەم هێنانی واتادا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش یەکێکە لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی شیعر و شیعری لە جۆرەکانی تری ئەدەب پێجیادەکرێتەوە، واتە شاعیر بیانویەکی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ، ((بۆیە "تۆدۆرف" لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت "دان بەو سەرپێچی کردنانەی شاعیردا نانرێت، ئەگەر بەم بیانووە ئێستاتیکیەکەی نەبێت" بۆیە شاعیری ئەزموونداری هەوڵ دەدات بە شێوازێکی نایاب و ئەزموونەکەی پێشکەشی خوێنەر بکات لە پێناوی بە دیهێنانی دەلالەتێکی شیعری کاریگەر پەنادەباتە بەر لادانەکان، ئەو کایگەریەش هەروەک "لوتمان" ئاماژەی پێکردووە لە شەپۆل و ململانێی هەردوو سیستەمی گەیاندندا (سیستەمی ئاماژەیی ئاسایی وسیستەمی شیعری سروش بەخش) لە ناوەندی هۆشیاری خوێنەردا بەرهەم دێت بۆیە لێرەدا خوێنەری وشیار و شارەزا زۆر گرنگە، بۆ دۆزینەوەی کۆد و واتا شاراوەکان)). (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٤٩)، کەواتە لەم پرۆسەیەدا جگە لە نوسەر و پرۆسەی لادانی واتایی لە زمانی دەقدا خوێنەریش ڕۆڵی گرنگی هەیە، چونکە خوێنەر لەڕێگەی دۆزینەوەی واتای قوڵی دەق درک بەم لادانە دەکات لە ئاستی زمانی شیعردا.

لە لادانی واتایدا زۆرجار مەبەستەکە ((شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن و پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتە نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکوو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش)) (فەتاح، ٢٠٠٧: ١٨)، بایەخی ئەم لادانەش لەوەدایە، کە بەربڵاوترین بوارە، کە شاعیران دەتوانن توانای زمانی خۆیانی تێدا نیشان بدەن لە بەرهەمهێنانی دەقێکی جوان و هونەریدا بەرجەستەی بکەن و بە تواناکانی خۆیان داهێنان بکەن، یان دەکرێ بڵێین توانای ڕادەی داهێنانی شاعیر وەدەردخات.

"جان کۆهین" لادانی واتایی بە (ڕەوینەوە- التنافر) ناودەبات و (پێیوایە ئەم جۆرە لادانە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات و وا لە خوێنەر دەکات زیاتر بوروژێت، چونکە ئەم جۆرە لادانە دەبێتە هۆی شکاندنی بنیاتی زمان و دووبارە بنیاتنانەوەی زمانەکە، ئەمەش پرۆسەیەکی هاتن و چوونە لە واتاوە بۆ ونکردنی واتا و لە ونکردنی واتاوە بۆ دۆزینەوەی واتا)، (جان کۆهین، ١٩٨٦: ١٤٢-١٧٣).

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لادانی واتایی گۆڕەپانێکی بەرفراوانە، کە لەو مەیدانەدا شیعر جەوهەری ڕاستەقینەی بوون و چۆنییەتی و چییەتی خۆی نمایش بکات، چونکە

((شیعر ئەوکاتە دەتوانێت خوێنەر بباتە ناو جیهانی تایبەتی خۆیەوە، کە جیهانێک بێ، جگە لە جیهانی باوی خوێنەر)) (یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٣٣)، کەواتە گرنگترین شەنگستەی دەقی شیعری، جوانبونی لادانێکی واتایی جوانە. "د. عەبدلواحید" کە باس لە لادانی واتایی لە شیعردا دەکات، دەڵێت: ((لادانی گۆڕانە لەو بەکارهێنانە باو و سواوەی زمان، کە ڕۆژانە بەسەر زاری خەڵکەوەن، بەمەش لادانی واتایی بریتی دەبێ لە باری نائاسایی بەکارهێنانی واتا))، هەروەها شیعر جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو جیهانە تایبەتەش ((لەسەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێت، بۆیە زمانی شیعر کێڵگەیەکی بەپیتی ئەمجۆرە لادانەیە)) (دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٥).

شاعیر مەبەستییەتی شێوازێکی نوێ بۆ کردەی گەیاندنی پەیامەکەی دابهێنێت، بۆیە لادانی واتایی لە ئەنجامی گەیاندنی واتا، دوور لە شێوە باوەکەی بەدەست دێت، ئەم کردەیەش لە دەستکاری کردن و گۆڕینی نێوان نیشانکار"دال" و نیشانکراو"مەدلول" ڕوودەدات، چونکە وەک "ئۆڵمان" دەڵێت: ((واتا بریتییە لە پێوەندی نێوان نیشانکار"دال" و نیشانکراو"مەدلول"، هەر گۆڕانێکیش لەو پەیوەندییە ڕوو‌بدات دەبێتەهۆی گۆڕان لە واتادا)) (دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٥).

"د. محەمەد مەعروف فەتاح" بۆ ڕاست و دروستی واتایی دوو مەرج باس دەکات ((أ. کاتێک لێکدانەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە دروست بن، واتە یاسا ڕێزمانییەکان نەبەزێنرابن، ب. کاتێک لێکدانەکان لەڕووی واتاوە (مەنتیقەوە) لەباربن، واتە بۆ ئەو بارە بشێن، کە تێیدا بەکاردێن، کەواتە لێکدان هەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستە، بەڵام لە واتادا ناوێزەیە یان بە پێچەوانەوە)) (فەتاح،٢٠٠٧: ١٨)، هەروەها ((دیارە هەستکردن بە نادروستی واتا چ لە ئاستی هاونشینی وشەکاندا بێت یان لە ئاستی جێنشین بونیاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گواستنەوەی وشەوە هەیە لە فەرهەنگی زمانەوە بۆ ناو فەرهەنگی شیعری و دروستکردنی پەیوەندی نوێ لە نێوان وشەکانی زماندا و لە سنوور و چوارچێوەی دەقێکدا، هەر بۆیە زانایەکی زمانی وەک "باڵمەر" دەڵێ: وشە یەکەیەکی سەرەکییە لە زانستی واتادا و واتاکەی لە ئاکامی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ وشەکانی دەوروبەریدا لە دەقێکدا دیاری دەکرێ)) (میرزا، ٢٠١٢: ١٧٠).


زمانی شیعریش، کە زیاتر نامۆیی و ناباوی لە پەیڕەوکردنی یاساکانی زمان و داهێنان و نویگەری لە واتای تێدایە (( واتای وشەو یەکە زمانییەکان دەبێت لە چوارچێوەی ئەو نەسەقە زمانییە لێکبدرێتەوە، هەر سیاقێک لەدایکبووی ئەو دەقە خۆیەتی، "جۆرج مونان " ئاماژە بە پێویستی و گرنگی ئەم بۆچونە دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو، کە سیمانتیک گرنگی بە چۆنێتی گوتن دەدات، چونکە شاعیر شێوەی چۆنییەتی گوتنە باوەکان دەگۆڕێت و دەیەوێت مۆرکێکی تایبەتی ئەدەبی و خودی بە گوتنەکە ببەخشێت)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٥١).

شاعیر بۆ ئەوەی شیعرێکی جوان و ناوازە پێشکەش بکات، دەبێت ڕێگایەکی تازە بدۆزێتەوە بۆ گوزارشتکردن و دەلالەتی نویێ بە وشەکان بدات، نەک هەر لێکچواندن و ئاماژە کۆنەکان دووبارە بکاتەوە، دەبێت پـەیوەندی نوێ لە نێوان وشەکاندا بدۆزێتەوە، وا لە خوێنەر بکات بکەوێتە گومانەوە و بەدوای واتای نوێدا بگەڕێ لە شیعردا، چونکە ((هەرگیز شیعری داهێنەرانە بۆ دڵنیاکردنەوەی بیروباوەڕ، بۆ چێژوخۆشی باو خۆی ناخاتە ڕوو، بەڵکوو ئەوەیە کە خوێنەر بخاتە گومان و دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمانەوە نەک دڵنیابوون، شیعر ئەوەیە خوێنەر بەرەو فەزایەکی دیکە لە بیرکردنەوە بەرێت)) (ئەدۆنیس، ٢٠٠٧: ١١)، ئەمەش پێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانەیە، کە پێیان وایە شیعر تەنها بۆ چێژە، بەڵکوو شیعر لە پێناو دنیایەکی جیاوازترە و دنیایەکە، کە بیرکردنەوە و تێڕامان تیایدا ڕۆڵ دەبینێ.

لادانە واتاییەکان شێوە و جۆری جیاوازیان هەیە، بە چەند جۆرێک پۆلێن و دابەشکراون، کە هەریەک لەو لێکۆڵەر و نوسەرانە بەسود وەرگرتن لە بنەما و یاسایەک، کە بەلایانەوە پەسەند بووە، لادانی واتاییان دابەشکردووە، لەوانە:

١- "**جان کۆهین** " لادانەکانی ئاستی واتا دەکات بە سێ بەشەوە: خستنەپاڵ (الاسناد)، دەستنیشانکردن (التحدید)، گەیاندن (الوصول). (سەعید، ٢٠١٣: ٢٦٢).

٢- "**کۆرشی سەفەوی**" لادانی واتایی دابەشی دوو جۆری سەرەکی کردووە، کە بریتین لە لادان بەگوێرەی هەڵبژاردن، کە (خوازە، لێکچواندن، درکە... هتد) دەگرێتەوە. لادان بە گوێرەی لێکدان، کە بریتین لە (تەمومژی واتایی، پارادۆکس).





(جۆرەکانی لادانی واتایی لای کۆرشی سەفەوی) (سەفەوی، ١٣٧٢: ٣٤).

٣- هەروەها "**د. محەمەد مەعروف فەتاح**" لادانی واتایی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش کردووە، کە بریتین لە:

أ- درێژ ڕۆین: کە مەبەستی گەیاندنی واتایە، بە ڕێگەیکی پێچاوپێچ و درێژ بێ گوێدانە وزە پارێزی و کورتبڕی.

ب- پێکدادانی واتایی: بریتییە لەوەی، کە واتای کەرەستەکان لەگەڵ یەکتر ڕێکناکەون بەمەش پێکدادان لەسێ پلەدا دیاردەخات، کە ناوی ناون پلەی ناتەبایی و پلەی دژیەتی و پلەی نەگونجان. (فەتاح، ٢٠٠٧: ٢٠).

٤- "**فەرزان سجودی**" یش لادانی واتایی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشکردووە، کە بریتین لە (بە بەرجەستەکردن و بە ئەبستراکتکردن) دواتر بە بەرجەستەکرنیش بۆ چەند لقێک دابەش دەبێت وەک لە خوارەوە جوانتر ڕوونکراوەتەوە




(جۆرەکانی لادانی واتایی لای فەرزان سجودی) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٢).

## هونەرەکانی دروستکردنی لادانە واتاییەکان لە شیعری (عەبدولقادر سەعید)دا

بەگشتی لادانە واتاییەکان بەهۆی هەریەک لەمانەوە دروست دەبێت: (لێکچواندن، خواستن، دژیەک، ڕەمز) کە هەریەک لەمانەش چەند هونەرێکی دیکەی لێدەبێتەوە، کە دواتر باسیان دەکەین.

### ١- لێکچواندن:

لێکچوواندن هونەرێکی گرنگی ڕوونبێژییە لە شیعردا، شاعیران هەر لە کۆنەوە وەک هونەرێکی بەرزی شیعری بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە و لە بونیاتنانی وێنەی شیعری و لادانە واتاییەکان پشتیان پێبەستووە، کە ((بریتییە لە لێکچواندنی دوو شت، یان دۆزینەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان دوو شت، یان دوو دیاردە، ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە، لێچوو، لەوچوو، ئەوزار، ڕووی لێکچواندن)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧٣)، یان ئەوەیە ((شتێک بە شتێکی دی بچوێنی کە هاوبەشن لە سیفەتێک یان زیاتر، بەهۆی یەک لە ئەوزارەکانی، باس کرابێ یان باس نەکرابێ ڕەوتی ڕستە ئاماژەی پێبکات)) (گەردی، ٢٠١٣: ١٢٠).

بۆ بنیاتنانی هونەری لێکچواندن چوار ڕەگەز پێویستە هەبێ ئەوانیش: (لێچوو، لەوچوو، ئامراز، ڕووی لێکچواندن)، هەرچەندە دەربارەی بوون و نەبوونی (ئامراز و ڕووی لێکچواندن) بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام دوو ڕەگەزەکەی دیکە (لێچوو، لەوچوو) بە دوو بنەما سەرەکییەکەی لێکچواندن دادەنرێن و ئەگەر یەکێکیان لاببرێت ئەوا دەبێت بە خواستن.

ئەگەر شاعیرانی کلاسیکی کوردی زیاتر لێکچواندنیان لە نێوان شتە دیارەکان کردبێت، ئەوا شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ بە جۆرێکی تر لێکچواندنیان کردووە، ئەمەش ((بە هێنانەوەی لێکچواندنی نوێ و نامۆ، کە بریتییە لە چڕکردنەوەی ئەرکی لادان، بەجۆرێک کردەی سەرسوڕمان و کتوپڕی لای خوێنەر دروست دەکات، بەو دوورییەی لە نێوان دوو لایەنەکەی لێکچواندندا هەیە)) (فەتاح،٢٠١٠: ١٩٩).

کەواتە ئەو لێکچوون و خواستنانەی لە شیعری هاوچەرخدا بەگشتی و شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەبینرێت جیاوازە لەوانەی، کە لە شیعری کلاسیکدا هەبووە، هەرچەندە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەوانەوە دروست بوونە، بەڵام ئەمانە ((زۆر قوڵتر و خەیاڵ ئامێزتر و سیحراویترن، لەبەرئەوەی وێنە لە شیعری هاوچەرخدا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی لێکچواندن یا خواستنێک ناوەستێت، بەڵکوو ئەم سنورانە تێکدەشکێنێت، کە تەنها لە ئاکامی هاوشێوەییان

لەگەڵ واقعی ناوەوە لە بواری بزوتنەوەی دەرون و ئەندێشە شاراوەکان کە پەیوەندی بێسنور لە نێوان شتەکاندا دروست دەکات)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٦٨)، بۆیە دەبێت ئاسایی بێت لامان کاتێک دەبینین شاعیرانی هاوچەرخ هەندێ شت بەیەکتر دەچوێنن، کە هیچ لەیەک ناچن، بەڵکوو تەنها بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیان نزیکیان دەکەنەوە، چونکە دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە لە نێوان دوو شت، کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە جۆرێکە لە داهێنانی زمانی لە پرۆسەی نوسینی شیعردا.

ئەندێشەو خەیاڵی شاعیریش کۆڵەگەیەکی پتەو و گرنگی دروستکردنی لێکچواندنە، بۆیە تا خەیاڵەکە بەرز و فراوانتر بێت لێکچواندنەکە جوانتر و هونەریتر دەبێت، وە گرنگە خوێنەریش پشت بە خەیاڵ ببەستێت لە دۆزینەوەی ئەو لێکچون و پێوەندییانەی شاعیر لە نێوان دوو شتی لێک دوور دروستی دەکات.

(عەبدولقادر سەعید) لە شیعری (وەرزی ئازار)دا دەڵێت:

**لەم دوورەوە**
**چاوم لێیە**
**وەکو حەلاج لە خاچ دەدرێ**
**وەکو ئەسپی کۆڵ هەڵگرتووی حوسەین دەگلێ**
**وەکو عەلی لە نوێژی عەشقا دەکوژرێ**
**ئەی (چین)ەکەم!!** **(٢٠٠٥، ل٥٤)**

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا باسی هەموو چینەکانی میللەتەکەی ناکات بەڵکوو تەنها چینێکی تایبەتی هەژاری غەدرلێکراوی مەبەستە، کە لێچوو و لەوچووەکانیش لەم شیعرەدا بەمجۆرەیە:

چین (گەل)/ لێچووە، وەکو/ ئەوزار، حەلاج/ لەوچووە، لەخاچ دان/ ڕووی لێکچوونە.

چین (گەل)/ لێچووە، وەکو/ ئەوزار، ئەسپی حوسەین/ لەوچوو، گلان، ڕووی لێکچوون.

چین (گەل)/ لێچووە، وەکو/ ئەوزار، عەلی/ لەوچوو، کوژران/ ڕووی لێکچوون.

سەبارەت بە جۆرەکانی لێکچواندن بە گەلێک شێوە دابەش و پۆلێن کراوە، بەڵام ئێمە لێرەدا لە ڕووی ئەرکەوە وێنەی لێکچواندنەکان دیاری دەکەین، بەمجۆرە:

**أ- بە مرۆڤکردن:** واتە پێدانی سیفەت و تایبەتمەندی مرۆڤ بەو شتانەی، کە مرۆڤ نین. لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە شاعیر ژمارەیەک شیعری جوانی بەرهەمهێناوە، کە گوزارشت لە زۆر بابەتی هزری و مرۆیی دەکات لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، وەک لە شیعرەدا دەڵێت:

**باڵندەکانیش وەک مرۆڤ**
**ڕەسەن یاخود ناڕەسەنن**
**بەئازادیش ناڕەسەنەکان**
**ئولفەت بە قەفەزەکانیانەوە**
**دەگرن !** (٢٠٢٠: ٨٠)

ڕەسەن و ناڕەسەن یان باش و خراپێتی لە هەڵسوکەوتدا سیفەتی مرۆڤە، بەڵام شاعیر داویەتی بە باڵندەکان، چون هەندێ لە مرۆڤەکان وەک دەوترێ "ئازادی ببارێ هەندێ کەس چەتری بۆ هەڵدەدات" واتە بەویستی خۆی ئازادی ڕەتدەکاتەوە، ئولفەت بە کۆیلایەتییەوە دەگرێ، کە ئەمەش تەنها کاری ناڕەسەنەکانە، هەروەها لە دەقێکی تردا بە شێوەیەکی جوان و ئیستاتیکی هەر لە ڕێگەی هونەری بەمرۆڤکردنەوە سیفەتی مرۆڤی داوەتە پاڵ بەرد بەمجۆرە:

**جەنگ واتە:**
**لەیەکتێنەگەیشتنی دوو تاشەبەرد**
**لە هەرەسی چیایەکدا!**(٢٠٢٠: ٧)

لێرەدا (عەبدولقادر سەعید) لێکتێگەیشتن، کە سیفەتی مرۆڤە داویەتی بە تاشەبەرد، وەک ئاشکرایە بەرد(- تێگەیشتن)ە، بەمەش لادانێکی واتایی هاتۆتە ئاراوە، بە واتایەکی تر ئەو کەسانەی جەنگ هەڵدەگیرسێنن دەمارگیر و عەقڵ بەستوون وەک تاشە بەرد، لە کاتێکدا کە مرۆڤ خاوەنی تایبەتمەندی لێکتێگەیشتنە بۆ دەبێ جەنگ لە نێوانیان بەرپابێت؟ هەر لە درێژەی وێنە ڕەشبینی و نائومێدییەکانی نوسەردا، لە ڕێگەی لادانی واتاییەوە چەند وێنەیەکی تری هونەری جوان بنیات دەنێت، ئەمەش بە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دانە شیعرییەکاندا، کە جوانی لادانی ئەم وێنانە لەوەدایە، لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان دانە شیعرییەکاندا نیمچە نوێیە، وەک لەم نمونەیەدا دەڵێت:

**مافی خۆمە**
**ئێخەی چارەنوسم بگرم**
**کێ سبەینێ تەرمی ئەومندالانە**
**ئەو کۆترە باڵکراوانە**

**ئەو ڕوانینە دزراوانە**
**لە گۆڕستان دەشارێتەوە**
**کێ دەوێرێ لە گۆڕهەڵکەنێ بپرسێ**
**ڕۆژی دەرگای چەند گۆڕ لەسەر**
**شەقامی هیوا دادەخرێ**
**چەند ئەرخەوان هەڵدەکێشرێ**
**چەند جۆگەلە وشک دەکرێ**
**چەند دەست یەخسیر**
**چەند گەردن کەچ دەکرینەوە.(٢٠٠٥: ١٦٠)**

وێنەیەکی کاریگەر و جوانە گرتنی یەخەی چارەنوس، کە شتێکی (نازیندوو، واتایی)ە دەکات بە (مرۆڤ، بەرجەستە) وە خوێنەر تێکەڵی گومان و نادڵنیای دەکات بۆ داهاتوو، بەوپرسیارانەی سەبارەت بە (تەرمی منداڵ، کۆتری باڵکراو، ڕوانینی دزراو) دەیکات، شاعیر بەناوهێنانی گۆڕهەڵکەن دەیەوێ پێمان بڵێ لەم نیشتمانەی مندا مردن هێندە زۆرە کەس ناوێرێ پرسیار لە گۆڕهەڵکەنێک بکات، کە ژمارەیان چەندە؟ گۆڕ تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر داویەتی بە (هیوا)، مردن تەنها هی مرۆڤە ئەو خواستویەتی بۆ درەخت و جۆگەلە.

یان لە شیعری (شیعر)دا لادانی واتایی لە وێنەکانی نوسەردا دەگاتە پلەیەکی زۆر چڕی شیعری و وێنەیەکی جوان و ناسک بەرجەستە دەکات، بەوەی لە نێوان (شیعر و ئافرەت)دا پەیوەندییەکی نوێ دروست دەکات، جوانی ئەم وێنەیە ڕەنگە لەوەدابێ، کە ئەم دانە شیعرییانە هەریەکەیان بە جوانی و ناسکی ناسراون وە کاتێک هەردوکیان پێکەوە دێن بێگومان جوانتر دەبن، وەک دەڵێت:

**شیعر ئافرەتێکی دڵتەنگە**
**دڵدارەکەی لەنێو چاویاو**
**چاوەکانی لە پرسەیدا**
**زریانی فرمێسک هەڵدەکا**
**چۆن دەتوانی لێی تێبگەی**
**شیعر ڕێبوارێکی ماندووی**
**شەوێکی تۆف و زریانە**
**کەلە دەرگای هەناسەی دای**

**چۆن دەتوانی دەرگای بە ڕوودا دابخەی.**   **(٢٠٠٥: ١٠١)**

شاعیر بە ئاگاییەوە بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی، ئەمجارە (شیعر) کە نازیندووە و نابەرجەستەیە کردوویەتی بە ئافرەتێکی دڵتەنگ، کە لە پرسەی خۆشەویستەکەیدا دانیشتووە و دەگری، یان ڕێبوارێکی ماندوو، کە لە شەوێکی تۆف و ڕەهێڵەدا لە دەرگا دەدات چون دەکرێ دەرگای لێنەکەیتەوە؟ بە مانایەکی تر شیعری بەرز و هونەری هەرکات بەر چاو و گوێمان بکەوێ ڕاستەوخۆ دەبێتە میوان، بەم لێچوواندنانە لادانێکی واتایی جوان هاتۆتە ئاراوە.

**ب- بە ئاژەڵکردن:** واتە پێدانی سیفەتی ئاژەڵ بەو شتانەی کە ئاژەڵ نین، باڵندەش هەر دەچێتە ئەم پۆلەوە، یەکێکی دیکە لەو هونەرانەی کە نوسەر بۆ وێنەکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگەکەی بەکاری هێناوە هونەری بەئاژەڵکردنە، کە ژمارەیەک وێنەی جوانی تری پێبەرجەستە کردووە، وەک لێرەدا دەبێژێ:

**جەنگ هەڵۆیەکە ..**
**خەریکی ڕاوکردنی ئەو مەلانەیە**
**ناونراون مەلی ئاشتی**          **(٢٠٢٠: ٨٦)**

شاعیر لەم شیعرەدا جەنگی چواندووە بە هەڵۆ کە باڵندەیەکی دڕندەیە و خەریکی ڕاوکردن و لەناوبردنی ئەو باڵندانەی ترە، کە باڵندەی ئاشتین واتە دووجار لێکچواندنی ئەنجامداوە هەم جەنگی کردووە بە ئاژەڵ و هەمیش ئاشتی، هەروەها لەم شیعرەشدا دەڵێت:

**نازانم چەند**
**باڵندەی ڕەنگینم دەفڕێ؟**
**بەڵام ڕاهاتووم هەمیشە**
**دەرگای قەفەزی دڵ والآکەم. (٢٠٢٠: ١٥٧)**

شاعیر ئەمجارە کەسە نزیک و خۆشەویستەکانی خۆی بە باڵندەی ڕەنگین و دڵی خۆیشی بە قەفەز چوواندووە، کە دەرگای ئەم قەفەزە هەمیشە کراوەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە ئەیانەوێ بڕۆن، خوێنەر کاتێک لەتی یەکەم و دووەم دەخوێنێتەوە ناگات بە واتای تەواوەتی، بەڵام کە لەتی چوارەم دەخوێنێتەوە ئەوکات بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە مەبەست لە باڵندەی ڕەنگین خودی باڵندەی ناو قەفەزی مالآن نییە، بەڵکوو کەسە نزیکەکانی خۆیەتی.

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە بەشێکی نوسەران پەیامی پێدەگەیەننە خوینەر نوسینی ئیرۆتیکییە، کە لە ڕێگەی ئەم جۆرە نوسینەوە کە لە ڕوواڵەتدا سێکسییە بەڵام لە دیوێکی تردا پەیامێک

دەگەیەنێ، شاعیر بە سود وەرگرتن لەم ڕێگەیە و بە هونەری بەئاژەڵکردن پەیامێک دەگەیەنێتە خوێنەر، کە گورگ ئاسا مەبن لە نێو کۆمەڵگەدا و دەڵێت:

**پاشەڵی یەک دەلێسنەوە**
**وەک دوو گورگ لێک دەئاڵێن**
**یاری بە ئارەزووەکانی یەک دەکەن**
**ڕۆح لە جەستەی ئاوێتەیان جیا دەبێتەوە**
**هەریەکەو چاو دەبڕێتە تابلۆی**
**هەڵواسراوی ڕۆحی خۆی**
**کە ناچێتەوە سەر تابلۆی ئەو گورگەی**
**کە هەر ئێستا لێک دەئاڵێن**
**هەوری حەز شیدەبێتەوە**
**گومانێک بەرد لە پەنجەرەی خەیاڵ دەگرێت**
**پەشیمان دەبنەوە لە بۆنی..**
**گوڵە ژەهراوییەکانی لەزەت**
**لێک دەبنەوە و چاو دەبرنە...**
**چاوە خوێن تێزاوەکانی یەکتر**
**لە کەڵبەی یەکتر دەڕوانن**
**پڕ بە زیندانی ماڵەکەیان، دەلورێنن. (٢٠١٣: ١٥٥-١٥٢)**

ئەمجارە لەم شیعرەدا مرۆڤی چوواندووە بە ئاژەڵ، بەڵام کام مرۆڤ و بەکام ئاژەڵ، ئایا سیفەتی جوانی یان ئازایی یان پاکی مرۆڤ و ئاژەڵ باس دەکات یان سیفەتە تەواو ئاژەڵی و دڕەندەییەکان؟ شاعیر ئەمجارە باسی یەکێک لە سیفەتە هەرە ناشرینەکان مرۆڤ دەکات، کە ئەویش (خیانەتە)، تابلۆیەکی تەواوی پرۆسە سێکسیەکەمان لەسەرەتاوە تا کۆتای پیشان دەدات، بە کۆمەڵێ دەستەواژەی هونەری ناوازە نەفرەت لەو کارە قێزەونە دەکات، کاتێ دەڵێت: پاشەڵی یەک دەلێسنەوە ئەمە تەنها کردەی ئاژەڵە دڕەندەکانە، یاری بە ئارەزووەکانی یەکتر دەکەن تا ئەوکاتەی، کە هەوری حەز شیدەبێتەوە واتە کاتێ ئەو حەزە کاتییە چەند چرکەییەی ناخیان کۆتایی دێت، ئیدی یەکسەر پەشیمان دەبنەوە و وەک دوو ئاژەڵی دڕندە لە کەڵبەی یەکتر دەڕوانن و دەلورێنن، لە یەکێکی تر لە نمونەکانی بە ئاژەڵکردندا دەڵێت:

**وەک پڵنگ..**
**پەلاماریان داین**
**وەک شێر وەڵاممان دانەوە**
**لە جەنگی دڕەندانەدا ! (٢٠٢٠: ٦٧)**

(عەبدولقادر سەعید) خۆی یەکێک بووە لەو خۆبەخشانەی، کە بەشداری ڕاستەوخۆی بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی (ڕێکخراوی داعش)ی کردووە، ئەو لەنزیکەوە وێنەی ئەو جەنگانەمان نیشان دەدات، کە مرۆڤی تێدا دەبێ بە دڕەندە، وەک لەم شیعرەدا دیارە ئەوانی بە پڵنگ چوواندووە و خۆیانیش بە شێر، کە هەردوو ئاژەڵەکە دڕەندەن و کاتێ پەلاماری یەکتر دەدەن جەنگێکی خوێناوی لە نێوانیان هەڵدەگیرسێت. شاعیر زۆر سەرنجی لەسەر ژیانە هەرلەبەر ئەو هۆکارەیە، کە زۆربەی شیعرەکانی باسی جەنگ و مەرگە، با سەرنج لەم نمونەیە بدەین:

**چەند کۆترێکی باڵ سپی**
**لەسەر گۆڕی جوانەمەرگێکدا دەسوتان**
**کە پرسیمان:**
**وتیان: دوێنێ دەم ئێوارێ**
**لە ئاسمانێکی تەلبەندا**
**ڕاوکەرێ خۆی حەشاردابوو**
**یەکێکیانی خستە خوارێ (٢٠٠٥: ١٦٣)**

بزواندنی هەستی شاعیر لە بەرانبەر شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی گەلدا هەستێکە لە ناخێکی خەماوییەوە دێتە گۆ، چ جای ئەگەر شەهیدەکان خوشک و برای ڕاستەقینەی خۆتبن، چونکە (عەبدولقادر سەعید) خوشک و برایەکی شەهیدە لە هەرکەس زیاتر دەتوانێ ئەم هەستە پیشانبدات، لەم شیعرەدا شاعیر شەهیدی چوواندووە بە کۆتر و ئەو کەسانەشی، کە هاتوون بۆ سەر گۆڕەکەی هەر چوواندووە بە کۆتر، کە بەم لێکچوواندنە وێنەیەکی جوانی شەهیدبوونی کەسێکی کێشاوە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ناوی شەهید بهێنێ.

**پ- بەڕووەککردن:** ئەمیش واتە پێدانی سیفەتی ڕووەک بەو شتانەی، کە ڕووەک نین. ئەم هونەرە لای زۆرێک لە نوسەران بەکارهاتووە، شاعیریش توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە وێنەگەلێکی جوان پێشکەش بە خوێنەر بکات، وەک لەم هۆنراوەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ، شاعیر بە زمانێکی ئیستاتیکی جوان لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشت و بەتایبەتی دار و درەخت

دەدوێت وەک ئەوەی ئەوانیش مرۆڤبن،ئەمەش جوانییەکی زۆری بە شیعرەکە بەخشیوە، کە دەڵێت:

**هۆ دارچنارە تەنیاکەم**
**پایز چەند ڕۆژێکی تر دەگات**
**پولەکەی سەرکراسە ئاودامانەکەت**
**کە بەگەڵای زەرد چنراون هەڵئەوەرن**
**شەوان تریفەی ساردی مانگ لێتدەئاڵێ و**
**بەیانیانیش شەونمی گیا** (٢٠١٣: ٥٣-٥٢)

لەم شیعرەدا شاعیر خۆشەویستەکەی بە دارچنار چواندووە، وە پولەکەی چنراوی سەر کراسی یارەکەشی بە گەڵای زەرد، کاتێکیش پایز دێت ئەم گەڵا زەردانە هەڵئەورن، لێکچوانێکی هونەرییانەی جوانی دروست کردووە، جگە لە بەڕووەککردن و دووان لەگەڵ دارودرەخت دا شاعیر سودی لە هەمان هونەر وەرگرتووە بۆ بەرجەستەکردنی ئازارێکی گەورەی نیشتمانەکەی، کە نادادی و جیاوازی چینایەتییە، بۆیە دەڵێت:

**نیشتمانەکەم درەختێکی سیحرییە**
**لە گەڵاکانییەوە گەزۆ دەبارێنێ**
**بەسەر دوژمنەکانیداو**
**لەقەدەوە ژەهر دەردەدات**
**بۆ عاشقەکانی !؟** (٢٠١٨: ٥٩)

لێرەدا نیشتمانی بە درەخت چواندووە، واتە نیشتمانی بە ڕووەک کردووە درەختێک بەرهەم و بەروبومی بۆ دوژمنەکانی وڵاتە و خێروبێری بۆ ئەوانە، وە عادەتەن گەڵا دەکەوێتە بەشی سەرەوەی درەخت، کاتێ دەڵێ لە گەڵاکانییەوە گەزۆ دەبارێنێ واتە بەرهەمی ئەم درەختەی نیشتمان تەنها بۆ چینی سەرەوەیە، قەدیش کە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاست و خوارەوەی درەخت، کە مەبەست لێی چینی مامناوەند و ئاسایی خەڵکە ژەهریان بۆ دەردەدات کە ئەمەش لێکچواندێکی شارەزایانەی ترە، ئەمە لەکاتێکدا نوسەر لەڕێی شیعری (پێشمەرگەی ون) وێنەی قوربانی دانی چینی مامناوەند ئاسایی دەکێشێت و دەڵێت:

**لەوانەیە ئێستا دایکت**
**بوبێ بە چڵێ کۆڵەوژ**
**ڕێچکەی ڕێبوار**

**له دڵیدا بوبێته کڵۆیەک تەمومژ     (٢٠٠٥: ١٧١)**

شاعیر لەم شیعرەدا دایکی پێشمەرگەی ون دەچوێنێ بە کۆڵەووژ ((کۆڵەووژ: دارێکی باریکی درێژە ئاگری تەنوری پێ تێک دەدرێت و نانی لە تەنور پێ دەکرێتەوە)) (خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٧١)، شاعیر زۆر بە ئاگایانەو لێزانانەوە ئەم لێکچواندنەی ئەنجامداوە، واتە کاتێ دایک دوور دەبێت لە ڕۆڵەکەی و هەمیشە لە چاوەڕوانیدا دەبێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم حەسرەتی چاوەڕوانییە خەم و ئازاری زیاتری پێ نۆش دەکات، بێگومان کاتێکیش مرۆڤ خەم و پەژارە دەخوات لاواز و بێهێز دەبێت، کە ئەمە لێکچواندنێکی ئێجگار جوان و ناوازەیە و وێنەیەکی تەواو لێکچووە، مرۆڤێکی خەمداگرتوو بە دارێکی باریک.

لە دەقێکی تردا نوسەر بەهەمان شێوە خود بەدار دەچوێنێ، بەڵام ئەوەی وێنەکە جواتنر دەکات دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان دار و خەمدا و دەڵێت:

**گەڵایەکم لە داری خەم**
**هەموو ساڵێک**
**سەرەتا زەرد ئەبم و**
**هەڵئەوەرێم**
**لەم جەنگەڵستانەدا، باڵای...**
**ئەم درختە لە هەموان زراڤ ترە.     (٢٠١٨: ٣٦)**

شاعیر ئەمجارە خۆی چواندووە بە گەڵا و خەمی چواندووە بە درەخت، کە خۆی گەڵای ئەو درەختی خەمەیە، پێش هەموو گەڵاکانی تر ئەم زەرد ئەبێ و هەڵئەوەرێ، ئەم درەختی خەمە لەجیاتی ئەوەی لە دارستانا بێت لە جەنگەڵستانایە و لە هەموو دارەکانی تریش باڵای بەرز ترە، کە ئەمەش دەلالەتە لە بەرزی و زۆری خەمی شاعیر، کە ئەو لە وڵاتێکدا دەژی درەختی خەم و نەهامەتییەکان باڵایان لە هەموو شادی و خۆشییەکانی بەرزترە، هەروەها لەم دەقەشدا دەڵێت:

**کوشتیانی**
**وەک گیاکەڵە**
**ئاپۆرەی چیمەنی ڕوحیان دایت**
**کوشتیانی**
**سنگتیان کرد بە گاسنی سەدەکانی ناوەڕاست (٢٠٠٥: ١٥٤)**

مەرگی ئازیزان هەمیشە بەسوێیە، وە ئەو مەرگانەی چاوەڕوان نەکراون بە سوێترە، شاعیر ئەمجارە بۆ شەهیدکردنی هاوڕێکەی خامەی دێتەگۆ و هاوڕێ شەهیدەکەی بە گیاکەڵە دەچوێنێ، کە گیایەکە لە ناو ڕەز و باخ و دەغڵوداندا شین دەبێ و باخەوانەکان بە هەڵکێشان لە ڕەگەوە بژاری دەکەن و لەناوی دەبەن، شاعیریش ئەم لێکچواندنەی بۆ مەرگی هاوڕێ شەهیدەکەی ئەنجامداوە.

**د- بەتەنکردن:** واتە کردنی شتێکی واتایی و نابەرجەستە بە شتێکی بەرجەستەکراو ((پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتە واتاییەکان)) (سڵێوە، ٢٠٠٩: ٨٧)، شاعیر بەویست و مەبەستی خۆی شتە واتاییەکان دەگۆڕێت بۆ شێوەی ماددی و قەبارەیان پێدەدات، ((هەرکاتێک وشەیەک بە سیمای (- تەن) لە شوێنی وشەیەک دابنرێت، کە لەبەکارهێنانی گەڕانەوەییدا سیمای (+ تەن)ی هەبوو ئەوا بەتەنکردن ڕووی داوە)) (کانەبی: ٤٥)، بەهەمان شێوەی هونەرەکانی تر شاعیر لەڕێی ئەم هونەرەشەوە چەپکێ وێنەی هونەری تری بنیات ناوە، وەک لەم شیعرەدا و لەڕێی بەتەنکردنەوە دەڵێت:

**ساڵەهای ساڵ زیندانیم و، تاوانەکەم**
**دزینی ماچی ژنێکە خۆشمئەویست.**
**ساڵەهای ساڵ سەربەستیت و، تەونی خەیاڵت دزینی**
**عومری درێژی ژنێکە خۆشی ناوێیت(٢٠١٣: ٣٤)**

ماچ وشەیەکی واتاییە قەبارە و بارستایی نییە، شتێکیش بەرجەستە نەبێ قابیل بەدزین نییە، بەڵام شاعیر ماچی کردووە بە کەرەستەیەکی بەرجەستەو لەسەر دزینی ئەو کەرەستەیە سزا دراوە، لە لایەکی ترەوە ئەوەمان پێدەڵێ چ دادپەروەرییەکە؟ کەسێک لەسەر دزینی ماچی خۆشەویستەکەی زیندانی بێت و کەسێکیش ساڵەهای ساڵ نەتوانێ خۆشەویستی ژنەکەی بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش بۆخۆی دزینی عومری ئەو ژنەیە. یەکێکی تر لەو بابەتانەی شاعیر جەختی لەسەر دەکاتەوە هەژارییە، وەک لەم دەقەدا دەڵێت:

**هەژاری خۆی دەرد نییە،**
**هەتوانێکە پیاوێکی نەخۆش..**
**دابەشی دەکات بەسەر ساغەکاندا (٢٠٢١: ٤٦)**

هەژاری خەمێکی گەورەیە لای شاعیر و لەزۆربەی شیعرەکانیدا ئامادەیی هەیە، شاعیر لێرەدا ئەم ناوە واتاییەی بە مەرهەمێک چوواندووە، جگە لە ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شاعیر ئەم هونەرەی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێ وێنەی هونەری تر بەکارهێناوە، توانیویەتی بەشێوەیەکی ئیستاتیکی پەیوەندییەکی نوێ و ناسک لە نێوان چەند دانەیەکی شیعریدا دروست

بکات، بەوەش وێنەیەکی جوان و نوێی بەرهەمهێناوە، بەوەی پەیوەندی لە نێوان (گەڵا، نیگا) (شەپۆل، هەناسە)دا دروست کردووە و دەڵێت:

**پۆل پۆل گەڵای نیگای خەڵک**

**دەوەرینە حەوشەو سەربان**

**شەپۆل شەپۆل**

**هەناسەی خەڵک دەڕژانە نێو ژووری سیخناخ (٢٠٠٥: ١٦٧)**

لەم شیعرەدا شاعیر ناوێکی تری واتایی بەتەنکردووە، کە ئەویش وشەی (نیگا)یە و چواندویەتی بە گەڵا، کە نیگا ناوێکی واتاییە و گەڵاش ناوێکی بەرجەستە، هەروەها وشەی هەناسە هەرچەندە لەڕووی زانستییەوە ناوێکی بەرجەستەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەک نا بەرجەستە مامەڵەی لەگەڵدەکرێ، کە ئەمیش بەهۆی وشەی شەپۆلەوە چواندویەتی بەئاو، یان لەم دەقەی تردا (شیعر)ی بەتەنکردووە و دەڵێت:

**شیعر پشکۆیەکە**

**نوقمی مشتێ خۆڵەمێشی ساردە**

**کە (با) بەسەریا هەڵیکرد**

**تۆش وەکو ئەو**

**لەنێو ناخدا کڵپە دەکەی..(٢٠٠٥: ١٠١)**

بە وردەکارییەکی جوان و لێهاتووانەوە وێنەیەکی ئیستاتیکیمان نیشان دەدات، بەوەی (شیعر)، کە ناوێکی واتاییە چواندوویەتی بە تەنێکی بەرجەستە، کە پشکۆیە.

**٢- خواستن:**

ئەم هونەرە هەر لەکۆنەوە بەکارهێنراوە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هونەرێکی گرنگی ڕوونبێژییە لەسەر بنچینەی لێکچواندنی دوو شت کاردەکات، بەڵام ((جیاوازی لەگەڵ لێکچواندن لەوەدایە، کە لە خواستندا تەنها یەک لایەن دەردەکەوێت، کاریگەرییەکەشی لە لێکچواندن زیاترە، چونکە خواستن گۆڕینێکی ڕووتی واتا نییە، بەڵکوو گۆڕینی سروشتی واتایە، گواستنەوەی واتای زەینییە بۆواتای هەڵچونی)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧٦)، لێرەدا توانا و شارەزایی شاعیر دەورێکی گرنگی هەیە، کە چۆن بتوانێت ئەزمون و سۆز و ئەندێشەی خۆی بە شێوازێکی قووڵ و نوێ دەربڕێت، لەڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شتە دوور و لێک جیاوازەکان.

یان خواستن بریتییە لە ((بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربرینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەی وشەکە وێچون بێت، ئەبێت نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک مانا دروستەکە)) (گەردی، ١٩٧٢: ٦٩)، هەروەها دەکرێ بڵێین خواستن بریتییە لە ((فۆڕمێکی تایبەت بۆ گۆڕینی واتا، واتە: گۆڕینی شتێ بە شتێ، یان واژەیەک بە واژەیەک، بەهۆی پەیوەندییەکی دیاریکراوەوە کە لێکچونە، هەر لەبەر ئەمەشە بە لادانی جێگۆڕکێ دادەنرێت، لە کردەی خواستندا هەموو دالێک دوو مەدلولی هەیە، خوێنەر یەکەم جار سەرنجی مەدلولی یەکەم دەدات و لەم کاتەدا نەگونجان و لادان دروست دەبیت، بەڵام کاتێ درک بە مەدلولی دووەم دەکات ئەو نەگونجان و ناڕێکییەی لانامێنێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٩٤)، هەر ئەمەشە وادەکات، کە ئەو شیعرانەی ئەم جۆرە هونەرانەی زیاتر تێدا بەکاربهێنرێت، ڕادەی شیعرییەت و بەهایەکی هونەری شیعری زیاتریان هەیە و خوێنەر کاتێ ئەم مەدلولانە لێک جیا دەکاتەوە و لێی تێدەگات چێژی زیاتری لێوەردەگرێت.

"جان کۆهین" گرنگی زۆری بە خواستن داوە بە بنچینەیەکی سەرەکی داناوە لە هەموو شیعرێکدا ((سەرچاوەی بنەڕەتی هەموو شیعرێک خوازەی خوازەکانە، ئەویش مەبەست خواستنە)) (جان کۆهین، ١٩٨٦: ١٧٠)، بێگومان هونەرێکی وەک خواستن، کە بەم ئاستە گرنگ و پێویست بێ بۆ دەق، چەند ئەرکێکیشی دەکەوێتە سەر لەنێو دەقدا، لەم بارەیەوە (("لۆران پیرین" چەند ئەرکێکی گرنگی خواستنی دەستنیشانکردووە:

١- بەهۆی بەکارهێنانی خەیاڵ یارمەتی خولقاندنی سەرچاوەیەک بۆ چێژ دەدات.

٢- ڕێگەیەکە بۆ هێنانە ناوەوەی خەیاڵێکی زۆرتر بۆ شیعر و بەمەبەستی گۆڕینی شتی موجەڕەد بە بەرجەستەو بۆ بەهەستکردنی شیعر.

٣- ئامرازی چڕکردنەوەیە، ڕێگەیەکە بۆ گوتنی زۆر لە بوارێکی تەنگدا.)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧٦)

خواستن ئەدگارێکی گرنگە بۆ دروست کردنی لادانە واتاییەکان خوێنەر بە سەرنجدانی ورد دەتوانێت بە تەواوی دوو لایەنەکە بدۆزێتەوە، بۆ دەستخستنی واتای خواستراو، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو دەوروبەر(سیاق)ە زمانییەی، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە، چونکە هەندێ وشەو دەستەواژە بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوروبەرەکەی نادۆزرێتەوە، وە هەندێک لەو خواستنانەش بەهۆی ئەوەی لە دێر زەمانەوە بەکارهاتون و بەکاردێن و زۆر دووبارە دەبنەوە، بەلای خوێنەرەوە سەرنج ڕاکێش نیە و پێی سەرسام نابێ، چونکە توشی ڕامانی ناکا و هەر

زوو درکی پێدەکات، وەک چواندنی (مرۆڤی فێڵباز بە ڕێوی، یان مرۆی ئازا بە شێر، یان ڕووی یار بە مانگ و گوڵ...هتد) ئەمانە زۆر بیستراون و گوێگر و خوێنەر یەکسەر دەزانێت کێت مەبەستە.

بەڵام لەشیعری نوێدا وێنەی نوێ و جیاواز دەخوڵقێت پەیوەندی نێوان لایەنە ئاشناکان تێکدەدرێ و سەرلەنوێ پەیوەندی تازە لە نێوان واژەکاندا دروست دەکرێتەوە، خواستنەکان زیاتر چڕدەکرێنەوە بە جۆرێک نامۆ و نوێ بن، پێشتر نەبیسترابێ و بەرچاو نەکەوتبێت، پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوان شتەکان ون دەکات، چونکە بە هۆی ((ون بونی پەیوەندییە لۆژیکی و هۆکارییەکان، کە بنچینەی دەربڕینی واتان لە زمانی ئاساییدا شیعر توشی چەندین لادان و ترازانی دەلالی دەبێت)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٠٦)، لەمەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە((شاعیر لە دروستکردنی وێنە بەهۆی خواستنەوە سەربەستتر و ئازادتر دەبێت و دەتوانێ زیاتر وێنەی وا بخوڵقێنێت کە ئاماژە بەشتی دوور بکات لەوانەشە تێڕوانینی درک پێنەکراو بخاتە ڕوو، ئەمەش جۆرێکە لە سوریالیزم و ئەبستراکتی، کە هەوڵیانداوە پەیوەندی لە نێوان شتە دوورەکاندا دروست بکەن و لێکیان نزیک بکەونەوە)) (سەعید، ٢٠١٣: ٢٩٦).

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی خواستن ئەوەیە زمان لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئاسایی خۆی دەگوازێتەوە بازنەی داهێنان و نەناسراوی، کە لێرەدا یاساکانی زمان دەبەزێنێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وشە و ئاوەڵناوەکان لە نێوان بەرجەستەیی و واتاییەکان، خواستن ((جەوهەری هونەری شیعرە و هەر ئەویشە وزەی شیعری شاراوە بەدەردەخات و تەنها بە جوانکارییەکی شیعری دانانرێ، بەڵکوو هۆکارێکی گرنگی گۆڕینی دەلالەتی ئاسایی دالەکانە بۆ دەلالەتێکی هونەری جوان و نائاسایی، چونکە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە زمانی شیعری بەردەوام لە گۆڕاندایە)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١١٥).

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا خواستن بە خوازەی زمانی دادەنرێت یان بە خوازەی ژیری؟ ((زۆر لەشارەزایانی بواری ڕەوانبێژی عەرەبی بە خوازەی زمانی دادەنێن و دەڵێن: چونکە هەڵسوکەوتەکانی لێوەی ڕوودەدا هەڵسوکەوتێکی زمانەوانییە، گۆڕان لەئاماژەی واژەکاندایە لە گواستنەوەیان لە مانای بنەڕەتی بۆ مانای تر، بەڵگەشیان بۆ ئەمە واژەی (پێچوێنراو) لە خواستن بۆ مانای خۆی دانەنراوە، ئاماژە پێ کردنی لە بۆ چوێنراو لە ڕێگای چواندنە)) (گەردی، ٢٠١٣: ١٨١)، بۆ نمونە کاتێ دەڵێی چاک و چۆنیم لەگەڵ گوڵ کرد (گوڵ) لەلایەنی زمانەوانیدا واتە: ڕووەکێکی جوان، لە بنەڕەتدا بەرامبەر کەسێکی دەم و چاو جوان دانەنراوە، هەروەها بۆ مانایەکی گشتیش دانەنراوە گوڵ و کەسەکە بگرێتەوە، بۆیە وتنی بۆ

(چوێنراو) کە (کەسە دەم و چاو جوانەکەیە) لە ڕێگەی چواندنە، واتە گواستنەوەی مانای گوڵە، کە ڕووەکێکی جوانە، بۆ کەسێکی دەم و چاو جوان ئەمەش واتە گواستنەوەی مانای بنەڕەتی وشەیە بۆ مانایەکی هاوشێوەی خۆی.

**خواستن لە ڕووی ئەرکەوە ئەم ئەرکانە دەبینێت:**

**أ- هەستگۆڕکێ:** بەکارهێنانی یەکێک لە هەستەکانە لە بری هەستێکی تر، واتە گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی سیفەتی هەستەکانی (بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن) و وەرگرتنی ئەرکی هەستێک لەبری هەستێکی دیکە، بۆ نمونە گۆڕینی هەستی بینین بە بیستن، واتە شتێک بە چاو دەبینرێت، بەڵام شاعیر ڕۆڵەکەی دەدات بە گوێ ((هەستگۆڕکێ دەبێتە ئامرازێک لە ئامرازەکانی بەتاڵکردنی پەنگ خواردووی دەروونیی کە بە هۆی واتا زمانییەکانەوە ئاستەمە)) (گەردی، ٢٠٠٤: ١٣١) کاتێک شاعیر دەیەوێت شێوازێکی شیعری کاریگەر و بەجۆش لەسەر دەروونی خوێنەر دروست بکات، دەبێت دەستکاری ئەو سیما جێگیرەی کەرەستەکانی زمانی ئاسایی بکات، سیفەتێک دەداتە پاڵ ئەو شتەی، کە لە بنەڕەتدا پێچەوانەی سروشتی ئەو شتەیە، ئەمەش بۆ جوانکردن و بە چێژکردنی شیعرەکەیە، چونکە ئاڵوگۆڕکردنی هەستەکان ((یەکێکە لەو لادانانەی کە شاعیر لە زمانی شیعردا بەرپای دەکات، چونکە هەستگۆڕکێ خۆی لەخۆیدا لادانە لە زمانی باو، دوورکەوتنەوەیە لە قسەی ڕۆژانە)) (سلێوە، ٢٠٠٩: ٨٢).

شاعیر ئەم هونەرەشی بەشێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش لە بنیاتنانی چەند وێنەیەکی هونەری بۆ گەیاندنی کۆمەڵێک پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بەکارهێناوە، وەک لەم نمونەیەدا دەڵێت:

**جیاوازی چییە؟ سەگەلێ،**
**شوێن پێی نیشتمان پەروەرێکی یاخی**
**هەڵگرن؟**
**نهێنی ڕازی غەریبەیەک بۆن بکەن؟**
**بە لێدان و ترپەی دڵی ژنە عاشقێ بوەڕن؟(٢٠١٣: ١٧٠)**

لەم شیعرەدا هەستی بیستن و بۆنکردن ئاڵوگۆڕی پێکراوە، وەک ئاشکرایە نهێنی و ڕاز پەیوەندی بە درکاندن و بیستنەوە هەیە، بەڵام شاعیر بەشێوەی پرسیارکردن ئەم هەستەی گۆڕیوە بۆ بۆنکردن، بەمەش خوێنەر توشی تێڕامان دەکات، هەروەها لە شیعرێکی تردا ئەم هونەرەی بۆ پەیامی نیشتمانی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**لە کەرکوک..**
**بۆنی داگیرکردن،**
**قێزەونترە..**
**لە بۆگەنی نەوت (٢٠٢١: ١٧٤)**

ئەمجارە شاعیر هەستی بۆنکردن و بینینی ئاڵوگۆڕ پێکردووە، داگیرکردن حاڵەتێکە بەچاو دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، بەڵام شاعیر هەستی بۆنکردنی بەکارهێناوە و بەراوردی کردووە بە بۆنی نەوت.

**ب- بەمرۆڤکردن:**

**سۆمای چاومان داهات، تا ئازادی گەیشت**
**ئەو کەهات تارمایی لاوێکی بەفرین بوو**
**بەتفەنگێکی دارشوشەوە**
**لەو شاخانەوە دابەزی و**
**لە شارێکی جەنجاڵدا بزر بوو**
**کاتێ لەناو جەنگاوەرانی**
**شەڕی ناوخۆدا**
**بەپیری دۆزیمانەوە**
**لەو ساتەوە ڕەنگی کفن و**
**بۆنی خوێنی لێنابڕێ (٢٠١٣: ٢٨-٣١)**

ئازادی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی شیعری (عەبدولقادر سەعید) ئەو لەم شیعرەدا باسی ئەو ئازادییە دەکات، کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) لە باشوری کوردستان بەدی هات، ئەو دووجار ئازادی دەکات بە مرۆڤ سەرەتا کە دێت لاوێکە بە تفەنگێکی دارشوشەوە "جۆرێکی کلاشینکۆڤ شوێن دەستەکانی لە جۆرە دارێکی ڕەونەقدار دروستکراوە لەناو ئارەزومەندانی بواری چەکدا بە دارشوشە ناسراوە" لەناوشاردا بزر دەبێت، کە بزربوون تەنها بۆ شتی بەرجەستە بەکاردێ، بەڵام شاعیر خواستویەتی بۆ ئازادی کە وشەیەکی واتاییە، دوایی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا پیر دەبێت، کە پیربونیش سیفەتی مرۆڤ و گیاندارانە و بۆ ئازادی خواستراوە، لێرەدا شاعیر پەیوەندییەکی جوان و نوێی لەنێوان دانەی شیعری ( ئازادی و پیربوون)دا دروستکردووە، کە ئەم وێنانە نوێیەتی خۆیان دووبارە دەکەنەوە، کە ئەمەش لە ڕێی ئەم هونەرەوە بەرجەستە بووە، هەروەها لە دەقێکی تردا دەڵێت:

**با- سەنگەرەکان دەپشکنێت..**
**ناسنامەی کوژراوەکان هەڵدەداتەوە**
**ناوی باشورییەکان دەباتەوە بۆ باکور،**
**ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ڕۆژئاوا**
**ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵات،**
**باکورییەکان بۆ باشور**
**با- یاری بەو ناوانە دەکات**
**کە ئێمە شانازییان پێوە دەکەین (٢٠٢٠: ١٦)**

(با) مرۆڤ نییە تا بتوانێت پشکنین بکات، واتە ئەمە سیفەتی ئەو نییە ئەمە سیفەتی لەوچووە، کە خۆی نەهاتووە، با لێچووە و چوێنراوە بە مرۆڤ، با ڕەنگە بتوانێ شتێ لە شوێنێکەوە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام ناتوانێ ناوی کەسێک بگوازێتەوە، کە ئەمەش خواستنەو با بەمرۆڤکراوە، ئەمەش نمونەیەکی ترە و تیایدا دەڵێت:

**جەللاد، فەرمان بە مەرگ دەکات بڕوات.**
**دەڕوات..**
**فەرمان دەکات بوەستێت،**
**دەوەستێت.**
**فەرمان دەکات بگری،**
**دەگری..**
**فەرمان دەکات پێبکەنێت،**
**مەرگ پێناکەنێت. (٢٠٢٠: ٤٨)**

(ڕۆیشتن، وەستان، گریان، پێکەنین) هەموویان سیفەتی مرۆڤن، بەڵام شاعیر خواستویەتی بۆ وشەیەکی واتایی، کە ئەویش (مەرگە) هەروەها مەرگی چواندووە بە مرۆڤێک لەژێر فەرمانی مرۆڤێکی تردایە، کە ئەگەر مەرگ هەموو فەرمانەکانی تر جێبەجێ بکات ئەوا فەرمانی پێکەنین هەرگیز جێبەجێ ناکات، چونکە مەرگ سامناکترین شتە بۆ ژیانی هەموو زیندەوەرێک، بەم شێوەیە مەرگی چواندووە بە مرۆڤێکی دڵڕەقی گرژومۆن، لێرەشدا دەڵێت:

**شەو سەری ماندووی نایە سەر شانی چاوەڕوانیم و نوست**
**گوێم لە هاڕەی داخستنی دڵی پەنجەرەکانی شەو گرت**
**کەوتمە دەریای بێ بنی غایەڵەی تۆوە (٢٠٠٥: ٢٥٢)**

شەو زیندوو نیە تا سەری هەبێ و ماندوو بێ، وە هەرشتێکیش زیندوو نەبوو لە توانای نوستنیش بەدەرە، بەڵام شاعیر شەو دەکات بە مرۆڤێکی ماندوو و سیفەتی خەوتنی دەداتە پاڵ، لە لەتی دووەمدا دیسان سیفەتی مرۆڤ و گیانلەبەر بۆ شەو دەخوازێ کاتێ دەڵێ گوێم لە هاڕەی داخستنی دڵی پەنجەرەکانی شەو گرت.

**ج- بەئاژەڵکردن:**

**ئەوەڕن، خۆشەویستم ئەوەڕن،**
**بۆن بە شوێن پێکانتەوە دەکەن، ئەوەڕن**
**تا چاو بڕکات، تا گوێ پڕدەبێ لەوەڕین**
**جیاوازی چییە؟سەگەلێ**
**شوێن پێی نیشتمانپەروەرێکی یاخی هەڵگرن؟**
**نهێنی ڕازی غەریبەیەک بۆن بکەن؟**
**بە لێدان و ترپەی دڵی ژنە عاشقێ بوەڕن؟ (٢٠١٣: ١٧٠-١٦٩)**

وەک ئاشکرایە وەڕین سیفەتی ئاژەڵە و بەتایبەتیش سیفەتی سەگە، بەڵام شاعیر ئەم سیفەتەی خواستووە و داویەتی بە مرۆڤ، هەرچەندە لەوچووەکە ڕاستەوخۆ نەهاتووە، بەڵام پەیوەستێکی هاتووە، کە لە دێڕی کۆتایدا دەردەکەوێ، کە دەڵێ بە لێدان و ترپەی دڵی ژنە عاشقەکان بوەڕن؟ کە ڕوونە سەگ بە ترپەی دڵ ناوەڕێ، لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر مەبەستی ئەو مرۆڤانەیە کە بەدکار و بەدخوون و جاسوسی بەسەر خەڵکەوە دەکەن و قسەو قسەڵۆک دێنن و دەبەن، کە ئەم خواستنەش جوان و سەرنج ڕاکێش و نوێیە، یان دەڵێت:

**گومانم هەیە لە جەنگ..**
**تەنانەت جەنگە ڕەواکان**
**وەک گومان لەو مارەی**
**١٦/ ٣/ ١٩٨٨**
**خزاندمانە هەڵەبجەوە و**
**ماڵ بە ماڵ گەستنی !؟ (٢٠٢٠: ٧٠)**

هەڵەبجە ئەو خەمە قوڵەیە، کە زیاتر لە هەرکەسێک هەستی شاعیران دێنێتە جۆش (عەبدولقادر سەعید)یش مەرگەساتی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفال پانتاییەکی فراوان لە دیوانەکانی داگیر دەکات و بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری بەرز لە بارەیانەوە نوسیونی، وەک لەم شیعرەدا دەبینین (مار)ی خواستووە بۆ ئەو چەکە کیمیاوییەی لە ( ١٦/ ٣/ ١٩٨٨)

هەڵەبجەی پێ بۆردومان کرا و بەهۆیەوە هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا، یاخود لەم دەقەدا دەڵێت:

**جەنگ وا زوو دەسپێناکات**
**تا هەمووومان مەشقی**
**وەڕینی سەگ و**
**لورەی گورگ .. تەواو نەکەین (٢٠٢٠: ٤٩)**

مرۆڤدۆستی و دژی جەنگ بوون سیمایەکی دیاری سەرجەم تێکستەکانی (عەبدولقادر سەعید)ە ئەو نەک هەر باوەڕی بە جەنگ نییە، بەڵکوو ئەوانەشی جەنگ هەڵدەگیرسێنن بە دڕندە ناویان دەبات، وەک ئاشکرایە پێش دەسپێکردنی جەنگ سەربازەکان دەبێت مەشق بکەن، بەڵام شاعیر ئەم تایبەتمەندییەی مرۆڤی خواستووە و داوەتی بە سەگ و گورگ، بەمەش ناشیرینی و ناپەسەندی جەنگمان نیشاندەدات.

شاعیر بەشێکی زۆری دیوانەکانی تەرخان کردووە بۆ بەگژداچونەوەی جەنگ و نیشاندانی ڕووی ناشرینی جەنگ، ئاشتی خوازی و ژیاندۆستی شاعیر بەجۆرێکە، کە تەنانەت لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ داوا لە هاوسەنگەرەکەی دەکات، کە ئەم بەرەی شەڕە جێبهێڵن، ئەمە لەبەر ترسی مردن و ناخۆشی بەرەکانی شەڕ نییە، بەڵکوو ئەو لە خەمی ئەوەدایە نەبا بە گوللەی ئەمان کەسێک لە بەرامبەریان بکوژرێ و بۆهەتایە منالەکەی باوکی نەبینێتەوە، وەک خۆی لەم شیعرەدا دەڵێ:

**تۆ دەڵێی چی هاوڕێ..**
**با سەنگەرەکانمان جێبهێڵین**
**ئێستە لەوێ**
**مندالێ چاوەڕوانی**
**گەڕانەوەی باوکی دەکات ! (٢٠٢٠: ١٧).**

**د- بەڕووەککردن:**

**کەس ناتوانێت بەرد لە درەختی**
**بەرزی مێژومان بگرێت**
**بێئاگا**
**لەئەوەی بزانین**

**که درەختی شانازی**
**ئەم مێژووە**
**ز**
**ڕ**
**ە** (٢٠١٨: ٤٦)

درەخت و مێژوو هیچ ڕێککەوتنێکی واتایی لەنێوانیاندا نییە، بەڵام کە زانیمان ئەمە خواستنە و شاعیر مێژووی لەشوێنی دارێکی بەرز داناوە، ئەو کات بە ئاسانی پەیوەندی نێوان دار و مێژوو دەردەکەوێت، کە شاعیر مێژووی خۆیانی بە دارێکی بەرز چواندووە، کە کەس ناتوانێ بەردی تێبگرێت، بەڵام هەرخۆی ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ئەم درەختە باڵا بەرزە (زڕە) زڕ بەو دارو درەختانە دەوترێ کە (بەر)یان نییە، کەواتە شاعیر مێژووی خۆیانی درەختێکی زڕ چوواندووە، هەر تایبەت بەم هونەرە شاعیر دەبێژێ:

**وام دەزانی**
**ئەو ئافرەتەی بۆی دەسوتێم**
**بێت و لەگەڵما هەڵبکا**
**نەک لەمەولا**
**ئەو تەمەنەش هەڵوەریوە**
**سوژدە بۆ باڵای ئەو دەبا** (٢٠٠٥: ١٢٠)

تەمەن و هەڵوەرین هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی واتایی لە نێوانیاندا نییە، تەمەن دەسپێک و کۆتایی هەیە و ٠هەڵوەرینیش بەزۆری بۆ گەڵای ڕووەک بەکاردێ، بەڵام شاعیر بە خواستنی هەڵوەرین بۆ تەمەن لادانێکی جوانی واتایی بۆ شیعرەکەی دروستکردووە.

**مەمکەکانت..**
**دوو هەناری دەنک هەڵوەریون**
**هەردەنکەی ڕۆژگارێک خستویەتییە خوارەوە.**
**هەر جارێ بەو ڕێیانەدا دەچمەوە کە پێکەوە**
**ڕۆژگارەکانمان تیا بەڕێکرد..**
**بیری شیرینی ئەو دەنکە هەنارانە دەکەمەوە.** (٢٠٢٠: ١٣١)

دەشێ ئەم ئەندامەی لەشی ئافرەت لە شێوەدا لە هەنار بچێت، بەڵام شاعیر دەڵێ هەناری دەنک هەڵوەریو، کە ئەمە خواستنەکەیە و مەبەستی شاعیرە، کە بە خۆشەویستەکەی بڵێ ئێستا

پیر بویتە و مەمکەکانت پوکاونەتەوە، وەک چۆن هەنار کاتێ دەنکەکانی تێدا نامێنێت شێوە بازنەییەکەی لەدەست دەدات و گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

**هـ- بەتەنکردن:**

**شاعیرەکان خەون دەبینن**
**لە خەونیاندا**
**ئازادی ڕووت دەکەنەوە**
**نیشتمان لە ڕەنگی تۆخی ئازادی..**
**هەڵدەکێشن**
**بە گوڵی وشە باخچەیەک لە ئازادی**
**گوڵڕەنگ دەکەن.** (٢٠١٣: ١٤٧)

(ئازادی) لەگەڵ کاری ڕووتکردنەوەدا ناگونجێ یان ئازادی تەنێکی بەرجەستە نییە تا بتوانرێ ڕووتبکرێتەوە، لەڕوی واتاییەوە بە ڕستەیەکی نادروست دادەنرێت، وە نە نیشتمانیش تەنێکی وەهایە تا بتوانی ڕەنگی بکەی وە نە ئازادیش ڕەنگی هەیە تا نیشتمان لەو ڕەنگە هەڵکێشی، هەروەها وشەش گوڵ نییە تا باخچەی پێدروست بکرێت، بۆیە هەموو ئەم وشانە خواستراون بۆ شوێنێک کە شوێنی خۆیان نییە، شاعیر وشەی (ئازادی) کە وشەیەکی واتاییە چەندجارێک و بەشێوەیەکی جوان بەرجەستەو بەتەنی کردووە، جارێک بە ڕووتکردنەوە و جارێک بە ڕەنگکردن و حارێکیش لە گوڵڕەنگکردنی باخچەیەکدا، یان لەم دەقەدا دەڵێت:
**بەختەوەریم دایە دەم بای ڕۆژگارەوە**
**چاوەڕوانی ئاشتی دوای هیچ خوێنڕژان و**
**کۆکردنەوەی شوشە شکاوەکانی ڕوح ناکەم**
**ئیدی بەهیوای چاوە دۆزەخییەکانی ئەو نیم** (٢٠٠٥: ٢٧)
(بەختەوەری) وشەیەکی واتاییە و کەرەستەیەکی لەو جۆرە نییە، کە بتوانرێت بدرێتە دەم باوە، بەڵام شاعیر کردوویەتی بە تەنێکی بەرجەستە و بارستاییەکی وای پێداوە، کە بای ڕۆژگار بردوویەتی، یان (ڕوح) کە ئەویش وشەیەکی واتاییە و شاعیر کردوویەتی بە شوشەی شکاو، واتە دوای شکاندنی شوشەی دڵ و ڕوح ئیدی من چاوەڕوانی ئاشتیت ڵیناکەم و بە هیوای تۆوە ناژیم. یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**بماندەنەوە**
**پاکێتیمان بدەنەوە**
**خوێنی ڕژاوی شەهیدان**

**قریشکەی ژنە ئەنفالکراوەکان**

**پاکیزەیی کچە شەنگالییەکانمان بدەنەوە (٢٠١٨: ٧٣)**

هەریەک لە دەستەواژەکانی (پاکێتی، خوێنی ڕژاوی شەهیدان، قریشکەی ژنە ئەنفالکراوەکان، پاکیزەیی کچە شەنگالییەکان) لەگەڵ کاری (پێدان)دا ناگونجێ، چونکە هەموو ئەم دەستەواژانە واتایین و بەرجەستە نین تا بتوانرێت بدرێنەوە، بەڵام شاعیر ئەم دەستەواژە واتاییانەی خواستووە و وەک تەنێکی بەرجەستە داوا دەکات پێی بدرێتەوە.

**٣- دژیەکی:**

یەکێکی تر لەو هونەرانەی لادانی واتایی دروست دەکات، دژیەکییە، کە لەم بارەیەوە "موحسین گەردی" دەڵێت: ((دژیەک کۆکردنەوەی دوو واژەی دژ بەیەکە لە واتادا، ئەگەر دوو مانا دژ بەیەکەکە لە نێوان دوو واژەی ئەرێدا بوون، دەبێ بە دژبەیەکی ئەرێ، ئەگەر دژبەیەکەکەش لە دوو واژەی ئەرێ و نەرێدا بوون ئەوا پێی دەڵێن دژبەیەکی نەرێ، ئەوەیە کە وشەیەک لە هەردوو وشەکان بەهۆی ئامرازی وەک (نە، نا، مە) ببێ بە نەرێ)) (گەردی، ٢٠١٣: ٣٢٤).

هەروەها د. ئیدریس عەبدوڵا لە کتێبی (جوانکاری شیعری نوێی کوردی) دا دەربارەی دژیەک دەڵێت: ((یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، لای عەرەبەکان بە زاراوەی (الطباق والمطابقة، والتطبیق والتضاد والتکافوء) ناودەبرێت، بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشە، کە ئەو وشانە لەڕووی واتاوە دژ و پێچەوانەی یەکبن، بۆ نمونە: ڕەش و سپی، پاک و پیس، جوان و ناشرین... هتد)) (عەبدوڵا، ٢٠١٢: ٨٧)، بەڵام دژیەک و دژواتا(دژەڕۆیی) دوو دەستەواژەی لێک جیاوازن، بەوەی دژیەک تەنها دوو وشەی ڕێک پێچەوانەی یەکە، بەڵام دژواتاکان ئەوانەن، کە واتای نوێ بەرهەم دێنن، بۆیە لەوانەیە شاعیران لایەنێکی تری زمان دەربخەن بۆ نمونە ((هەر دوو وشەیەک کە لە تەنیشت یەکەوە دادەنرێن پەیوەندی نێوانیان مانایەک دەبەخشێت ئەم مانایە لەوانەیە بۆ ئێمە ئاشنا بێت کە پێی دەڵێن(پێشتر) وەکو (جێ پێ ئەسپ) بەڵام ئەگەر ئەم مانایە ئاشنا نەبێت، پێی دەڵێن: (پاشتر) وەکو (جێ پێ شادی) )) (سەعید، ٢٠١٣: ٣١٧) واتە شیعری نوێ هەوڵ دەدات مانا پاشترەکان پەرە پێبدات، بۆیە بەمکارە وشەو دەستەواژەی زۆرتری لەبەردەستدا دەبێت و واتای باوی وشەکان لێڵ دەکات و باری ئاسایی زۆرتر تێکدەشکێنێت، بەرهەمی ئەم تێکشکانەش کۆکردنەوەی دژەکان و گرێدانی دژەکانە.

د. محەمەد مەعروف لە ژێر ناوی (پێکدادانی واتایی)دا باس لە دژە واتا دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لە هێنانەوەی دوو وشە کە لە هەندێ سیمادا دژ بەیەکتر دەوەستن، مەبەست بەخشینی واتایەکی نوێیە، دەتوانین سێ جۆری دەستنیشان بکەین:

١- **ناتەبایی:** کەمترین جۆری پلەی پێکدادانی تێدایە، زۆرجاریش بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک لەجیاتی وشەیەکی هاو واتا یا وشەیەکی نزیک لە خۆی ئەویش بەشێوەیەکی کە لەگەڵ وشەدا نەگونجێت.

٢- **دژەڕۆیی:** بەرامبەرکردنی دوو وشەی دژ واتایە، کە واتایەکی نوێ دروست دەبێت.

٣- **نەگونجان:** بەرزترین پلەی بەیەکدادانی واتاییە، چونکە زۆر بەزەحمەت وەرگر پەیوەندی واتایی بۆ دەدۆزێتەوە، کە هەندێ جار ڕێککەوتن لە لێکدانەوەی دروست نابێت)) (سەعید: ٣١٩).

(دژیەک) و (دژواتا) لێک جیاوازن دژیەکەکان ئەوانەن کە ڕێکوپێک وشەکان پێچەوانەی یەکترین، وەک (تاڵ و شیرین، بەهەشت و دۆزەخ... هتد)، بەڵام دژواتاکان ئەو وشە و دەستەواژانەن، کە شاعیران هەر بە وشە دژەکان و بەجۆرێکی تر دایدەڕێژن و مانایەکی نوێتر دەبەخشێت و پێی دەوترێت (دژەڕۆیی)، کە بریتییە لە ((لە بەرامبەر کردنی دوو وشەی دژ واتا، کە واتایەکی نوێ دروست دەبێت، ئەم دژەرۆییە لەناو هونەرەکانی ڕەوابێژیدا بە(ئۆگزیمۆرون) دەناسرێت)) (عەبدوڵا: ١٥٣)، واتە لە دژەڕۆییدا دوو وشەی دژیەک، کە پێکەوە دێن دەستەواژەیەک دروست دەکەن وەک (وشکێکی تەڕ، پێکەنینی گریاناوی، ناشرینی جوان... هتد)، کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەردوو جۆرەکە نمونە وەرگرین:

**أ- دژیەک**

**جەنگ چیرۆکێکی درێژە**
**پێچەوانەی هەموو چیرۆکەکان**
**نەزانەکان لەسەرەتاوە و**
**زاناکان لە کۆتاییەوە دەیخوێننەوە (٢٠٢٠: ٥١)**

هەریەک لە وشەکانی (زانا و نەزان، سەرەتا و کۆتایی) دژیەکن و وشەی فەرهەنگین و شاعیر لە چوارچێوەی ئەم شیعرەدا پێکەوە گرێی داون، هەروەها شاعیر لە دەقێکی تردا و بەشێوەیەکی ئیجگار چڕ وشە دژ یەکەکانی یەکخستووە و دەڵێت:

**شەڕ بەردەوامە..**
**تاک تاک،**
**ئازاکان بۆ مەرگ دەگرین**
**پۆل پۆل..**
**ترسنۆکەکان**
**بۆ ژیان پێدەکەنن!؟ (٢٠٢٠: ٩١)**

شاعیر بە ئاگاییەکی تەواوەوە ئەم هەموو وشە دژبەیەکەی لەیەک شیعردا کۆکردووەتەوە و هەریەک لە وشەکانی (پۆل پۆل – تاک تاک) و (ئازا – ترسنۆک) و (مەرگ – ژیان) و (گریان – پێکەنین) دژ یەکن.

**ب- دژەڕۆیی**

هەروەها جۆرێکی تری دژواتاکان ئەو جۆرەیە، کە ئەو دوو وشە یان دەستەواژە دژەی کە شاعیر بەکاری هێناوە بەو شێوەیە و پێکەوە لە فەرهەنگی زمانەکەدا نییە، بەڵکوو شاعیر خۆی دروستی دەکات و لە ئەنجامیشدا بەو دەستەواژە نوێیە وێنەیەکی نوێ دێتەئاراوە، هەروەک لە شیعری (وڵاتەکەم)دا شاعیر دەستەواژەیەکی نوێی بەکارهێناوە، کە ئەویش (نیشتمانە ئاوارەکەم)ە تیایدا دەڵێت:

**ئای نیشتمانە ئاوارەکەم**
**لە عەزرەتت چەندین پێوەندم کۆن کرد و**
**تۆ هەر دیلی**
**ئەی نیشتمانە دیلەکەم**
**تۆ لە مەرگی شەهید دەچی**
**هەموو ڕۆژێ بە چرای بیر**
**تازەترین داستانی خۆت دەنوسی.** (٢٠٠٥: ١١٨)

ئەکرێ نیشتمان داگیر بکرێ، ئەشێ دیل بکرێ، ئەگونجێ کاول بکرێ، بەڵام هەرگیز نیشتمان ئاوارە نابێ، ئاوارەیی بۆ کاتێکە لە نیشتمان دووری، ئەدی نیشتمان خۆی چۆن لە خۆی دوور دەبێت؟ خوێنەر کاتێ ئەم دەستەواژەیە دەخوێنێتەوە توشی ڕامانێکی قوڵ دەبێت، شاعیر بەم دەستەواژە دژ بەیەکە وێنەیەکی تازەمان نیشان دەدات، یان لەم شیعرەدا دەڵێت:

**تەنیایی بەردی فێری**
**بێدەنگی کردووە**
**تەنیایی پڕە لە ژاوەژاو،**
**ئەگەر دەمی هەراشی..**
**خەیاڵ دانەخەیت.** (٢٠٢١: ٨٠)

شاعیر سەرەڕای ئەوەی تەنیایی بە مرۆڤکردووە و سیفەتی فێرکردن، کە تایبەتە بە مرۆڤ داویەتی بە تەنیایی، هەروەها تەنیایی کە نیشانەی بێدەنگییە بێدەنگییە ئەم وێنەیەکی نوێی لێدروست کردووە بەوەی (تەنیایی پڕە لە قەرەباڵغی).

**پاری دووەم: لادانی دەلالی (هێمایی، ڕەمز)**

یەکێکی تر لە بنەما گرنگەکانی لادانی واتایی ڕەمزە، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەق، ئەوەش بە بەخشینی واتا و دەلالەتی نویٚ بە شتەکان، ڕەمز ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک یا دەستەواژەیەک کە لە دووتوێی دا مەبەستێک خۆی حەشار دابێت، جگە لە واتا ڕوکەشییەکەی خۆی)) (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٦٩)، واتە بێجگە لە مانا دیار و ئاشکراکەی خۆی واتایەکی تریش دەگەیەنێت.

هەروەها(ئەرنست کاسیرەر) ١٨٧٤-١٩٤٥ لە پێناسەی ڕەمزدا دەڵێت: ((ڕەمز بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە دەچێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی دەربڕین و لێکدانەوەی تایبەت بە مرۆڤەوە، هەرورها بڕوای وایە هونەر ئاشکراکردنی واقع و گوزارشتکردنە لەم واقعە لە وێنەی ڕەمزیدا)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٦٧) لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە ڕەمز تەنها و تەنها تایبەتە بە مرۆڤ، جگە لە مرۆڤ هیچ بونەوەرێکی تر لە ڕەمزەکان ناگەن، هەر بۆیە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ڕەمز لەگەڵ ئیشارەت و نیشانە (علامە).

هەرچەندە ڕەمز و نیشانە زۆر لەیەکەوە نزیکن و زۆر جار دەچنە ناو یەک بازنەوە, بەڵام ئەم دوو چەمکە لێک جیاوازن بۆیە ئەبیٚ جیاوازی ڕەمز و نیشان یان عەلامەت بکەین، ((چونکە ڕەمز شتێکە و عەلامەت شتێکی ترە نیشان یان عەلامەت ئیشارەتێکی هەستی و حیسییە بۆ ڕوداوێک یان شتێکی ماددی, بەلام ڕەمز تەعبیر لە مانایەکی گشتی نەزانراو بە هەستی ئاشکرا، بەڵام ئاشکرا دەبیٚ بە حەدەس هەست پێکردنی مەعنەوی، عەلامەت شتێکی ئاشکرایەو ئاژەڵ و حەیوانیش زیاتر لە مرۆڤ تێی دەگات، بەڵام ڕەمز مرۆڤ نەبیٚ تێی ناگات و ناتوانێت بەکاری بێنیٚ))، (حەمەکەریم، ١٩٨٦: ١٩٩).

هەر سەبارەت بە ڕەمز و نیشانە (کارل یۆنگ) لە ڕووی وێناکردنەوە جیاوازی لە نێوان ڕەمز و نیشانەدا دەکات و ((وای دادەنا ڕەمز هەمیشە ئەو دەربڕینەیە هەڵی دەبژێرین کە باشترین وەسف یان داڕشتنێکی شیاوە بۆ حەقیقەتێکی نادیار بەشێوەیەکی ڕێژەیی, حەقیقەتێک, کە هەستی پێدەکەین و بڕوامان پێی هەیە، وێناکردنی ڕەمزی ئەوەیە کە ڕەمز لێکدەداتەوە بەو وەسفەی باشترین دارشتنی شیاوە بۆ شتێکی نادیار بەشێوەکی ڕێژەیی و ناکریٚ کە زۆر ڕوون(ئاشکرا) بێت))، (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٦٨). واتە نوسەر بۆ ئەوەی ئەزمونەکەی بەرز و هونەری بێت و جیاوازبێت لە دەقێکی ئاسایی پەنا بۆ ڕەمز دەبات، کە ئەمەش زۆرجار وەک پێوانەیەک بۆ ئاست بەرزی و لێهاتوویی شاعیر تەماشا دەکرێت.

یەکێک لە شێوە دیارەکانی لادانی واتایی لە شیعردا ڕەمزە، ئەویش کاتیٚ وشە و دەستەواژەکان بە مانای فەرهەنگی خۆیان بەکارناهێنرێن و ڕەمز و دەلالەتی نوێیان

پێدەبەخشرێت، کە پێشتر هەڵگری ئەو دەلالەتانە نەبوون، بۆیە ئەمە زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و بەرەو بیرکردنەوەی زیاتری دەبات، وە خوێنەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی پێدەگات لە ئەنجامی ئەم لێڵییە لادانیش دێت کایەوە.

((هەندێ جار لە زمانی شیعریدا دالێک دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێ مەدلولاتی لەیەکچوو بەپێی شوێنی لەناو دەقەکەدا، یان بە پێچەوانەوە مەدلولێک چەند دالێکی بۆ دادەنرێت)) (سەعید، ٢٠١٣: ٣٢٨) بۆنمونە وشەی (هەڵۆ) ڕەمزە بۆ (ئازایەتی، بەرزی، خێرایی، دڕندەیی) لە هەمان کاتدا دەکرێت (شێر) ببێتە ڕەمزی ئازایەتی و (ئاسمان) ببێتە ڕەمزی (بەرزی) و (با) ڕەمزی (خێرایی) و (گورگ) ڕەمزی (دڕندەیی) بێت.

لە شیعری کوردیدا ڕەمز هەر لەکۆنەوە بونی هەبووە و شتێکی نوێ نییە، بەڵام لە شعری نوێی کوردیدا سیماکانی بەجۆرێکی جیاوازتر و ڕوونتر ناسرا، بێشک ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو ناخۆشی و نالەبارییەی باری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی...هتد، کە لە کوردستاندا بەهۆی ڕژێمی بەعسەوە سەپێنرابوو، ئەم هونەرە یارمەتی دەرێکی باشی شاعیران بوو لە دەربڕین و گەیاندنی پەیامەکانیان بە تایبەتی پەیامە نیشتمانی و سیاسیەکان، جگە لەمەش ڕەمز جۆرێکە لە پیشاندانی توانا و سەلیقەی شاعیران لە بەکارهێنانی زمان بۆ دەربڕینی هەست و خەیاڵ و باری دەروونیان.

بەکارهێنانی ڕەمز چەند هۆکارێکی هەیە سەرەکیترین هۆکارەکان ئەمانەن:

(١- هۆکاری سیاسی: شاعیر بەهۆی بوونی سانسۆر لەسەری یان ترسی لە دەسەڵاتی سیاسی بەشێک لە دەربڕینەکانی بە ڕەمز دەردەبڕێت.

٢- هۆکاری ئیستاتیکی: شاعیر بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بەرز و هونەری بێت، بەهایەکی بەرز و ئیستاتیکی هەبێت وە بۆ دەرخستنی توانا و سەلیقەی شیعری خۆی ڕەمز بەکاردێنێت.

٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی: داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو میللەتان هەندێ جار ڕێگرە لەوەی شاعیر بە شێوەیەکی ئاشکرا باسی دیاردە تابۆکان بکات، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ڕەمز). (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٦٨)

پەیوەندی ڕەمز لەگەڵ هونەرەکانی تری وەک (خوازە و خواستن و لێکچواندن و تەمومژی واتایی) پەیوەندییەکی پتەوە، بەوەی ((بەهۆی خوازەوە ڕەمز دروست دەبێت، هەر ئەم پەیوەندییە پتەوەیە وای لە (ماریۆ پرانس) کردووە بڵێ ڕەمز و خوازە بەری دارێکن)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٠)، یان خواستن و لێکچواندن ((دوو بنەمای گرنگی ڕەمزی شیعرین، چونکە ئەو

وشەو گوزارانەی بوونەتە ڕەمز لەسەر بنەمای لێکچون، یان خواستنی وشەکە و بەکارهێنانی بۆ واتایەکی جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی وەستاوە)) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٨٠)، هەروەها ڕەمز لەگەڵ تەمومژی واتایشدا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە، چونکە هەموو ڕەمزێک بەشێک تەمومژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە ئەمەش بەهایەکی زیاتر بە دەق دەبەخشێت.

دەربارەی جۆرەکانی ڕەمزیش پۆلێن و دابەشکردنی جیاوازی بۆ کراوە، چونکە ڕەمز ((ناوەندێکی فراوانە و لە نێویدا مێژوو، زمان، ئەفسانە، کات، شوێن ...هتد بەدی دەکرێن)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٣٣٥)، لەوانە دابەشکارییەکەی زانای ئەڵمانی (کاهلیر)ە کە دوو جۆری ڕەمزی دیاریکردووە بەم شێوەیە:

((١- ڕەمزی بەرز: ئەو ڕەمزە تایبەتییانەن، کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخولقێنێ بەبێ ئەوەی نمونەی پێشینەی هەبێت {بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر}ئەمەش لەڕیگەی دۆزینەوە و دروستکردنی پەیوەندی هاوبەش و نوێ لەگەڵ بابەت یا کارێکی دیاریکراو، لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری تایبەتی شاعیر.

٢-ڕەمزی نزم (ڕەمزی چەسپاو ئاسایی و کۆنکرێتی): ئەو ڕەمزانەن کە سەرەداوێکیان لە واقعی ڕابردوودا هەیە، ئەو واقعە دیاریکراوەی کە خۆمان بەهای ڕەمزی لێوەردەگرین)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ١٤)، هەروەها ئەمانەی خوارەوە لە دیارترین جۆرەکانی ڕەمزە، کە لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێدراوە، لەوانە:

١. ڕەمزی کەسی (خودی)
٢. ڕەمزی گشتی
٣. ڕەمزی ئاینی
٤. ڕەمزی ئەفسانەیی
٥. ڕەمزی کەلەپوری
٦. ڕەمزی مێژوویی

**١-ڕەمزی کەسی (خودی):** ئەو ڕەمزەیە، کە تایبەتە بە شاعیرەکە خۆی، وشەیەک دەکاتە ڕەمز بۆ شتێک، کە زۆر جار ئەم وشەیە بەو ڕەمزە لای شاعیرێکی تر بەکارنەهاتووە، وەک شاعیر لە شیعری (مێژوو)دا دەڵێت:

**لەسەر کورسیە تەختەکەم**
**کتێبێکی قەبەی ڕەنگ زەرد**

**ناوەڕۆک ڕەنگ سور هەڵگەڕاو**
**لەبەرچاوم پاڵکەوتووە و قسە دەکا**
**جارجار توڕە وەک ڕەشەبا**
**جارجار هێمن وەک مۆسیقا**
**دەڕواو لەگەڵ خۆیدا دەمبا.** (٢٠٠٥: ١١٣-١١٤)

لێرەدا (کتێبی قەبەی ڕەنگ زەردی ناوەڕۆک سور) ڕەمزە بۆ مێژووی میللەتی کورد، هەروەها بە شێوەیەکی هونەری جوان ڕەنگی زەرد و سوری خواستووە، کە لێرەدا ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بۆ ماتی و خەمباری و ڕەنگی سور دەلالەتە بۆ خوێن و قوربانیدان، بۆیە شاعیر دەیەوێ پێمان بڵێ مێژووی میللەتی من گەورە و دوور و درێژە و پڕە لە مەرگەسات و قوربانی دان، یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**بە دەنگی بەرز**
**خیانەتەکانم ڕادەگەیەنم**
**کە ئەم دۆزەخەم**
**بە بەهەشت بۆ ئێوە**
**وەسفکرد..** (٢٠١٨: ١٧)

لەم شیعرەدا (دۆزەخ) ڕەمزە بۆ وڵات و نیشتمان، کە شاعیر سەردەمانێ وڵاتی بە بەهەشت وەسف کردووە و ئێستا لێی پەشیمانە، ئەم پەشیمان بوونەوەیەش بۆ دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات دەگەڕێتەوە و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە ئەم بەهەشتە بووە بە دۆزەخ.

٢- **ڕەمزی گشتی:** ئەو ڕەمزانەن، کە لای زۆربەی میللەتانی دونیا یەک مانا و مەبەست دەگەیەنن، وەک (کۆتری سپی ڕەمزی ئاشتییە، یان گوڵی سور ڕەمزی خۆشەویستییە)، یان لای زۆرینەی شاعیرانی نەتەوەیەک هەمان واتا دەگەیەنێت، بۆ نمونە لە کوردستان (بۆنی سێو) ڕەمزە بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە، یان (گورگ) ڕەمزە بۆ دوژمن و دڕندەیی، وەک لەم نمونانەدا شاعیر دەڵێت:

**ماڵتوس ڕاستی کرد..**
**با سەر زەوی نیوەی**
**خەڵتانی خوێن بکرێت**
**کە جیهان سەرتاپا**
**وا لەژێر کەڵبەی**

**چەند گەلە گورگێدا. (٢٠٢٠: ٨٣)**

گورگ لێرەدا ڕەمزە بۆ دوژمن و درەندەیی ئەوانەی، کە پیلانگێڕی و بەرنامەڕێژی دەکەن بۆ هەڵگیرساندنی جەنگە جیهانییەکان و خوێن ڕشتن. یان لەم شیعرەی تردا دەڵێت:

**گەلە گورگەکان برسین**
**نانی دەستی دەرۆزەکەرەکان دەڕفێنن**
**ئاوی چاوەکانیان لێڵ دەکەن**
**ئەو سرودانە دەڵێنەوە**
**کە هەڵمان ئەخەڵەتێنن بۆ جەنگ (٢٠١٨: ٢١)**

لەم شیعرەشدا دیسان گەلەگورگەکان وەک ڕەمزی دوژمن و بێبەزەیی و نەیار بەکارهاتووە، کە خەڵکی هان دەدەن بۆ جەنگ و خوێن ڕشتن.

**٣- ڕەمزی ئاینی:** بەو پێیەی کە ئاین بوارێکی فراوانە، بۆیە شاعیران بە سەرچاوەیەکی گرنگی ڕەمزی دەزانن و ڕوداو و چیرۆک و کەسایەتییە ئاینییەکان وەردەگرن و لە شیعرەکانیاندا بەکاری دەهێنن. وەک شاعیر دەڵێت:

**هەموو میدیاکانی خۆرهەڵات**
**یەک قسەمان فێردەکەن**
**نان خراپە، ئاو خراپە**
**کار خراپە، گوزەران خراپە**
**کەواتە با هەموو چاوەڕوانی**
**محەمەدی مەهدی بین (٢٠١٨: ٥٢)**

لە سەرچاوە ئاینییەکاندا (محەمەدی مەهدی) وەک فریادڕەسی ئیسلام باسکراوە، کە لەسەردەستی ئەو حوکمی ئیسلام و ئارامی و خۆشگوزەرانی دەگەڕێتەوە سەر زەوی، شاعیریش لێرەدا ئەم کەسایەتییە ئاینییەی وەک ڕەمزی گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی بەرجەستەکردووە. یان لەم دەقەی تردا دەڵێت:

**هاوسەرەکەی بۆی نوسیبوو:**
**خوشەویستی لە شەهیدبوون نەمرترە**
**بەڵام لە ناوی حەفتاودوو حۆری..**
**گیرفانی هاوسەرە جەنگاوەرەکەیدا**
**تەنیا ناوی ئەوی تێدا نەبوو (٢٠٢٠: ١٠٢)**

پیاوانی پەیڕەوکاری ئاینی ئیسلام باوەڕیان وایە، کە ئەگەر لەو دنیا بەهەشتی بن ئەوا چەندان حۆرییان دەدرێتێ، کە حۆری(پەری) ئافرەتی بەهەشتن و وەسفێکی لەڕادەبەدەری جوانی و ناسکی و سەرنجڕاکێشییان کراوە.

٤- **ڕەمزی ئەفسانەیی:** زۆرێک لە ڕووداو و پاڵەوان و کەسایەتی چیرۆکە ئەفسانەییەکان بوونەتە ڕەمزی شیعری و شاعیران بۆ فراوانکردنی ئاسۆی شیعرییان بەکاری دەهێنن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوە واتاییانەی بۆ ئەم چیرۆک و کەسایەتییانە کراوە، هەروەها ((دەوڵەمەندی جیهانی ئەفسانە بۆتە هۆی مانەوەی وەکو سەرچاوەیەکی ڕەنگین بەدەست شاعیرانی نوێخوازەوە)) (مەعروف، ٢٠٠٤: ١٤٥). عەبدولقادر سەعیدیش سودی لەم هونەرە وەرگرتووە و لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە، وەک لێرەدا دەڵێت:

**نیشتمانەکەم مەڵبەندی**
**دوو پاڵەوانی سیزیفییە**
**هەرکەسێکیان**
**تاشە بەردێک بەکێوێکدا سەربخات**
**ئەویتریان خەم دائەگرێ و**
**گرەو لەسەر خلبوونەوەی دەکات.** (٢٠١٨: ٤٠)

یان لە شیعرێێکی تردا هەر دەربارەی (سیزیف) دەڵێت:

**جیاوازی سیزیف و کرێکار ئەوەیە..**
**ئەم بە کۆڵەکەیەوە دەیەوێت**
**سەربکەوێت و بێتە خوارەوە**
**ئەو بە کۆڵەکەیەوە بێتە خوارەوە و**
**سەربکەوێتەوە.** (٢٠٢٠: ١١٦)

(سیزیف) ڕەمزە بۆ بێهودەیی و ڕەنجکێشانی بێ ئەنجام، کە لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانی وەرگیراوە، (ئەلبێرت کامۆ)ی فەڕەنسی کردویەتی بە ڕۆمانێک بە ناوی سیزیف، کە (سیزیف) کوڕی (ئۆدیب)ی پاشای یۆنان دەبێت هەر بە منداڵی لە ناو دەریادا بزر دەبێت، پاش چەند ساڵێک لە گەڕانەوەی ژن دەهێنێت دوای ئەوەی، کە منداڵیان دەبێت ئینجا دەردەکەوێت کە لەگەڵ دایکی خۆیدا هاوسەرگیری کردووە، پاشا خواوەندەکان لە سزای ئەم تاوانەشدا بەردێکی گەورە دەخەنە سەرکۆڵی و دەبێت هەموو ڕۆژێک بەو بەردە گەورەیەوە بەشاخێکدا سەرکەوێت و بێتە خوارەوە.

٥- **ڕەمزی کەلەپوری:** کەلەپور و فۆلکلۆر گەنجینەیەکی بەنرخ و دەوڵەمەندن بۆ دەستخستن و هەڵێنجانی وشە و دەستەواژەی شیعری بۆ شاعیران لە بەرجەستە کردنی ئەزمونە شیعرییەکەیدا، هەروەها ((کەلەپور پردێکی هەمیشەییە ڕابردوو بە ئێستا گرێ دەدات، چونکە کەلەپور هەمیشە ئامادەیی بوون و زیندوێتی تێدایە، ئەم خەسڵەتەش وایکردووە بابەتەکانی سنوری زەمەن و شوێن و گشت پێوانەکان ببڕن و بۆ هەموو کات و سەردەمێک بشێن)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٢٣٨). بۆ ئەم مەبەستە شاعیر سودی لە چیرۆکی شیرین و فەرهاد وەرگرتووە و دەڵێت:

**لەنێوان چیرۆکی شیرین و فەرهاد دا،**
**هەزاران خیانەت تاقیکراونەتەوە**
**کە بە شوێن عەشقدا دەگەڕان!   (٢٠٢١: ١٨٤)**

داستانی (شیرین و فەرهاد) ڕەمزی خۆشەویستی و دڵدارین، ئەم چیرۆکە لە کەلەپوری ئەدەبیاتی کوردیدا چیرۆکێکی بەناوبانگە و زۆربەی شاعیران بە شێوازی جۆراوجۆر لە دەقەکانیاندا بەکاریانهێناوە.

٦- **ڕەمزی مێژوویی:** کەسایەتی و سەرکردە و قارەمان و ڕووداوە مێژووییەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن بۆ شاعیران تا وەکو ڕەمز لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەی بکەن و سودی لێوەربگرن. بۆ ئەم هونەرە شاعیر دەڵێت:

**مەرگ بەسەرمانەوە وەک هەوری پایزی توڕە**
**هاکا**
**داکا،**
**پەڵە بە خوێنی (مای لای) و (هەڵەبجە)یەکی نوێ بدا.   (٢٠٠٥: ٢٦٧)**

(("مای لای" شارۆچکەیەکی ڤێتنامی خوارووە، لە ساڵی (١٩٨٦) دا سوپای ئەمریکا دانیشتوانەکەی قەتڵوعام کرد)) (سەعید، ٢٠٠٥: ٢٦٧) شاعیر سودی لەم ڕووداوە مێژووییە وەرگرتووە و لەگەڵ ڕوداوی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێکەڵکێشی کردووە، هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**گۆڕستانەکان چۆڵ دەبن**
**مردووەکان زیندووەکان ئاگادار دەکەنەوە**
**گۆڕستانەکان چۆڵ دەبن**
**زێوانەکان بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە**

**تەرمی بۆگەنی (میرابۆ)کان**
**لەگۆڕستانەکان دووردەخەنەوە**
**گۆڕستانەکان چۆڵ دەبن (٢٠١٨: ٣٥)**

(( "میرابۆ" وتەبێژی شۆڕشی فەڕەنسی بوو دوای مردنی دەرکەوت، کە دەستی لەگەڵ دوژمندا تێکەڵ کردبوو، بۆیە دوای سەرکەوتنی شۆڕش تەرمەکەیان لە گۆڕستانی پیاوەمەزنەکان دوورخستەوە)) (سەعید، ٢٠١٨: ٣٥)، شاعیر سودی لەم ڕووداوە مێژووییانە وەرگرتووە و بەکاریهێناون.

لەکۆتاییدا ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە، کە ئەگەر ڕاڤەکردنی بەشێک لە شیعرەکان بەمجۆرە خزمەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکان نەکات، لەبەرئەوەیە بەهۆی زۆری هەندێک لە شیعرەکانەوە تەواوی شیعرەکەمان وەرنەگرتووە و مانای شیعرەکەش لە تەواوی شیعرەکەوە بەدەستدێت، یان تەنها ئەو بەشەی شیعرەکەمان وەرگرتووە، کە لەگەڵ ئەو هونەرەدا دەگونجێت، کە ئێمە مەبەستمانە.

## ئەنجامەكان

١. لادان دەرچوون و دووركەوتنەوەیە لە زمانی باوی ڕۆژانەی خەڵك و تێكشاندنی یاسا و دەستورەكانی زمان، وە دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم زمانە بە شێوەیەكی هونەری و ئیستاتیكی، تا نوسەران و شاعیران لەم ڕێگەیەوە ئەو بیر و هەست و ئەندێشانەی، كە هەیانە بە شێوەیەكی ئەدەبیتر و سەرنجڕاكێشتر دەرییبڕن.

٢. لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا زاراوەی جۆراوجۆر بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ چەمكی لادان بەكارهێنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، كە ڕەخنەگرانی كورد هاوڕا نەبوونە لەمەڕ بەكارهێنانی تاكە زاراوەیەك، بەڵام لە توێژینەوە ئەكادیمییەكاندا زاراوەی (لادان) لە هەموویان زیاتر بەكارهاتووە و ئێمەش پێمان وایە گونجاوترین زاراوەیە.

٣. دانانی یەك پێوەری كۆنكرێتی بۆلادان كارێكی دژوار و قورسە، هۆكارەكەشی پەیوەستە بە خودی بابەتەكە خۆیی و هەموو ئەو بنەما و پێكهاتەو لایەنانەی، كە پەیوەندی پێیانەوە هەیە و ئەو ڕووبەر و پانتاییە فراوانەی، كە لادان تێیدا گوزەر دەكات، بۆیە پێوەرەكانیش لەگەڵ سەردەم و قۆناغە جیاوازەكان دەگۆڕێن و پێوەری هەر قۆناغێكی ئەدەبی تەنها بۆ ئەو قۆناغە دەشێت و بۆ قۆناغێكی تری ئەدەبی ناگونجێت.

٤. بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین لادان لە دەقە شیعرییەكانی (عەبدولقادر سەعید) بەمجۆرە پۆلێن بكەین:

**أ. لادانی پێكهاتەیی:** كە ئاستەكانی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) دەگرێتەوە، لە ڕووی كێش و سەرواوە شاعیر كێشی عەروزی عەرەبی و یەكجۆر كێشی برگەیی خۆماڵی بۆ سەرتاپای دەقێك بەكارنەهێناوە، بەڵكوو كێشی خۆماڵی بەشێوەیەكی ئازادانە و تێكەڵ بەكارهێناوە و خۆی پەیوەست نەكردووە بە كێشێكی دیاریكراوەوە، سەبارەت بە سەرواش لە هەندێك لە شیعرەكانیدا سەروای تێكەڵ دەبینرێت و لە هەندێكی تریشیاندا دەستبەرداری سەروا بووە. لە ڕووی ڕیتمەوە گرینگییەكی زۆری بەڕیتمی ناوەوە داوە، كە هەریەك لە هونەرەكانی (دووبارەكردنەوە و سەروای ناوەوە و كرتاندنی فۆنیم) دەگرێتەوە.

لە ئاستی لادانی وشەیی دا ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە زیندوو كردنەوەی هەندێ وشەی پەراوێزخراوی نێو كۆمەڵگەی كوردی و خستنەوە بەر دیدەی خوێنەری نەوەی نوێ و ئاشناكردنیان بەو وشە كۆنانە، هەروەها بەكارهێنانی چەند وشە و زاراوەیەكی بێگانە، كە لە زمانی كوردیدا وشەی هاو واتایان نییە، وەك (دیموكراسی، ئۆپێرا، سەندیكا... تاد). لە ئاستی

لادانی ڕستەییشدا بەهۆی هەریەک لە (کرتاندن و پاش و پێش خستن و بەلوتکەکردن)ەوە لادانە ڕستەییەکانی ئەنجامداوە. یەکێکی تر لەو لادانانەی لە ئاستی پێکهاتەییدا ئەنجامی داوە، لادانە لە ناونیشان، کە تێگەیشتنێکی هونەری لە جێی ناونیشانی شیعرەکە داناوە، کە پێش ئەم هیچ شاعیرێکی تری کورد ئەم شێوازەی پەیڕەو نەکردووە.

**ب. لادانی واتایی:** ئەمەش ئاستی واتاسازی دەگرێتەوە، بە خستنەڕوی نمونە شیعرییەکان و شیکردنەوەیان ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە شاعیر زۆربەی جۆرەکانی لادانی واتایی لە شعیرەکانیدا بەرجەستە کردووە، وەک هونەرەکانی (لێکچواندن و خواستن و دژیەک)، کە هەریەک لە لێکچواندن و خواستن (بەمرۆڤکردن و بەئاژەڵکردن و بەڕووەککردن و بەتەنکردن و هەستگۆڕکێ) دەگرێتەوە. شاعیر لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی لادانە واتاییەکان، بەتایبەتی لە هونەری (دژەڕۆیی)دا چەندین وێنە و دەستەواژەی نوێی بەرهەمهێناوە، وەک (نیشتمانە ئاوارەکەم، بۆنی داگیرکردن، شوشە شکاوەکانی ڕوح، ڕووتکردنەوەی ئازادی ...)، هەریەک لەم فرێزانەش لەسەر ئاستی سیمانتیک بەهۆی بەزاندنی واتایی و لادان لە کۆت و مەرجە باوەکان بەرهەمهێنراون.

**پ. لادانی دەلالی (ڕەمز):** شاعیر زۆربەی ڕەمزەکانی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە، ئەویش لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە دەلالەتە کۆنەکان و بەخشینی دەلالەتی نوێ بە دالەکان، کە بەهۆی ڕەمزی خودییەوە بەرهەمی هێناون، لە هەندێک لەو ڕەمزانەی بەکاری هێناون لە واتا و دەلالەتی ئاسایی بابەت و کەرەستە بەکارهاتووەکان دوورکەوتووەتەوە بۆ مانا و مەبەستی نوێ.

## لیستی سەرچاوەکان

### ❖ بە زمانی کوردی

- **کتێب**


١. ئەحمەد، سافیە محەمەد. (٢٠١٣)، *لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردی*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣. ئەدۆنیس. (٢٠٠٧)، *ئەفسونکاری وشەکان*، وەرگێڕانی- عەبدولموتەلیب عەبدوڵا، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٤. ئەرستۆتڵس. (٢٠٠٥)، *هونەری شیعر*، وەرگێڕانی، حەمید عەزیز، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی

٥. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (٢٠٠١)، *شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە*، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٦. ئەحمەد، پەخشان عەلی. (٢٠٠٩)، *شێوازی شیعری گۆران*، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٧. بیمار، عەبدلڕەزاق. (١٩٩٢)، *کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی*، چاپخانەی دارالحریە، بغداد.

٨. بەکر، محەمەد. (٢٠٠٤)، *پەخشانە شیعری کوردی*، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٩. بەسیر، کامل حەسەن عەزیز. (١٩٨٣)، *ڕەخنەسازی (مێژو و پەیڕەوی کردن)*، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

١٠. پیربال، فەرهاد. (٢٠٠٥)، *شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨- ١٩٥٨)*، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر.

١١. پیربال، فەرهاد. (٢٠٠٤)، *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٢. جان کۆهین، (٢٠٠٨)، *بنیاتی زمانی شیعری*، وەرگێڕانی: ئازاد عەبدلواحێد، عەلی بەرزنجی، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.

١٣. حەمەد، پەخشان سابیر. (٢٠١٠)، *ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان (١٩٧٠- ١٩٩١)*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٤. حەمەد، عەبدوڵڵا خزر. (٢٠١٨)، *دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری،* چاپی چوارەم، نوسنگەی تەفسیر، هەولێر.

١٥. حسەین، عەلی تاهر. (٢٠٠٨)، *ڕەخنەی بونیاتگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن،* چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٦. حسێن، جەبار ئەحمەد. (٢٠٠٨)، *ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)،* دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٧. چالی، شەعبان. (٢٠٠٨)، *شێوازی شیعری جزیری،* چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٨. خەزنەدار، مارف. (١٩٦٢)، *کێش و قافییە لە شیعری کوردیدا،* چاپخانەی وەفا.

١٩. دزەیی، عەبدلواحێد مشیر. (٢٠٠٩)، *وتارناسی- چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانیکی و پراگماتیکییە*، دەزگای موکریان، هەولێر.

٢٠. زامدار، مەحمود. (١٩٨١)، *لە بانێژەی شیعرەوە*، چاپخانەی ڕۆژنامەی عێراق، بەغداد.

٢١. سەعید، ناز ئەحمەد. (٢٠١٣)، *لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت*، چاپخانەی بینایی، سلێمانی

٢٢. سڵێوە، هاوژین. (٢٠٠٩)، *بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا،* سلێمانی.

٢٣. سەجادی، عەلائەدین. (١٩٧٠)، *نرخ شناسی،* چاپخانەی دارالمعارف، بغداد.

٢٤. سابیر، پەریز. (١٩٩٩)، *ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی،* دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٥. عەبدوڵڵا، ئیدریس. (٢٠٢١)، دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

٢٦. عەبدوڵڵا، ئیدریس. (٢٠١٣)، *شێوازگەری لادان،* چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢٧. عەبدوڵڵا، ئیدریس. (٢٠٠٣)، *جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا،* دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٢٨. عەبدوڵڵا، ئیدریس. (٢٠١٠-٢٠١١). *شێوازو شێوازگەری،* چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٩. عەبدوڵڵا, ئیدریس. (٢٠١٢). *جوانکاری شیعری نوێی کوردی.* چاپخانەی هێڤی. هەولێر.

٣٠. عەبدولا، عەبدلسەلام نەجمەدین. (٢٠٠٨). *شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە،* چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣١. فەتاح، محەمەد مەعروف. (٢٠١٠). *لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان*، کۆکردنەوەی، شیروان حسێن خۆشناو – شیروان میرزا. هەولێر.

٣٢. فەتاح، محەمەد مەعروف. (٢٠٠٧). *زمانی شیعری و ڕوانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی*، بۆ کۆنفرانسی زمان بەشی کوردی.

٣٣. ڕەشید، فوئاد. (٢٠٠٧)، *دەقی ئەدەبی- ئەدگار – چێژ – بەها*، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣٤. کانەبی، دلێر سادق. (٢٠٠٩). *هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد(ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیرباڵ)*. چاپخانەی خانی. دهۆک.

٣٥. کاکەی فەلاح، حەمە حمەئەمین قادر. (٢٠٢٠)، *کاروانی شیعری نوێی کوردی*، چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٣٦. کاکی، حەمەنوری عومەر. (٢٠١٢)، *شێوازی شیعری نوێی کوردی*، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٣٧. کاکی، حەمەنوری عومەر. (٢٠٢٠)، *شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣٨. کەریم، ئازاد عەبدلواحێد. (٢٠٠٧)، *تیۆری ئەدەب*، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.

٣٩. گەردی، عەزیز. (١٩٧٥). *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری)*، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

٤٠. گەردی، عەزیز. (١٩٧٩). *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)*، چاپخانەی کاکەی فەلاح، بەرگی سێیەم. سلێمانی.

٤١. گەردی، عەزیز. (١٩٧٢). *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*، چاپخانەی جاحظ، بەرگی یەکەم، بەغداد.

٤٢. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن. (٢٠٠٤)، *بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا*، ١٩٧٠-١٩٩١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٣. گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا. (٢٠١٣)، *بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕونبێژی، جوانکاری)*، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٤٤. مەلازادە، ڕێبوار محەمەد. (٢٠١٩)، *شێوازناسی لە ئەدەبدا*، دەزگای ئاوێر، هەولێر.

٤٥. محەمەد، عەبدلقادر حەمەئەمین. (٢٠٠٨)، *بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردی*، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٤٦. محەمەد، عەبدلقادر حەمەئەمین. (٢٠٠٢)، *وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا*، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٤٧. محەمەد، دڵشاد عەلی. (١٩٩٨)، *بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا*، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤٨. میرزا، ئاڤان عەلی. (٢٠١٢)، چنینی *دەق لە شیعرەکانی نالیدا*، سلێمانی.

٤٩. مەلاسالح، حەکیم. (٢٠٠٦)، *ئەنوەر مەسیفی لە سێ ئەزموونی شیعریدا*، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥٠. مەحوی، محەمەد. (٢٠٠٤)، *مۆدێلی ڕێزمانی کوردی*، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٥١. مەحوی، محەمەد. (٢٠٠١)، *ڕستەسازی کوردی*، زانکۆی سلێمانی.

٥٢. مستەفا، ئاسۆ عومەر. (٢٠٠٩)، *بەها ئیستاتیکییەکنی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران*، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥٣. مەحمود، ئازاد ئەحمەد. (٢٠١٢)، *بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥٤. مەحمود، فازیل مەجید. (٢٠٠٧)، *سروشت لە شیعری گۆراندا*، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٥٥. یەعقوبی، عەبدلخالق. (٢٠٠٥)، *دەنگی بلورینی دەق*، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

٥٦. یەعقوبی، عەبدلخالق. (٢٠٠٨)، *لە کلتورەوە بۆ ئەدەبیات*، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥٧. هۆراس. (١٩٨٠)، *هونەری شیعر*، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز، چاپخانەی الحوادث، بغداد.

- **نامەی ئەکادیمی**

٥٨. ئەحمەد، کەژاڵ حەمەئەمین. (٢٠١٠)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٥٩. ئەحمەد، سافیە محەمەد. (٢٠٠٩)، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال مەحمود، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

٦٠. ئەحمەد، هێمن عومەر. (٢٠٠٨)، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆ چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆنی) جەبار جەمال غەریب، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

٦١. سەعدون، سامان عیزەدین. (٢٠٠٦)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، زانکۆی بەغداد، نامەی ماستەر.

٦٢. عەلی، تالیب حسێن. (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پێوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی دکتۆرا.

٦٣. قادر، شێرزاد عەبدوڵا. (٢٠١٤)، لادان لە شیعری ڕەفیق سابیر، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

٦٤. قادر، خانزاد عەلی. (٢٠٠٤)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی دکتۆرا.

٦٥. مستەفا، خەلیل ئیبراهیم. (٢٠٠٩)، شیعرییەتی دەق بە نمونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

- **گۆڤار**

٦٦. حسێن، هێرش چەتۆ. تۆفیق، قەیس کاکل. (٢٠٢١)، لادانی زمانی لە نوکتەی کوردیدا نوکتەکانی شاخ بە نمونە، گۆڤاری توێژەر: بەرگی (٤)، ژمارە (١).

٦٧. دەروێش، بەکر. (٢٠٠٦)، بەراوردێک لە نێوان زمانی ئەدەب و زمانی ئاساییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٨).

٦٨. قەرەداغی، ئەکرەم. (٢٠٠٦)، زمان لە شیعری نوێدا، گۆڤاری ئاینده، سلێمانی، ژمارە (٦٥).

٦٩. محەمەد، کەژاڵ جهابەخش، برزۆ، ئومێد بەرزان، فەرەج، تریفە محەمەد. (٢٠٢٠)، لادانی واتایی لە هۆنراوەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (٧)، ژمارە(٣).

٧٠. محەمەد، دڵشاد عەلی. (٢٠٠١)، دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەسەر شاعیرانی کرمانجی خواروو پیرەمێرد، گۆران، دیلان. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٥).

٧١. مستەفا، ئاسۆ عومەر. (٢٠٢١)، ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆ شیعری (ژەنەڕاڵی خۆشەویستی) محەمەد کوردۆدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی(٨) ژمارە (١).

٧٢. مەعروف، کەمال مستەفا. (٢٠٠٤)، ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (١٤).

• فەرهەنگ

٧٣. خاڵ، شێخ محەمەد. (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧٤. شێخانی، عەبدلوەهاب. (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی، دەزگای موکریان، هەولێر.

٧٥. میراودەلی، کەمال. (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی.

٧٦. موکریانی، هەژار. (١٣٨١)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی سێیەم، چاپخانەی سروش، تاران.

٧٧. ناوخۆش، سەلام. (٢٠٠٩)، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی- کوردی)،

• دیوانە شیعر

٧٨. سەعید، عەبدولقادر. (٢٠٠٥)، ژنێ لەوپەڕی جوانیدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی

٧٩. سەعید، عەبدولقادر. (٢٠٢٠)، گوێگرتن لە بێدەنگی. چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٨٠. سەعید، عەبدولقادر. (٢٠٢١)، نیشتمان پێناکەنێت، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

٨١. سەعید، عەبدولقادر. (٢٠١٣)، شاعیرێ وێنە دەکێشێ، چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

٨٢. سەعید، عەبدولقادر. (٢٠١٨)، بەخۆکوشتنەوە سەرقاڵم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

• چاوپێکەوتن

٨٣. محەمەد، سەنگەر عەسکەر & سەعید، عەبدولقادر، شوێن: سلێمانی، بەروار: ٢٠٢٢/٤/٦.

❖ بە زمانی عەرەبی

• کتێب

٨٤. الجرجانی، عبدالقاهر عبدالرحمن. (٢٠٠٤)، دلائل الأعجاز، قرأة و علق علیه: محمود محمد شاکر، مکتبه الخانجی، طبعه (٥).

٨٥. القصیری، فیصل صالح. (٢٠٠٦)، بنیة القصیدة في عزالدین المناصرة. عمان. الاردن.

٨٦. الملائکه، نازک. (١٩٦٥)، قضایا الشعر المعاصر، مطبعه دارالتضامن، بغداد.

٨٧. المسدى، عبدالسلام. (٢٠٠٦)، الاسلوبيه والاسلوب، دارالكتاب الجديد المتحدة، طبعه(٥) ليبيا.

٨٨. بير جيرو. (١٩٩٤)، السلوبيه والاسلوب، ترجمه: منذر العياشى، المركز القومى، بيروت.

٨٩. بالمر، ئيف، ئار. (١٩٨٥)، علم الدلالة، ترجمه: مجيد عبدالحليم الماشطة، بغداد.

٩٠. جان كوهين. (١٩٨٦)، بنيه اللغه شيعربيه، ترجمه - محمد الوالى و محمد العمرى، مغرب

٩١. فضل، صلاح. (١٩٩٩)، علم الاسلوب المبادئه و اجراءاته، دارالشروق، طبعه ٢، بيروت.

٩٢. عياشي، منذر. (٢٠٠٩). الأسلوبية و تحليل الخطاب، مركز الأنماء الحضاري، دمشق.

٩٣. عوض، يوسف نور. (١٩٩٤)، نظرية النقد الادبى الحديث، دارالامين، قاهره

٩٤. ويس، أحمد محمد. (٢٠٠٥)، الأنزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، طبعة (١)، بيروت.

❖ **به زمانی فارسی**

٩٥. صفوى، كورش. (١٣٧٢)، از شناس به ادبيات، جلد اول، تهران.

٩٦. كدكنى، محمد رضا شفيعى. (١٣٧٨)، صور خيال در شعر فارسى، چاپ هفتم، نشر آگه، تهران

❖ **ئینتەرنێت**

٩٧. www. Wikipedia. org

# ABSTRACT

Our research entitled (Deviations in Abdulqadir Saeed's Poetic Texts) attempts to present all the deviations that the poet has made in his poetic texts, since the presence of deviations gives beauty and pleasure to the poetic text. The deviations play a significant role in giving aesthetics to poetry. The deviations we have mentioned in our study are in two main types: the structural deviation, which is the same as the level. phonetics, morphology and syntax), as well as semantic deviation, which includes contrast, analogy, contradictions and symbols.

Our research consists of an introduction and three chapters, the first part is theoretical and the other two parts are practical, conclusions, a list of sources and a summary of the letter in English. In the first part, the concept of deviation, the concept of deviation among Kurdish writers and critics, the criteria of deviation, and the types of deviation are discussed.

The second part is allocated to structural deviations in Abdulqadir Saeed's poetic texts, which includes deviations at the level of phonetics, vocabulary and syntax.

The third part is devoted to semantic deviation in Abdulqadir Saeed's poetic texts and is divided into two parts, symbol") includes.

# Deviations in Abdulqadir Saeed's Poetic Texts

A thesis

Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY

**Sangar Askar Mohammad**

BSc Degree in Language and Literature University of Sulaymaniyah year (2017)

Supervised by

**Prof. Dr. Fadhil Majeed Mahmud**

Gellarezan 2722 K October 2022 AD